# ڕێزمانی زاری شوان

# ڕێزمانی زاری شوان

د. رفیق محەمەد شوانی

هەولێر - ٢٠٠٩

- ڕێزمانی زاری شوان
- نووسینی: د. رفیق محەمەد شوانی
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: کاوە حسێن
- بەرگ:
- ژمارەی سپاردن: (    )
- نرخ: (    ) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٩

# ناوەرۆك


پێشەكی و روونكردنەوە.................................................... ٨
هۆزو زاری شوان لە كوێوە هاتوون؟ ..................................٩
بەشی یەكەم : رێزمانی زاری شوان ..................................١٢
پێناسەی زار ...................................................................١٣
دیاری كردن و پێناسەی زاری شوان .................................. ١٤
لێكچوونی زاری شوان و زاری كوردی باشوور ......................١٨
زتر و جیاوازی دۆخ و دەربڕین ......................................١٩
زاری شوان لە رووی دەنگناسییەوە ..................................٢١
روونكردنەوەیەك ...........................................................٢١
دەنگەكانی زاری شوان .......................................................٢٢
بزوێنی دوانە ...................................................................٢٦
دەنگە ئەلۆفۆنەدارەكان ......................................................٢٦
دەنگە گۆڕكێ لەم زارەدا .....................................................٢٧
بەشی دووەم: بەشەكانی ئاخاوتن ...........................................٣٠
گیرەكی ناوی شوێن ..........................................................٣٣
رێژەی بچووككردنەوەی ناوی تایبەت .................................٣٦
وشەو دەستەواژەی تایبەت .................................................٣٧
راناو ................................................................................٣٩
راناوی كەسی خۆیی ...........................................................٤٣
راناوی خاوەندارێتی ...........................................................٤٣
نیشانەی نەرێ ..................................................................٤٣
دەمەكانی فرمان لە زاری شوان .........................................٤٤
رێژەی فرمان ....................................................................٤٨
فرمانی ناتەواو .................................................................٤٨
فرمان لە چاوگی هەبین ...................................................٥٠
جۆرەكانی فرمان لە رووی پێكهاتنەوە ...................................٥٣

چۆنیەتی گەردانکردنی فرمانی ..........................................٥٤
چۆنیەتی گەردانکردنی دەمەکانی رابرِدووی ..............................٥٧
رێژە جیاوازەکانی فرمان لە زاری.........................................٥٩
راناوی نیشانە .................................................................٦٦
راناوی پرسیار .................................................................٦٦
ئاوەڵفرمان ...................................................................٦٧
جۆرەکانی ئاوەڵفرمان .......................................................٦٨
ئامرازە پەیوەندییە پاشکۆدارەکان ..........................................٧١
ئامرازی لێکدەر ..............................................................٧٢
ئامرازی گەیەنەر .............................................................٧٣
وشە پێکهاتن لە زاری شواندا ...............................................٧٧
جۆرەکانی گیرەك ............................................................٧٨
پاشگر لە شێوەی وشە ..........  .......................................٧٩
ناوی رەگەز لە زاری شواندا .................................................٨١
پلەکانی ئاوەڵناو .............................................................٨٢
بەشی سێیەم: رستەسازی ................................................. ٨٤
بەشە بنچینیەکانی رستە.....................................................٨٥
جۆرەکانی رستە لە رووی پێکهاتنەوە .......................................٨٦
سەرچاوە ...................................................................... ٨٩
پاشکۆی وشە   .................................................................٩١
پاشکۆی قسەی نەستەق و مەتەڵ و ئیدیەم ...............................٩٤

# پێشکەشی

پێشکەشە بەوانەی تا ئێستا بەم زارە دەدوێن و دەربەدەری و دووره مەفتەنی، زمانی دایکیانی لەبیر نەبردۆتەوە و پێی نەگۆڕیون.

rafiq.shwany@yahoo.com

# پێشەکی و ڕوونکردنەوە

ئەم باسە دەبارەی ڕێزمانی زاری شوانە، شوان هۆزێك پێكدێنی لە ناوچەی كەركوك و بە دوری (٣٠)كم دەكەوێتە باكوورییەوە، چەند دێهاتێكی گرتۆتە خۆی.

زاری شوان جیاوازە لە زار و چۆنیەتی قسەكردنی ناوچەی كەركوك و دەوروبەری، ڕێزمانی ئەم زارە لە ڕووی دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازییەوە دەچێتەوە سەر كۆمەڵەی زاری كوردی باشووری كە (لوڕی، فەیلی، لەكی، كەلهوڕی، كرمانشایی، خانەقینی، گەروسی و قرەیی) دەگرێتەوە. ئەم شێوەزارانە هەموویان لە ڕووی جوگرافی قسەكردنیانەوە، دەكەونە بەشی باشووری كوردستانی گەورەوە.

لە خانەقین و گەڕوسی ناوچەی سنەوە لەلای باكوورەوە دەست پێكدەكات ناوچەكەی شۆڕ دەبێتەوە بەرەو خواری كوردستان لە هەردوو دیوی خانەقین، مەندەلی، عەلی غەربی و عەلی شەرقی، بەدرە، زرباتیە لە دیوی ئەم دیوی واتە لای خۆرئاوا.

لە دیوەكەی تر، لای ڕۆژهەڵاتی ناوچەكە گەروس لە ڕۆژهەڵاتی شاری سنە، قوروە، كرمانشا، ئیلام، لورستان دەگرێتەوە تا دەگاتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئاوی كەنداو لەلای باشوورەوە، دەگرێتەوە. ناوچەیەكی یەكجار فراوانە سێ ئوستان و سێ پارێزگا لە ئێران و عێراق دەگرێتەوە.

شێوە زاری كوردی باشووری بەهۆی سیاسەتی كۆچپێكردنەوە لە سەدەی (١٦ز) ڕووبەڕووی ڕاگوێزان و كۆچی زۆرەملێی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لەم دیو و ئەو دیو بڵاوبوونەتەوە بە شێوەی پرش و بڵاویش لە دەرەوەی ئەو سنوورە هەن وەكو لە دێهاتی ناوچەی كەركوك و دێهاتی هەولێر وەكو لەك و كەڵوڕ و شوان و دەربەندی تەنانەت دێی كەڵوڕی نزیك كەركوك لەلای باكوورەوە، ناوچەی شوانی كێشك، دەربەندییەكانی هەر چوار دێی سێكانی، سێگرتگان، ئۆمەر گومەت و كانی لەلە كە دەكەونە باشوری ڕۆژئاوای تەقتەقی سەر بە كۆیە[1] دەكرێت پێی بوەترێ زاری دەربەندی .

نووسین و لێكۆڵینەوە دەربارەی زار و شێوەزارەكانی زمانی كوردی بێ سوود نابێت، چونكە كورد هێشتا ڕێزمانی نەتەوەیی بە تەواوی نەنووسراوەتەوە و دانەنراوە. هەروەكو چۆن فەرهەنگی نەتەوەیی نییە و هێشتا دانەنراوە.

سەرهەڵدانەوەی ئەم باسانە باس و حاڵاتی جیاواز لە زمانی كوردیمان دەردەخات لە ئاستی دەنگ و وشە و ڕستەكانیدا.

ئەم باسە لێكۆڵینەوەیەكی وەسفییە دەربارەی ڕێزمانی زاری شوان، تیایدا هەوڵدراوە بابەتەكان وەكو بەشەكانی ئاخاوتن بە تایبەتی لایەن و ڕووە جیاوازەكانی باسبكات و لەگەڵ زمانی ستانداردا بە بەراوردەوە بیخاتەڕوو، باسەكە لە شوێنی پێویستدا بەراوردی دەبێت.

پێویستە لێرەدا هێما بۆ زۆربوونی لە دیاردەی زار لە زمانی كوردیدا بكەین كە بە شێوەیەكی چڕ هەیە. هۆی چڕی زار لە زمانەكەماندا زیاتر دەچێتەوە بۆ دابڕانی بەشەكانی كوردستان لە یەكتر و سنووری دەسكردی دەسەڵاتی سیاسی سەر بە نەتەوەی دەسەڵاتدار و لە یەكتر جیاكردنەوەیان، ئەمە زیاتر بۆتە هۆی ئاڵۆزی و تەگەرەی باش لەیەكتر

---

(١) پێشتر لە چەند شوێنێكدا لە دیاری كردنی ئەو دێهاتەدا، دێی (سیكانی)م یاداشت نەكردووە دێی گۆرقەرەجی حاجی قادری شاعیریش پێدەچێت هەمان شێوە بوو بێ . ئەمانە لە باكوری كرمانشانە وە هاتوون واتە لە دەربەندی زەهاوەوە .

نەگەیشتن. هەرچەندە لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەدواوە ئەو تەگەرەیە لەم رووەوە بە پێچەوانەی پێشتر زۆر کەمتر بۆتەوە و لە یەکتر گەیشتنی نێوان رۆڵەی زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی ئاسانتر بووە.

## زارو هۆزی شوان لە کوێوە هاتوون؟

ئەمجا زاری شوانیش یەکێکە لەو چەندین زارو شێوەزارانەی میللەتەکەمان کە پێشتر هەر باسی نەکراوە، یا دەگمەن هێمای بۆ کراوە چڕی ئەو دیاردەیە دەگەیەنێت بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵە زاری کوردی باشووریدا، کە لە چەندین شێوەزار و جۆری جیاوازی قسەکردنی پێکهاتووە و دابڕانی رۆڵەی ئەم کۆمەڵە زارە لە ناوچەی زارەکانیتر، بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی جۆراوجۆری وەك سیاسی و مەزهەبییە بۆ دوورخستنەوەیان. بۆیە باسکردنی رێزمانی ئەم زارە و دیاریکردنی سنووری جوگرافی ناوچەکەی کارێکی بە سوود دەبێت بۆ رێزمانی نەتەوەیی لەلایەك و بۆ سەلماندنی کوردبوونی ئەم زارە و شێوەکانی کە ئەو سیاسەتە دیاریکراوە هەوڵی دابڕانی داوە.

دیسان جێگای خۆیەتی و بە پێی پەیوەندی بە باسەکەوە و گرێدانی ئەو زارانە بە یەکترەوە، هێما بۆ بوونی بەڵگەی مێژوویی بکەین. کە کوردبوونی زاری لوڕی دەگەیەنێت، چونکە ئەم شێوەزارانەی تر لایەنی لە یەکچوونیان وەکو زمانی کوردی لە نێوانیان روون و ئاشکرایە، ئیتر چۆن دەبێت زاری لوڕی لە کورد و زمانەکەی دابڕێت.

ئەمجا شێوە زاری شوان وەکو ئەوەی شێوە ئاخاوتنی هۆزی شوانی ناوچەی کەرکوکە. لە بنەڕەتدا ئەم هۆزی شوانە دەچێتەوە سەر هۆزی گەورەی شوانکارەی وڵاتی ماد لە بەشی باشووری ئێرانی کۆن، بەڵام پاشان بەهەر هۆیەکەوە بووە، هۆزی شوانکارەی کورد کەوتوونەتە هەرێمی فارسەوە (اقلیم فارس). ئەمجا بەهۆی زۆری و راگوێزانی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکانەوە بووە، کە لە دوای دەوڵەتی ماد دەسەڵاتی ئێرانیان گرتە دەست، یا بەهۆی قاتوقڕی کۆچبەر بوونەوە گوێزراونەتەوە بۆ هەرێمی فارس[1]. یا بەهۆی شەڕو شۆڕی نێوان داریۆشی هەخامەنشی و ئەسکەندەر بووە، یا هەندێ بنەماڵەی پاشای ئەشکانی پەرتی، خەڵکی نەهاوەند بەرەو ئەو هەرێمە کشاون[2].

ئەمجا هۆزی شوانکارە لە سەرەتای سەردەمی زایندا هۆزی کورد لە وڵاتی فارس زۆر هەبوونە و فەرمانڕەواییان دامەزراندووە و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و لە ئێرانی کۆنا تەنها دوو هۆز سەربەخۆبوون یەکێکیان شوانکارەیە و دووەمیان هەرێمی تەبریتانە، دەوری پێنج سەدە بەردەوام بووەو ئێستاش لەم سەردەمەدا وڵاتی شوانکارە هەرێمێکە کەوتۆتە نێوان فارس و کرمان و کەنداوەوە[3].

هۆزی شوان لە لورستانیش[4] هەن و لە رووی قسەکردنەوە سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورین. پاشان شوان پێدەچێت لە دوای دابەشکردنی کوردستانەوە واتە لە ساڵی ١٥١٤ز بە پەیمانی زەهاو لە ١٦٣٩ بەرەو ناوچەی کەرکوك کۆچیان کردووە و دێی (دارەمان)ی نێوان رێگای کەرکوك-هەولێر بە ناوی پایتەختەکەی پێشوویانەوە بووە کە لێوەی هاتوون بە ناوی (دار الامان)ەوە لە ناوچەی قەڵای (ئیگ)[5] کە شوێنی دەسەڵاتیان بوو.

---

(١) هەرێمی فارس بریتییە لە: کازرون، فەسا، دارای، نەیریز، ئیستەهبانات، لار، بوشەهر، شیراز، جەهروم، فەیروز ئاباد، هەرێمێکی گەورەیە و شاری شیراز ناوەندێتی. بڕوانە: موحەممەد جەمیل رۆژبەیانی، هەرێمی شوانکارەی کورد لە هەرێمی فارس و ئیسفەهان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی٨، بەغدا، ١٩٨١، ل١٦١-١٩٨.

(٢) موحەممەد جەمیل رۆژبەیانی، هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) حەمیدی ئیزەد پەناه، فەرهەنگی لەك و لوڕ، بەغدا، ١٩٧٨، ل٢٠.

(٥) محەممەد جەمیل رۆژبەیانی، بە باڵای تەئریخی جافا، گۆڤاری رۆژنبیری نوێ، ژ(١٣٧)، بەغدا، ١٩٩٦، ل١٤-١٧.

ئەردەشێر پاپك پاشای دەوڵەتی ساسانی لە هۆزی شوانکارە بووە و هۆزی شوانی ئێستا دەچنەوە سەر ئەو شوانکارەیە کە بە زارێکی تایبەتی قسە دەکەن و جیاوازە لە زار و زارەکانی تری پارێزگای کەرکوك.

# بەشی یەکەم

# ڕێزمانی زاری شوان

زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی تر، جیاوازی قسەی کردنی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری تێدایە. ئەم جیاوازییە لە زمانەوانیدا پێی دەوترێت زار (دیالێکت – لهجە)زاریش بریتییە لە لێکچوون و جیاوازی نێوان زارو زمانەکەی، واتە لێکچوونی ڕێزمانی زارو زمانەکە، لەلایەك و لایەنی جیاوازی ڕێزمانەکەیان لەلایەکی ترەوە.

واتە هەموو ڕێزمان و دەستووری زارەکە بە تەواوی جیاواز نییە لە ڕێزمان و دەستووری زمانەکە، ئەگەر بە تەواوی جیاواز بێت، ئەوا زمانێکی سەربەخۆی لێ پەیدا دەبێت و زارەکە لە زمانەکە و خەڵکی ناوچەی زارەکەش دەبنە گرووپ یارەگەز و میللەتێکی جیاواز و لە خەڵکی ناوچەکانی تری زمانەکەی کە لێی جیادەبێتەوە. لێرەدا لێکچوونی نێوانیانیش واتە نێوان زارو زمانەکە بە تەواوی لە هەموو ڕوویەکی دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازییەوە، وەکو یەك نین، لێکچوونی نێوانیان لە هەندێك ڕووی دەنگسازیی، وشەسازی و ڕستەسازییەوەیە.

بۆ نموونە هەر زارێك چەند دەنگێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەو شێوەش چەند وشەو حاڵاتی ڕێزمانی تایبەت بە خۆی لە هەرسێ ئاستی دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی هەیە، کە لە زمانەکە یا زارەکانی تردا نییە یا لە یەك دوو زار هەیە و لەوانی تردا نییە. ئەمە سروشتی پێکهاتنی زارە لە هەر زمانێکدا. بێجگە لەوەی دیاردەی گشتییان وەکو یەکە لە ئاستەکاندا.

لێرەدا پێویستە هەندێك نموونە بهێنینەوە لە ڕووی جیاوازی دەنگسازی نێوان زارو زاری تر لەگەڵ زمانی نووسیندا وەکو:

دەنگی (ڵ) لە وشەی (گوڵ) لە کەرکوك و سلێمانی، ئەم دەنگە لە شێوەزاری سۆرانیدا دەبێتە (ر) لە هەمان وشەدا (گور)، لە کرمانجیدا دەبێتە (گول)، (چاو) لە کوردی ناوەڕاستدا، لە کرمانجیدا بۆتە (چاڤ)[1].

کەم ـــ کێم (ە ← ێ)

ماردین ـــ مێردین (ا ← ێ)

لە وشەسازیشدا وەك:

سەوز لە کەرکوك و سلێمانی، کەسك لە زاری سۆرانیدا

ئێستا لە کەرکوك و سلێمانی، هەنوکە لە سۆرانی و لە کرمانجیدا دەبێتە ڤێگاڤێ ، نوکە .

## پێناسەی زار

لە فەرهەنگی زانستی زماندا بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: ڕێگایەکە خەڵك قسەی پێدەکات، بەزۆری هێمای جوگرافی یا ناوچەیی یا رۆشنبیری وەردەگرێت. بۆیە زار یا جوگرافییە یا کۆمەڵایەتییە. هەر زمانێك چەند زارێکی هەیە و هەر یەکەی تایبەتێتی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لەوانی تر لە ڕووی دەنگی یا زاراوە یا ڕێزمانی یا گەردانی و وشەسازی. زار پەرەدەسێنێت و بە درێژایی زەمان بەهۆی بایەخی جوگرافی سیاسی و رۆشنبیرییەوە دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ[2] ئەمە دیاردەیەکی گشتی نییە.

---

(١) د.رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ل٦٦.

(٢) د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظري، ل٧٣.

زار به پێی تایبەتێتی و چۆنیەتی دەربڕین کە هەیەتی بەم شێوەیەش پێناسە دەکرێت: سیستەمێکی زمانییە[1]، بە درکاندن و وشەو پێکهاتەکانی بەتایبەتی لەو زمانە جیادەبێتەوە کە لقێکە لێی تایبەت دەبێت بەوەی وەریدەگرێت لەگەڵ گۆڕانی زەمان و لقی تری وەکو زار لێ دەبێتەوەو زارەکان بەپێی ئەو ناوچانەی کە بەکاری دەهێنن و بەپێی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی کە قسەی پێدەکەن دابەشدەکرێن، هەروەها بەپێی دووری و نزیکی لەو زمانەی کە لێوەی وەرگیراوە یا بەپێی زارە نموونەییەکەوە دابەشدەکرێت.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و سیاسی لە مێژوودا دەبێتە هۆی ئەوەی زارێك لە زماندا بەرەو سەربەخۆیی بڕوات و ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، بە میللەت و زمانەوە لە زمانە بنچینەییەکەی کە لێوەی هاتووە جیاببێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر ببێتە زمانی نووسین.

لە رستەسازیشدا: نیشانەی کۆ لە کوردی باشووریدا (گەل)ە، لە کوردی ناوەڕاستدا (ان)ە.

بوونی حاڵاتی نێرو مێ لە کرمانجیدا وەکو نیشانەی (ا) بۆ مێ لە وشەی: کچا من، مالامن، بۆ نێریش دەبێتە (ێ) وەکو: کورێ من، دەستێ من بۆ خستنەسەر (اچافە) بوونی نیشانەی خستنەسەر لە کرمانجی و سۆرانیدا وەکو: زانکۆیا دهۆکێ، دەچمە ماڵێ وەکو (ێ) لەکۆتایی وشەی (دهۆك، ماڵ) و نەبوونی لە زمانی ستاندەری کوردی بەم شێوەیەیە:

زانکۆی دهۆك، دەچمە ماڵەوە، پاشکۆی وشەکە (ەوە) بۆ دووبارە کردنەویە.

ئەم کورتەیە پێویستە بۆ نیشاندانی لایەنی لە یەکچوون و جیاوازی نێوان زارو زمانەکەی دەکرێت نموونەی زۆرتر بهێنرێتەوە، بەڵام باسەکە لەو حاڵەتەدا لە سنووری خۆی دەردەچێت و دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی. ئەمە تەنها بۆ روونکردنەوەو تێگەیاندنە لە جیاوازی زارو زمان لەلایەك و لایەنی لە یەکچوونیان لە قسەکردندا.

ئەم بابەتە تەرخانە بۆ نیشاندانی رێزمانی زاری شوان کە دەچێتە ناو کۆمەڵە زاری کوردی باشووری زمانی کوردییەوە کە باشووری کوردستان دەگرێتەوە لە رووی جوگرافییەوە. لێرە بەدواوە ئەمە روونەدەکەینەوە.

## دیاری کردن و پێناسەی زاری شوان

وەکو سەرەتایەك لە دوو رووەوە ئەم زارە دەناسێنین، کە هەردووکیان پێویستە بۆ ئاشکراکردن و دیاریکردنی لە رووی:

١- سنووری زارەکە و شوێنی جوگرافی.

٢- زاری شوان سەر بە کام کۆمەڵە زاری زمانی کوردییە؟

لە خوارەوە ئەم دوو لایەنەی زارەکە روونەدەکەینەوە:

١- سنووری زارەکە و شوێنی جوگرافی: زاری شوان، زاری خەڵکێکە لە ناوچەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکوك بەکاردەهێنرێت و جیاوازە لە زاری ناوچەکانی کەرکوك و تەنانەت هەر لە ناوچەی شوان خۆی زارێکی تری جیاواز لەم زارە هەیە کە وەکو خەڵکی کەرکوك و سلێمانی قسە دەکەن بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە.

شوێنی ئەم زارە دەکەوێتە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوك[2] بە دووری ٣١کم، سنوورەکەی لای رۆژهەڵاتی ناوچەی قەلاسێوکەی سەر بە ئاغجەلەرە، لە باکوورەوە شارۆچکەی تەقتەق و دیهاتەکانێتی کە شێخ بزێنیە، لە خۆرئاواوە، هەندێك دێهاتی شێخ بزێنیە هەندێکی لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی شوانە و هی تری سەر بە تەقتەقە، لەلای باشوور و باشووری رۆژئاواوە ناوچەی سالەیی سەر بە پردێ و شاری کەرکوکە. مەڵبەندی ناوچەکە دێی رێدارە کە لەسەر رێگای نێوان کەرکوك-کۆیە کەوتووە.

---

(١) د.رمزی منیر بعلبکی، معجم المصطلحات اللغوية، انگليزی-عربی، لبنان، ١٩٩٠، ل١٤.

(٢) د.رەفیق شوانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژ(٤)، ل٣٥-٤٧.

له رووی جوگرافییەوە شوان دەکەوێتە نێوان هێڵی (٤٤-٤٥) درێژی و نێوان هێڵی پانی (٣٥-٣٦)ەوە[١].

ناوچەی شوان لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە مەڵبەندی ناحیەی لێ بووە.

٢- زاری شوان سەر بە کام کۆمەڵە زاری زمانی کوردییە؟

شێوەزاری شوان کە شێوەیەکی تایبەتی پێکدێنی، جیاوازە لە زارو شێوە زارەکانی تری زمانی کوردی، لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی دیاردەی لێکچوون و جیاوازی نێوان زارو زمان، زاری شوان لەناو زمانی کوردیدا لە رووی دەنگسازی، وشەسازی و رستەسازییەوە دەچێتە سەر کۆمەڵە زاری کوردی باشووری، چونکە لایەنی لەیەکچوونی لە رووی ئاستە جیاوازەکانەوە لەبیربچێت کە لە هەندێك رووی زمانەوانییەوە، لایەنی جیاوازیش لەگەڵ ئەم کۆمەڵە زارەدا دەگرێتە خۆی.

ئەم حاڵەتە لایەنی لە یەکچوونی جیاوازی نێوان زارو شێوە زار لەلایەك و لە نێوان زارو زاری تر یا لە نێوان زار و زمانەکەدا هەیە و لە رووی زانستی زمانەوە ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت و ئاساییە.

هۆی نزیکایەتی شێوەزاری شوان لەگەڵ کۆمەڵە زاری کوردی باشووری زمانی کوردیدا لە خوارەوە بە نموونەوە دەردەخەین:

بوونی دەنگی (م) لە هەردوو زاری کوردی باشووری و شواندا ئەگەر پێشی بزوێنی (ی) بێت دەگۆڕێت بە (و) یا بە پێچەوانەوە لە هەردوو زارەکەدا، نموونە:

---

(١) جمعة خورشيد، الاطلس الشامل، ط١، بغداد، ١٩٨٧، ص٦٢.

| | زمانی ستاندەی | کوردی باشووری بە گشتی | زاری شوان |
|---|---|---|---|
| و ــ م | نیو | نیم | نیم |
| ۆ ــ وێ، و | جۆ، تۆ | جوێ، تو | جوێ، تو |
| و ــ ف | جوت | جفت[1] | جفت |
| و ــ وی | شو | شوی | شوی |
| وێ ــ وی | خوێن، نوێ | خوین/خون، نو | خوین، نو |
| وو ــ وی | دوور، ژوور، زوو | دویر، ژویر، زوی | دویــــر، ژویــــر، زوی، کویڕ(کووڕ) |
| ێ ــ ی | ئێمە، ئێوە | ئیمە، ئیوە | ئیمە، ئیوە |

لە رووی وشەسازیشەوە، نموونەی جۆراوجۆری وشەی لە یەکچوو، هـاو واتـا هـەن و لـە ئاخـاوتنی زاری شـوان و کـوردی باشووریدا بەکاردەهێنرێن.

نموونە:

| کوردی ستاندەر | زاری شوان | کوردی باشووری |
|---|---|---|
| جەواڵ، گونیە | جواڵ، گونیە | جوواڵ، گونی (ع جەلیلیان: ٥٧٦)[2] |
| چەقۆ | چەقو | چەقو |
| چەقێنراو | چەقیاگ | چقیاگ، چۆقیاگ (ع جەلیلیان: ٢١٤) |
| ژوور | حوجرە، ژویر، هۆدە | حوجرە |
| دەوەن، دار | درخت، دار | دار |
| ژان، ئێش | دەرد، ژان، ئێش | دەرد، ژان |
| گەورە | درشت، هەراش | درشت |
| دەزگر | دەسگر | دەستگر |
| تەپاڵە | سەرگین | سەرگین (عەباس جەلیلیان، ل٤٢٠) |
| دوژمن | دژمن | دوژمن |
| شێت | دێوانە/شێت | دیوانە/شێت |
| خەوتن | خەفتن | خەفتن (ع جلیلیان: ٢٧٥) |
| هەڕشتە | هەڕشتە | رشتە |
| رەنگدار | رەنگین | رەنگدار |
| رۆشن | روشن | رووشن |
| رۆشنایی | روشنایی، روناکایی | روشنای |
| تکەتك | چکەچك | چکەچك (ع جەلیلیان: ٢١٤) |
| زبر | زبر | زەور |

(١) دکتر غلام حسین کریمی دوستان، کردی ایلامی، بروسی گویشی بدره، سنندج، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠، ل١٦٦.

(٢) عەباس جەلیلیان، فەرهەنگی باشوور، کوردی-کوردی-فارسی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٧٦.

| | | |
|---|---|---|
| زستان | زمستان/جستان | زمسان |
| کوتاڵ | کویتاڵ | |
| دووپشك، دووپشکه | دوپیشتك، دوپیشك | دوپیشتەکی |
| دۆشین | دووشین | دووشین |
| دەروێش | دەورێش/ دەروێش | دەورش |
| درۆزن | درووزن | درووزن |
| بەلامك | بەلامك | بلامك (دەکرێتە ناودەم کاروبەرخ تا دایکی ئەمژیت). |
| دڵ ئێشه | دڵێشه | دڵ ئیشی |
| قەیسی | زەردەلوی | زەردالو |

ئەم نموونانە دەری دەخات و دەیسەلمێنێ کە زاری شوان و کۆمەڵە زاری کوردی باشووری وشە و یەك دوو دەنگی بزوێنیان وەکو یەکن یا زۆر لە یەکترەوە نزیکن، جارێك هەندێك نموونەی وشەکان مەگەر لە بواری دەنگدا ئەویش زۆر بە کەمی ئەگینا وەکو یەکن.

## لێکچوونی زاری شوان و زاری کوردی باشووری

لە خوارەوە بە نموونەوە چۆنیەتی گەردانکردنی فرمانی لە هەردوو زارەکەدا نیشان دەدەین، تا بە هۆیانەوە لایەنی لێکچوون و جیاوازییان دەرکەوێت.

| فرمان له شێوەزاری شوان | جۆری فرمان | فرمان له زاری کوردی باشووری |
|---|---|---|
| وینم - دەبینم | رانەبردوو | وینەم راستێکەی (وینم)ە گۆڕیویانە[1] |
| بۆرە – وەرە | داخوازی | بورە |
| دیتم – دیم | رابردوو | دیدم |
| وەتم – وتم | رابردوو | گوفتەم |
| تو ترسی – تۆ دەترسیت | رانەبردوو | تو ترسی |
| گەرنیای - ئەگەر نایەی | رانەبردووی نەرێ | گەر نائی |
| بڕشنە - بڕێژن | داخوازی بۆ کۆ | وریژن |
| نەناڵم - نەناڵم | رانەبردووی نەرێ | نناڵم، نەناڵم |
| بگەڕم - بگەڕێم | رانەبردووی مەرجی | بنگرم، بنگەڕم |
| بوین – ببینە | داخوازی بۆ تاك | بوین، بوینە |
| ویشم - دەڵێم | رانەبردوو | ێژم، یەژم |
| نێزانی - نازانی/ت | رانەبردووی نەرێ | نزانی |
| نەشکیاگ ، نەشکست – نەشکاو | رانەبردووی نەرێ | نشکست، نەشکست |

(١) دێی وا هەیە لە شێوەزاری (شوان (وینم) بەکاردەهێنن وەکو دێی سمایل بەگی، ئەمە لەلای بەساڵاچووەکانیاندا.

## زار و جیاوازی دۆخ و دەربڕین

زار بریتییە لە جیاوازی قسەکردن بۆیە جیاوازی دەنگ و دەربڕینی تێدایە ئەمجا چ زمان و چ زار و شێوەزار لە ژمارەیەك دەنگی تایبەت بە خۆیان پێکدێت. بەهۆی لێکدانی ئەم دەنگانەوە قسەکردن ئەنجام دەدرێت، هەر زمانێك لە بوونی دەنگەکانیدا تایبەتێتی خۆی هەیە و بەهۆیەوە جیادەبێتەوە چ زمان لە زمانی تر و چ زار لە زارو شێوەزاری تر.

هەر زمان و زارێك لە دەربڕینی دەنگەکانیدا لەلایەن زمانزان و ئاخێوەری زمانی نەتەوەکەوە دەناسرێنەوە.

لێرەدا مەبەست لە چۆنیەتی دەربڕینی هەر دەنگێك یا چەند دەنگێك لەلایەن خەڵکی ئەو زمان و زارو شێوەزارەوەیە، کە مۆرکی پێوە دەگرێت و پێی دەناسرێتەوە کە خەڵکی کوێیە یا خەڵکی کام ناوچەی شێوە زارە؟ بۆ نموونە دەنگی (ل) لامی قەڵەوی ناوچەی موکریان تا ناوچەی مەرگەو پشدەر و بگرە تارانیەش لە ناو وشەدا جیاواز لە هەمان دەنگی (ڵ) لامی قەڵەو کە لە سلێمانی و کەرکووك دەردەبڕێت. هەروا بۆ نموونە وەك لە وشەکانی: دەڵێم/ ئەڵێم، گوڵاڵە، بەڵگە، دەڵگە، قەڵادزێ ...هتد.

درکاندنی دەنگی (س) لە ناوچەی موکریان دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، جیاواز لە هەمان دەنگ لەناو وشەدا لە ناوچەکانی تر، وەك:

دەنگی (س) لە وشەی (سەلاح) جیاوازە لە دەربڕینی هەمان دەنگ لە ناوچەی تردا. لە یەکەمدا سوك و ناسکە، لە ناوچەی تر ئەم سوکییەی نییە. دەنگی (چ)، (س) لە ناوچەی سۆران بەتایبەتی هەولێر جیاوازە لە دەربڕیندا وەك لە ناوچەی تر بەشێوەیەکی قەڵەو یا فیشاری دەنگی لەسەرە وەك:

چوسوانم لە جیاتی چوزانم یا لە وشە (سە) واتە سەگدا (ج) لە (جەلال) و (جمیل) دا.

دەربڕینی دەنگی (ك) لە ناوچەی کەرکوکدا بەتایبەتی لە وشەکانی وەك:

کەرکویك، کویڕ (کوڕ) ك ← ک

سەکوی (سەگۆ) ك ← ک ئەلۆفۆنی دەنگی (ك)ە

دەنگی (ش) وەك لە وشەی: شوی (شو)

(ج): جوی (جولەکە)

دەنگی (گ) لە هەورامیدا لە وشەکانی (گیپە، گیا، گیان، ...) جیاوازە لە دەربڕین وەك لە ناوچەکانی تر.

دەنگە دیاریکراوەکانی نموونەکانی سەرەوە لەگەڵ دەنگە بنەڕەتییەکانی زمانی کوردیدا ئەلۆفۆنیان (هاودەنگ) پەیداکردووە ئەم نموونەیەکی بچووکی پەیدابوونی زارو شێوەزار لە زماندا.

ئەم دیاردەیە لە دەربڕیندا وەکو دەسەڵاتێکی یاسای ڕێزمانیgovernment grammer حوکم دەکات بە دیاری کردنی قسەکردنی ناوچەیەك کە سەر بەکام زمان و کۆمەڵە زارە. لەم ڕووەوە شێوە زاری ناوچەی شوان دەچێتەوە سەر کۆمەڵە زاری کوردی باشووری زمانی کوردی کە لەم شێوانەی وەك: لوڕی، فەیلی، کەلۆڕی، کرماشانی، لەکی، خانەقینی، گەرووسی کە دەکەونە باشووری کوردستانی گەورەوە وەك بوونی دەیان و سەدان وشەی وەك یەك و دۆخی ڕێزمانی جیاجیا وەك بۆ نموونە:

١- نیشانەی کۆ لەم زارەدا بریتییە لە (گەل) وەك: کوڕگەل، سەگەل - کچگەل-کچەل

هەرچەندە نیشانەکانی تری دۆخی کۆی (ان، ات، هات، ها ...) کە لە زمانی ستاندەری کوردی زارو شێوە زارەکانی تردا هەیە و لێرەش بەڵام بە کەمی و بە کاریگەری دەوروبەر لە ئاخاوتندا بەکاردێت وەك:

مەڕو ماڵات

میوەهات

باخات/ باخ و باخات

سەوزەوات ـ ەوات

٢- بوونی نیشانەی بانگ کردنی (ە) بۆ تاکی نێر لە زاری شوان و کۆمەڵە زاری کوردی باشووریدا وەك: مامە، خاڵە، کاکە، هەندێك جار بۆ خۆشەویستی دەربڕین بۆ کەسانی تەمەن بچووك: کاکۆ بەکاردێت و بەبێ مەبەستیش هەندێك جار (خاڵۆ) بەبێ مەبەست دەبێتە (خاڵو) بە (و)ی کورت.

ئەگەر وشەکانی تاکی نێر بە بزوێن کۆتایی بێن هەروەکو خۆیان بەکاردەهێنرێن نیشانەی (ە)ی بانگ کردن لە بەرامبەر بزوێنی وشەکاندا دەرناکەون وەك: ئاموزا، برازا، میمکزا ...

ی: بۆ بانگکردنی تاکی مێ وەك: میمی بۆ خوشکی دایك و باوك و ئافرەتی تەمەن گەورە.

ێ: بۆ بانگکردنی تاکی مێ وەك: کچێ بەگشتی بۆ ئافرەتە. هەندێك وشەش هەن مێن کەچی وەکو نیشانەی نێر بەکاردێن وەك: تاتە یا تاتك بۆ ئافرەتی گەنج یا خوشکی گەورە بەرانبەر (کاکە) دەگرێتەوە بۆ برای گەورەو بەگشتیش بەکاردێت.

ینە: بۆ کۆی نێرو مێ بەکاردێت لە بانگکردندا: کوڕینە، کچینە، خزمینە، ژنینە[1]

٣- نەبوونی ئامرازی پەیوەندی لە بەستنی کەرەسەکانی گرێدا، وەك: ماڵ برام، شارکەرکویك، ژن چاك، پیاو خراپ لە جیاتی: ماڵی برام، شاری کەرکوك، ژنی چاك ... هتد.

نەبوونی ئەم جۆرە بۆ دۆخی خستنەسەر لە زمانی نووسینی کوردی.

ئەگەر گرێ ناوییەکە بۆ دەرخستنی چەشن و جۆری شتێکی ماتەری (مادە) بێت هەنگوسیلەی ئاڵتوین، مەسینەی نایلۆن، کفتەی ساوەر.

## زاری شوان لە رووی دەنگناسییەوە[2] (فۆنۆلۆجی)

دەنگناسی (فۆنۆلۆجی): زانستێکە باس لە چۆنیەتی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو لە رووی چۆنیەتی و شێوەی دەربڕین و ئاوازی قسەکردن دەکات.

چۆنیەتی قسەکردن و دەربڕین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و تەنانەت لە زارێکی زمانەوە بۆ ئەویتر جیاوازە و هەر زمانێك دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو تایبەتێتی دەربڕینە لە زمان و زاری زمانێکی تر جیای دەکاتەوە.

### رونکردنەوەیەك

بنەمای هەر زمانێك دەنگەکانێتی کە بەهۆیەوە وشەکانی زمانەکە بەپێی سیستەمی بەکارهێنانیەوە پێکدێت. بۆیە دەنگ بچووکترین کەرەسەی زمانی قسەکردنە و لە نووسیندا بەهۆی هێمای تایبەتییەوە دیاری کراون و دەناسرێنەوە کە بریتییە لە پیت بە بچووکترین پارچەی نووسین دادەنرێن. مەرج نییە هەر زمانێك ئەلف و بێی تایبەت بەخۆی هەبێت

---

(١) د.رەفیق شوانی، ٢٠٠١، ل١٨٦.

(٢) دەنگناسی: فۆنۆلۆجی، دەنگسازی: بۆ فۆنەتیك بەکارهێنانیان گونجاوە.

و لەلایەن زانایانی زمانی نەتەوەکەوە دانرابێت، لە هەموو دنیادا چەند ئەلف و بێیەك هەیە وەك ئەلف و بێی یا پیتی بزماری، ڕێنوسی هیروگلیفی، پیتی ئارامی، پیتی لاتینی، پیتی سلاڤی و سریلیك، پیتی زمانی چینی و گریکی، ئەلف و بێی زمانی عەرەبی و ...هتد. ژمارەی ئەلف و بێیەکان دیاری کراون و لەلایەن زانای زمانی میللەتانی تر ەوە بە دەسکارییەوە ئەم ئەلف و بێی زمانی عارەبی دەسکاری کراوەو بۆ نووسینی زمانی تر بەکارهێنراوە. وەك لەلای کورد، فارس، تورك (سەردەمی عوسمانلی)، هیندی و پاکستانی هەریەك لەم میللەتانە بەپێی یا نزیك لە دەربڕینی زمانەکەی خۆیان پیتە عەرەبییەکانیان کە ئەلف و بێی تایبەتی زمانی عەرەبییە دەسکاری کردووەو بەهۆی خاڵ و هێمای تایبەتەوە گونجاندووە بۆ نووسینی زمانەکەی خۆیان. بۆ نموونە لە زمانی عارەبیدا دەنگی (پ) نییە و دەنگی (ب) هەیە لە کوردیدا گۆڕانیان بەسەر ئەم دەنگی (ب) هێناوەو بە دانانی سێ خاڵ کراوەتە (پ) کە دەنگێکی تایبەتە بە زمانی و دەربڕینی کوردی بە هەمان شێوەش دەنگەکانی (چ، گ، ڤ، ڕ، ژ، ڵ، ێ، ۆ، وو، ...) لە دەنگی (ج، ك، ف، ر، ز، ل ...)ی ئەلف و بێی عارەبییەوە داناوەو دەسکارییان کردووەو ڕێنوس تایبەت بە زمانەکەی خۆیان داناوە.

دانانی ڕێنوسی یا بوونی ڕێنوسی بۆ هەر زمانێك کارێکی گرنگ و زانستییە، زمانی هەر نەتەوەیەك ڕێنوسی یا ئەلف و بێی نەبێت، ئەوا ئەو زمان و میللەتە بوونی دیار نییە و درەنگ بێ یا زوو ئەنجامی لەناوچوون و فەوتانە، یا لەناو نەتەوەی پێشکەوتووی خاوەن شارستانیەت و ڕێنوس و ئەلف و بێدا دەتوێتەوە. بۆیە دەبینین و لە مێژووی چ کۆن و چ نوێشدا، لە هەندێك وڵاتدا نەتەوەی باڵادەست و خاوەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتە زمانی خۆی و ڕێنوسی دەچەسپێنێت و بەهۆی یاساوە زمان و ڕێنوسی میللەتی بچووك یا ژێر دەسەڵات قەدەغە دەکات. لەم ڕووەوە وتراوە گەر بتەوێت میللەتێك لاواز بکەیت یا نەمێنی، ڕێنووسی زمانەکەی قەدەغە بکە، ئەوا وردە وردە ئەو میللەتە بەرەو لاوازی و دیارنەبوون و گومڕایی هەنگاو دەنێت و پاشان نامێنێت و دەفەوتێت و لەناو میللەتە باڵادەستە خاوەن دەسەڵاتەکەدا دەتوێتەوە. لە مێژووی کۆندا دەیان نموونەی وا هەیە وەکو توانەوەی میللەتانی گۆتی، کاسی، ئۆرارتۆیی، خالێدی، سۆمەری لەناو نەتەوەی گەورەی مادا و سۆمەریش لەناو عارەبدا تواونەتەوە. یا میللەتی هیندییە سوورەکان لە وڵاتی ئەمەریکادا.

بۆیە پێویستە لەسەر زانایانی هەر میللەتێك و میللەتیش بەگشتی پارێزگاری لە زمان و ڕێنوسی خۆیان بکەن و بەکاری بهێنن، ئەمەش دەبێتە پاراستنیان. بەپێی ئەم دیاردەیەش بەکارهێنانی دوو ڕێنووسی جیاواز یا دوو زاری جیاواز لە نووسیندا لەلایەن یەك میللەتەوە وردە وردە بەرەو دوورکەوتنەوەیان دەبات لە یەکتر. پاشان دەبنە دوو میللەتی جیاواز، چونکە ئاگایان لە یەکتر نابێت و نەوەی ئایندەشیان لە ڕابردوویان دادەبڕێت، دەکرێت بڵێین بەهۆی قەدەغە کردنی ئەلف و بێی عارەبی دەسکاری کراو لە لایەن تورکیای نوێوە بە فەرمانی ئەتاتورك و چەسپاندنی ڕێنوسی لاتینی، نەوەی تورکی نوێ ئاگایان لە ڕابرۆدووی خۆیان کە سەردەمی عوسمانلییە نییە، چونکە بە هەزاران نووسراو و دانراو و کتێبیان بە ئەلف و بێیەك هەیە کە لاتینی نییە لە پێشتردا تۆزیان لەسەر نیشتووەو بێ سوود ماوەتەوە.

مەبەست لەم دەربڕینە پێویستە ئێمەی کورد ئاگاداری زمان و ڕێنوسی خۆمان بین و بەرەو پێشەوەی بەرین، تا لەناو نەچین و لەناو چەندین نەتەوەی دەسەڵاتداری وەك تورك، فارس و عەرەب و هیتر نەتوێینەوە.

## دەنگەکانی زاری شوان

دەنگەکانی وەکو دەنگی زارەکانی تری زمانی کوردی لە دەنگی بزوێن، نەبزوێن و نیمچە بزوێن پێکهاتووەو لەناو ئەو دەنگانەدا دەنگ و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە.

١- دەنگە بزوێنەکان: ئەو دەنگانەن کە لە دەربڕیندا بە ئاسانی دەردەبڕێن و لە ماوەی دەربڕینیاندا لە ڕێگای ئەندامانی ئاخاوتنەوە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك نایەتە ڕێگایان. ئەم دەنگانە هەن: (ە، ا، و، ۆ (زۆر بە کەمی هەیە)، وو، وێ، وی، ی، ێ[1]، بزرۆکە (ا) بزوێن لە زمان و زارەکانی کوردیدا لە سەرەتای وشەو بڕگەوە نایەت. نموونە لەناو وشەدا:

١- ە: دەرد، کەفتم، وەتم.

٢- ا: خودا، سەرا، کانی سارد. ئەم دەنگە هەندێك جار دەگۆڕێت بە دەنگی (ێ) وەکو: ژمارە ــ ژمێرە.

٣- و: کول، گوڵ، قوڕ.

٤- ۆ ـــ و: ئەم دەنگە نییە یان کەمە، لەم زارەدا و دەگۆڕێت بە (و)ی کورت، وەکو: مۆرد ـــ مورد، بۆر ـــ بور (ڕەنگ)، (رۆژ). یا لە هەندێك نموونەدا دەگۆڕێت بە دەنگی واوی درێژ (وو) وەکو: زۆر ــ زوور، لە هەندێك وشەی تردا دەگۆڕێ بە (وی) وەکو: ڕۆن ـــ ڕوین.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەنگی (ۆ) دەگۆڕێت بە (و، وو، وی) کەچی لە هەندێك وشەی زارەکەدا دەرەکەوێت و بەکاردێت: خۆر، ئیمڕۆ، دشۆم، نۆك، شۆك[2]، چۆك (هۆی بوونی لەم جۆرە وشانەدا ئەوەیە کە ئەمانە وشەی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و زارەن.

٥- (وو): ئەم دەنگە لە زاری شواندا زۆر دەگمەنە و دەگۆڕێت و دەبێتە (وی) وەکو: دوور ـــ دویر، شووـــ شوی، ژوور ـــ ژویر یا ژوێر (لێرەدا بۆتە (وێ))

مووسل، مویسڵ یا میسڵ، مەحموودـ مەحمید ــ موی ــ می.

بەڕوو ــ بەڕوی، زوو ـــ زوی[3]، جوو ـــ جوی.

(وو): بە کەمی لەم جۆرە وشانەشدا دەردەکەوێت: دوو، بووك لە هەندێك وشەشدا دەنگی (وو) دەبێتە (وێ):

سوور ــ سوێر، (سویر)یش دەوترێت، چوین

وو ـــ ی: بوون ـــ بین، پووز ـــ پیز[4]. ئەمە نموونەی گۆڕانی دەنگی واوی درێژە لە زارەکەدا بەرانبەر زمانی نووسین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە خوارەوە نموونەی وشەی تایبەت بەخۆی هەیە.

٦- وێ: سوێر واتە سوور بۆ ڕەنگ.

٧- وی: خوین، شوین، واتە (شیوەن)، ئەسکوی، روی (ڕوو)، کویتاڵ.

٨- ی: هەنجیر، شیر، وازی.

٩- ێ: دێ، ڕێ، جێ، هێش، هێلکە، هێواش، هێڵاش.

١٠- (i) بزرۆکە: دخۆم، دشۆم، ژن.

٢- نیمچە بزوێن:

ئەم دوو دەنگە نیمچە بزوێنن وەکو: (و، ی) کە پێشتر نموونەمان بۆ هێنایەوە. وەك: .

١- و: وازی، بەور، داو.

٢- ی: یار، شایی، کایە، دەی.

---

(١) د.ڕەفیق شوانی، چەند بابەتێکی ڕێزمان و زمانی کوردی، ل٢٨٤-٢٨٥.

(٢) شۆك: جۆرە نەخۆشییەکە لە گەنم و دەغڵ و دان و دەدات لە بەهاری زۆر باراندا ڕەنگی ڕەشە .

(٣) زوی: لە هەندێك شوێنی ناوچەکەدا (زی)یش بەکاردێت وەکو هێشتا زییە، ئێستا بەکارنایەت.

(٤) د.ڕەفیق شوانی: چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ل٢٨٧.

٣- نەبزوێنەکان : دەنگەکان ئەمانەن و هەریەکەی بەپێی بوونیان نموونەیان بۆ دەهێنینەوە، وەك لە سەرەتاو، کۆتایی و ناوەڕاستەوە، لە هەر شوێنێکی وشەدا نەبوو نیشانەی پرسیار (؟) دادەنێین. نموونە و دەنگەکان:

٣- و (هەمزە): ئەیرە (ئێرە)، ئاسیاو، ؟، نەو (لە ناوەڕاستی وشەی کوردییەوە نایەت).

٤- ب: بەو، بەیخەندین، زۆراب.

٥- پ: پینگە ( پونگە ) ، پەرپوت، تەپ.

٦- ت: تاتك، پەتك، تورت.

٧- ج: جاجگ، جون (جونکردن تصنیف)، جاجم، گەوج.

٨- چ: چرادان، هەڵقاچین، پر.

٩- ح: حەور (گۆمی قول)، حەتحەتۆتە (جۆری ملوانکە) ، پەح.

١٠- خ: خۆر، خۆیشك، قۆخ.

١١- د: دوێت، کادان، دادو بێداد.

١٢- ز : زاخێڕ ، زەردگ .

١٣- ڕ: ڕێدار، گڕدار، کویڕ (کوڕ).

١٤- ر: دار، کرم، کار.

١٥- ژ: ژویژگ (ژوژگ)، روژ، پێژمەرگە.

١٦- س: سەلك، ئاسیاو، کاس.

١٧- ش: شەوە، شاکانی (حەسودی)، کش.

١٨- ع: عاسمان، بێعار، باع (دەنگی بزن).

١٩- غ: غاردان، بوغە، قوغ (کوخ ژوور یاکەپری دروستکراو لە قامیش) واتە کوخ .

٢٠- ف: فەریك، بەفر، پف.

٢١- ڤ: ڤرە، گڤە، گیڤ.

٢٢- ق: قاقڕ (عەردی خراپ)، قاقز، لەق. قوینە ( تەمەڵ و بێ خێر ) .

٢٣- ك: کەمچك (کەوچك)، چاکردنەوە، ڕك، کرك (دەنگ)، کویتاڵ.

٢٤- گ: گەندە، گاشە، گورگ.

٢٥- ل: لاڵ، کلك، پەل.

٢٦- ڵ: ؟، گەواڵە، گڵ.

٢٧- م: میمك، مامر، نەرم، کرم، درم.

٢٨- ن: نەردەوان، دانان، نان، چان (لە جیاتی جەنجەرە لە دارو پوش دروستدەکرێ).

٢٩- - ه، هەردە، هەراش، مەهانە، ؟.

لێرەدا دەردەکەوێت کە (٣٨) دەنگ بە بزوێن و نەبزوێنەوە لە زاری شوانی سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشووری زمانی کوردی هەیە. واتە (٩) بزوێن و (٣٨) نەبزوێن بە هەردوو نیمچە بزوێنی (و، ی)یەوە.

دەنگەکانی ئەم زارە هەندێکیان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە دێن هی تریان هەیە تەنها لە سەرەتاو کۆتاییەوە دێن هەیانە لە ناوەڕاست و کۆتاییەوە دێن.

تێبینی دەربارەی دەنگی (و) لە سەرەتاو کۆتایی وشەوە دێت وەکو: ئارد، ئەز، ئیمە، لەناوەڕاستەوە نایەت ئەمەش تایبەتێتییەکی ئەم دەنگەی زمانی کوردییە، لە کۆتاییەوە وەکو: نەو.

دەنگی (و) فۆنیمە[1] وەك: ئەو، شەو، نەو

نەو ــــ نەو

نەبزوێنی لێکدراو: لە ناو نەبزوێنەکانی زمانی کوردی و زاری شوان یەك دوو دەنگی نەبزوێنی وەکو (نگ، j) هەیە وەکو یەك دەنگ دەردەبڕێن و لە دەنگێك دەچن، نموونە: دەنگ، رەنگ rej، Dej، چنگ Cij.

دەنگی نیمچە بزوێنی (و) لەم زارەدا ئەگەر بکەوێتە دوای بزوێنەوە لە هەندێك وشەدا بەزۆری دەگۆڕێت بە دەنگی (ف) وەکو:

مزگەوت ــــ مزگەفت، حەوت ــــ حەفت، چەوت ــــ چەفت.

## بزوێنی دوانە (بزوێنە لێکدراوەکان)

مەبەست لەو بزوێنانەن کە لە دەربڕینـدا پێکەوە دێـن و کـەرت ناکرێت و ناپچڕێت و پێکەوە هەردووکیان ئاوازێك پێکدەهێنن لە دەربڕیندا. وەك:

١- او: دەستاو، تالاو، شالاو، پاراو

داو، باو، راو، خاو، قاو[2]، جاو، ناو

٢- ەو:کەو، رەو، شەو، حەو.

٣- وی: خوین، شوین (شیوەن، جوین (جون-پۆل)، هەنگوین، شوی، ئەسکوی (ئەسکوی چێشت تێکردن).

٤- وێ: وێران، شوێن، نوێژ.

٥- ەی: دەی، کەی، حەی، وەی، سەی (وەکو بڵێی سەیری وانییە، پێدەچێ کورتکراوەی (سەیر) بێت)

٦- ۆی: هۆی، دۆیها.

٧- ای: ئای، های، چای، وای.

لە فەرهەنگی زمانەوانی و سەرچاوە دەنگناسییەکاندا (فۆنۆلۆجی) بزوێنی دووانە (diphthong)، بەم جۆرە پێناسە کراوە: دەنگێکە لە دوو دەنگی بزوێنی سادە یا لە بزوێنێکی سادەو نیمچە بزوێنێك لە یەکەیەك بەدوای یەکدا هاتوون وەکو لە زمانی ئینگلیزی: /aw/ لە وشەی cow، /ow/ لە boat، /uw/ لە boot، /iy/ لە seat، /ey/ لە bait، بزوێنی دوولا ئەشێ نزم بێت یا بەرز بێت[3].

## دەنگە ئەلۆفۆنە دارەکان

(١) د.رەفیق شوانی، (ء) هەمزە دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، پاشکۆی عێراقی رۆشنبیری، ژمارە (٣٤٣) ١٩٩٥.

(٢) قاو: لەجیاتی چەرخ بابەتێك بەکاردێت بەهۆی ئەستێ و بەردەوە دەخرێتە نێوانیانەوەو بە لێکدانی ئەستێ و بەردەکە قاوەکە کە لە داری زۆر وشك بەکاردێت دەسوتێت و جگەرەی پێ دادەگیرسێنن.

(٣)د. محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري، ل٧٥.

لە شێوەزاری شواندا هەروەك لە زمانی نووسیندا، هەندێك دەنگ لە ئەنجامی كاری دەنگی دەوروبەر و نزیكیەوە، چۆنیەتی دەربڕینی دەگۆڕێت بێ ئەوەی كار لە گۆڕینی واتای وشەكە بكات، ئەمەش پێی دەوترێت هاودەنگی ئەلۆفۆن. وەك:

دەنگی (ك) گەر لە دوایەوە دەنگی (ی، ێ، وی، وێ) دەگۆڕێت بەڵام لە نووسینی كوردی بە ئەلف و بێی عارەبی دەرناكەوێت، بەڵام لێرەدا هێمای (ڪ) بۆ شێوەی گۆڕانەكە لە نووسیندا دیاری دەكەین، تا بتوانین جیاوازی لە نێوان دەنگی (ك) و (ڪ) كە دووەمیان ئەلۆفۆنی یەكەمە بكەین، نموونە:

كا ـــ ك

كی ـــ ك ئەلۆفۆنی دەنگی یەكەمە كە (ك)ە.

كویر ك

گوێ گ هەردووكیان ئەلۆفۆنی هەردوو دەنگی (ك) و (گ)ن.

ه هەرد خ داخ، داغ

ع عەرد غ خەم، غەم

ئەو دەنگانەی كە لەم زارەدا ئەلۆفۆن پەیدا دەكەن ئەمانەن: ك، گ، ه، ع، غ، خ.

## دەنگە گۆڕكێ لەم زارەدا

دەنگە گۆڕكێ دیاردەیەكی ئاسایی و هەستپێكراوە لە زمانەوانیدا، بەهۆی كردەی ئاخاوتنەوە ڕوودەدات و هەست پێدەكرێت. دەنگە گۆڕكێ جۆری جیاوازی هەیە وەكو لێكچوون، گۆڕین، گونجان، بێجگە لە گۆڕینی دەنگ بە دەنگی تر لە زارە جیاوازەكانی زمانی كوردی و لەم زارەشدا بەهۆی بوونی هەندێك دەنگ و نەبوونییەوە ڕوودەدات.

لێكچوونی دەنگ لە دەنگێكی تر كە سازگەیان نزیك یەكتر بن و شوێنی یەكتر دەگرنەوە بەبێ ئەوەی كار لە گۆڕینی وتای وشە بكەن ئەمەش هەر گۆڕانی دەنگییە، نموونە:

ێ ـــ ا: ما ـــ مێ، پا ـــ پێ، نێزانم ـــ نازانم.

ن ـــ م: بەرامبەر ـــ بەرانبەر (م ـــ ن)، كەرامباوگاوك ـــ كەرانباوگاوك.

ف ـــ و: حەفت، مزگەفت ـــ حەوت، مزگەوت (ف ـــ و)

ێ ـــ ی: پارشیم، نیم ـــ پارشێو، نیو (م ـــ و)

م ـــ و: كەمچك ـــ كەوچك.

ح ـــ ه: حەرەكە ـــ هەرەكە، حەق ـــ هەق.

ئـ ـــ ع: ئاسمان ـــ عاسمان.

گۆڕینی دەنگ لە دەنگی تر بەهۆی قورسایی دەربڕینەوە، لە ئەنجامی كۆبوونەوەی دوو دەنگی وەكو یەك لە وشەیەكدا یەكێكیان دەگۆڕێت، نموونە:

پاش شێو ـــ پارشێو لەم زارەدا بەمجۆرەیە:

پاش شیم ـــ پارشیم: گۆڕینی (ش)ی یەكەم بۆ (ر) لە ئەنجامی كۆبوونەوەی هەردوو دەنگی (ش) كە قورسە لە سەر زار.

زستان ـــ جستان لە ئەنجامی كۆبوونەوەی دوو دەنگی نزیك لە یەكتر وەكو (ز) و (س).

یەگكرتنی دەنگ: كۆبوونەوە دوو دەنگی وەكو بەدوای یەكدا كە هەمان دەنگن لەبەر ئەوەی هەمان شێوەو هەمان دەربڕینی هەیە دەبن بە یەك وەكو: پاككردنەوە ـــ پاكردنەوە.

تێچوونی دەنگ لە ئەنجامی هاتنی هەمان دەنگ لە شوێنێكی تری وشەكەدا بەهۆی قورسایی دەربڕینەوە دووەمیان تێدەچێت وەكو: دار بەدەم ـــ لە (دار بەردەم)ەوە هاتووە، ناوی شوێنە.

پەیدابوونی دەنگ لە زاری شواند لە نێوان دوو دەنگی نزیك یەکتر وەکو دەنگی ئاوازەدار (voiced) و دەنگێکی کپ (voiceless) بۆ ئاسانی دەربڕین وەکو (م) لە نێوان (ز) و (س) لە وشەی زستان دەبێتە زمستان: زستان ـــــ زمستان

گۆڕینی دەنگ بەدەنگی تر بەهۆی کپی و ئاوازەدارییەوە، دەنگی کپ لە بەرانبەر ئاوازەداردا تێدەچێت: پێشمەرگە ـــــ پێژمەرگە

دەستگر ـــــ دەزگر

دەستگیران ـــــ دەزگیران

دەسبێن ـــــ دەزبێن (شوان کە دەخەوێت پەتێك دەکاتە مل مەڕێك بۆ ئاگاهێنانەوەی لە مەترسی گورگ)

یا تێچوونی دەنگی ئاوازەدار لە بەرانبەر دەنگی کپدا وەکو تێچوونی دەنگی (د) لە بەرانبەر دەنگی کپی (ك): سارکردنەوە ـــــ ساردکردنەوە

گۆڕینی دەنگ لە سەرەتای وشەوە بەدەنگی تر بێ گۆڕانی واتا:

ئاوڕ ـــــ هاوڕ

عەرد ـــــ هەرد

ورچ ـــــ هورچ، حورچ (بە شوانی دەڵێین: ویشی حورچ یا ورچ بن حەلەقە، ئەوەندە حێلە) .

# بەشی دووەم

## بەشەکانی ئاخاوتن

## بەشەکانی ئاخاوتن

بەشە ئاخاوتن لە زماندا دەکرێت بوترێت بەگشتی وەکو یەکن، یا لە زار و لە زمانی کوردیشدا بەشەکانی ئاخاوتن بریتین لە: ناو، جێناو، ئاوەڵناو، فرمان، ئاوەڵفرمان، ئامراز و جۆرەکانی (ئامرازی لێکدان و بەستان و جۆرەکانی) و (ئامرازی نیازداری) و جۆرەکانی.

لێرەدا کە باس لە بەشە ئاخاوتن لەم زارە دەکەین مەبەست زیاتر لە نیشاندانی رووی جیاوازی دۆخەکانیانە کە جیاوازە لەگەڵ زمانی ستاندەری کوردیدا (زاری کوردی ناوەڕاست).

لە خوارەوە بەشەکانی ئاخاوتن یەك یەك ڕووندەکەینەوە، بەزۆری لە شوێنی پێویست و مەبەست بەم زارە لەسەری رادەوستین.

١- ناو: بەشێکی ئاخاوتنە بۆ ناونان و پێناسە و دیاری کردنی بەکاردێن وەك: کەس، شوێن، شت، گیاندار...

دۆخەکانی ناو: مەبەست لە دۆخ و ئەو حاڵەت و بەکارهێنانەیە کە لە بەکارهێناندا تایبەتێتی ئەم زارە نیشان دەدات لە دۆخی ناسراوی، نەناسراوی، تاك و کۆ، خستنەسەر (اچافە)، بچووككردنەوە...

دۆخی ناوی کۆ: ناوی کۆ لە زاری شواندا نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە و بەهۆی نیشانەی ((گەل))ەوە لە تاکەوە دەکرێتە کۆ: براگەل، برایەل، خانگەل (خانووەکان) کچگەل، کوڕگەل، پیاوگەل، ژنگەل، مێگەل، بزنگەل، گاگەل، کەرگەل بۆ سوکبوونەوەو کورت کردنەوەش دەبێتە کچێل، کچەل، کوڕێل، کوڕەڵ، پیاوەل، سەگەل. ئەگەر ناو بە بزوێن کۆتایی بێت لەم زارەدا نیشانەکە کورت دەبێتەوە بۆ (یەل)، (ەل) وەکو: مامۆستایەل، ڕێوی یەل (ڕێویەل)، مانگایەل.

ەل

ئەلۆمۆرفەکانی گەل

ێل

لەم نموونانەدا نیشانەك بەهۆی بوونی پیتی بزوێنی سەرناوەکانەوە یا بۆ سوکبوونەوە لە (گەل)ەوە بۆتە (یەل) پەیدابوونی نیمچە بزوێنی (ی)یەوە دەبێتە (ەل) وەکو: مانگایەل بۆ سوکبوونەوەش وەکو: کوڕەل، کچێل/کچەل، سەگەل.

نیشانەی تریش بۆ کۆ لەم زارەدا وەکو (ات) و شێوەکانی تری (هات، ەوات) بەکاردێت وەکو: ماڵات، مەڕو ماڵات، دێهات، سەوزەوات. نیشانەی (ها)ش هەیە، وەکو: ساڵەهای ساڵە، شەوەها...

لە پاڵ ئەم جۆرە بەکارهێنانەوەش بە کاریگەری زاری ناوچەی کەرکوك و زمانی ستاندەر زۆر بە کەمی نیشانەی (ان)یش بەکاردێت لەگەڵ ناوی کات: بوهاران ، زمستانان ، خەرمانان. ئەویش لەم ساڵانەی ئەم دواییەدا و بەتایبەتی دوای روخانی دێهاتی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٨٨ و راگوێزانیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان. دەکرێت بوترێت نیشانەی (گەل) لە ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەکە لە کورتی دا و لەلای گەنجان هەر نەماو لەلای خەڵکە بە تەمەن و بەساڵاچووەکان نەبێت ماوەتەوە، بەڵام ئەم دۆخە لە شێوە زارەکانی تری کۆمەڵە زاری کوردی باشووری وەکو: خانەقینی، کرمانشایی، لەکی و کەلوری و گەروسی و فەیلی بەکاردەهێنرێت و لە کوردستانی رۆژهەڵات بەکارهێنانی زۆرترە.

ناوی نەناسراو: ناوێکە بۆ دۆخی نەناسراوی بەکاردێت، لە زاری ناوەڕاستدا دوو شێوەی هەیە وەك (ێك)، (یەك) لەم زارەدا نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە وەکو (یك) لەم نموونانەدا: کوڕیك[1]، کچیك، پیاویك، منداڵیك، گوڵیك، داریك، چاویك ...هتد.

---

(١) لە زاری ئیلامی (یك) بەکاردێت بڕوانە: دکتر غلام حسینی، کردی ایلامی، سنندج، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠، ل٤٤.

**جیاوازی نیشانەکە لەگەڵ زمانی ستاندەرا بریتییە لە نەبوونی نیشانەی (٧) لەسەر دەنگی (ی) کە لەوێدا بەشێوەی (ێك) بەکاردێت.**

**ئەگەر ناوەکە بە بزوێنیش کۆتایی هاتبێت هەر هەمان شتە چونکە (ی) نیشانەکە لە نموونەکان دیارە نەبزوێنە وەکو: (ا، ی) مامۆستا ــ مامۆستایك، برایك، رێویك[1].**

**(ە) پارە ــ پارەیك، کێویك (ئاژەڵی کێوی).**

**(وی) کەندوی (کەندوو) ــ کەندویك (لە قوڕ دروست دەکرێ لەلاێدا بەکاردێت و وەکو بەرمیلە و شتی تێدەکرێ.**

**ناوی ناسراوی: لە زاری شواندا ناسراوی بە نیشانەی (ەکە) پێکدێت وەکو: گوڵ ــ گوڵەکە، کچەکە، منداڵەکە.**

**لە پاڵ (ەکە)ەوەش لەم زارەدا جێناوی نیشانە بۆ ناسراوی بەکاردێت وەکو: ئەی منداڵە، ئەی خزمانە، ئەو کوڕە.**

**- ئەی منداڵە جوانە.**

**- ئەیە چۆیە؟ ئەمە چۆنە؟**

**- ئەیانە خزم ئیمەن.**

**لە حاڵەت و دۆخی کۆدا دەوترێت:**

**- ئەی منداڵ گەلە بۆ وانێکەن (ئەم منداڵانە بۆ وادەکەن)**

**- ئەم بزنگەلە هی کییە (ئەم بزنانە هی کێیە).**

**ناوی بچوککراوە: دۆخی بچووك کردنەوە هەندێك مۆرفیمی بەند لە شێوەی پاشگر دەچنە سەر وشە بەتایبەتی لەم زارەدا بەهۆی ناو و ئاوەڵناو چ بۆ خۆشەویستی چ بۆ نزمی نیشانەی تایبەت بەم دۆخەوە پێکدەهێنرێت وەکو نیشانەی (ۆك، چە، لە، یل، ەڵە، نڵە، ە، ۆڵە، ۆڵێ، یلە.**

**ۆك: برایمۆك، خدرۆك، (ۆك: دەخرێتە دوای هەموو ناوێکی تایبەتی بۆ کەس).**

**ۆك: وەکو ناوی گشتی و ناوی بکەر و ئاوەڵناو: تیرۆك، چاوچنۆك.**

**چە: باخچە، هەتیمچە.**

**لە: برالە، جوگەلە.**

**ە: سەرە، شەفە، حەمە، سمە.**

**یل: گودیل، خریل، دەوترێ حەمە گودیل**

**یلە: کاریلە، بەردیلە، خڕیلە، مچیلە (بەکرە مچیلە ناوی شوێنە کورتکراوەی مستەفایە)**

**ەڵە: گۆزەڵە، خڕکەڵە.**

**لە هەندێك نموونە و وشەدا لەم نیشانانە دەوری پاشگری وشە داڕێژ دەبینن و داڕێـژراو دروستدەکەن وەکو: سەرۆك، خڕۆك، نەشمیل... هتد.**

**ەلە: بیچکەلە، ۆڵە: ڵێ: ۆڵە: خوشکۆڵە، گرمۆڵە، پرزۆڵە خوشکۆڵێ.**

**ئەم رێژەیەی سەرەوە دەکرێت بڵێین تایبەتە بە زمانی ستاندەری کوردی و لە زارەکانی تریش بەکاردێت. بەڵام لە زاری شوان و بگرە زاری تریش ئەم رێژانەی هەیە.**

**ب- لە حەموو+ئاوەڵناوی پلەی بەراورد وەك: لە حەموو ئازاتر ئەم رێژە لە زارەکەدا لە رێژەکانی تر باوترە لە بەکارهێناندا.**

---

(١) لە وشەی ناوی نەناسراوی (رێویك) هەردوو دەنگی (ی) وشەکە و نیشانەکە لەبەر ئەوەی هاوشێوەن و بە هەمان شێوەش دەردەبڕین دەبنە یەك و پێویستە بە یەك /ی/ بنوسرێت.

ئاوەڵناو ئەگەر نیشانەی دۆخی ناسراوی و نەناسراوی وەربگرێت وەکو ناو بەکاردێت، بۆ نەناسراوی دەبێتە تاکی دیاری نەکراو بەهۆی (یك) نەناسراوی:

گەورەیك ـــ گەورەیەك

جوانیك ـــ جوانێك

چاکیك ـــ چاکێك

پارەیك ـــ پارەیەك

بۆ ناسراوی ئەگەر نیشانەی (ەکە) بچێتە سەر ئاوەڵناوەکە دەیکاتە ناو یا وەکو ناو بەکاردێت.

گەورەکە

جوانەکە

چاکەکە

بۆ دۆخی کۆی ناسراویش (ان) وەردەگرێت، نموونە:

گەورەکان، جوانەکان، چاکەکان

ئاوەڵناو بەهۆی ئاوەڵفرمانی رادەوە رادەکەی دیاری دەکرێت وەك: کەمیك جوان، گەلیك جوان

## گیرەکی ناوی شوێن

ئەو ناوانەن کە لەم زارەدا تایبەتن بۆ ناوی شوێن بەشێوەی جۆراوجۆر سادە، داڕێژراو، لێکدراو هەن. ئەو پاشگرانەی کە بۆ شوێنن وەکو: گە/گا، ستان، ەن، ین، ی، ایی، ەوە، وو، ێن.

گە: بەندگە، مولگە، سەرگە، پەڕگە، کێڵگە، جوگە، جوگەلە.

ستان: دارستان، قەبرستان.

ەن: قۆپەن، سووتەن، ڕووتەن، ڕەقەن.

ین: بژوین، سورکین، زەردکین، قەرەقاجین.

ایی: بەرزایی، بڵندایی، ئاوایی، چولایی.

مەڵان: زیخمەڵان.

ەوە: خوارەوە، بنەوە.

وو: دەروو.

ەڵان: قەمیشەڵان، بەردەڵان، کەندەڵان.

ێن: کرین، چەقێن.

ان: کوڵان.

انە: کولانە.

گ: خانگ، کوانگ (کان-کوان)

## ناوە سادەکان بۆ شوێن

مۆڵ، هۆڵ، چۆڵ، رەوەز، لودە (شوێنی هەڵگرتنی کا)، کانی، کارێز، بیر.

شوقەلەت: بوفیە و چامخانەی ئێستایە لە قوڕ دەکرا و لە کۆتایی ژووری ناو ماڵ سەرەکەشی دەکرایە هەرزاڵە بۆ پێخەف هەلگرتن.

هەرزاڵە: شوێنی پێخەف هەلگرتن، دەستووری ئێستایە بۆ پێخەف دانان.

سەکوی: شوێنی دانیشتن وەکو تەختەی شانۆیە بە قوڕ دروستکراوە.

پەچە: شوێنی خەوتنی ئاژەڵی مەڕو بزن (پەچە مەڕ).

کاتە: شوێنی کارو بەرخ لەوەڕاندن.

زاخێڕ: زیخمەڵان، زیخاوی دەغڵ و دان باش ناهێنیٚ.

گۆڕ: شوێنێکی چاڵ عەردێکە لە ناوەڕاستەوە نزم بێت.

## ناوی شوێنی لێکدراو

خوێڕێز[1]، حەوشەمەڕ، کادان

سارداو، هۆڵەمەڕ، ئاگردان

جێ خەرمان، داینجاغ

بەرهەیوان، بەربێڵایی، بەربەڕۆچکە

سەرکاتی، سەربان، بنبان، سەرشۆرك (حمام)

## ناوی ئامێر و ئامراز

لەم زارەدا ناوی تایبەت بەو کەرەسەو ئامرازانەی کە بۆ بەڕێوەبردن و ئاسانکردن و راپەڕاندنی ئیش و کاری ماڵ بەکاردێت، هەن وەکو:

نەردەوان ــ قاڵدرمە، نەردەوان

گوندش ــ شوژن، چرادان، لالە

دلیوان ــ دیلوان، دەرزی گەورە

قەڵەم تاش ــ قەڵەمدادان، قەڵەمدادەر.

سورگی ــ لاستیك (بۆ سڕینەوەی نووسین)

داربێرە: بێریکەر لەسەری دادەنیشێت لە بێرەکردندا، داردەس.

کلۆم ــ کێلون.

کۆڵە پشت ــ سورگی دەرگا، پشتیوان

ئەسکوی ــ ئەسکو، ئەسکوێ

چای پاڵوو ــ چاپاڵ

پڵاو پاڵو ــ پڵاو پاڵێو

لاپیتە، بێڵەقان، نەقیزە، خەپە، شەغرە، دەسەدوم، مژان.

گاوس، مەشکە ــ بۆ ژەندنی دۆ لە پێستی مەڕو بزنە، گاوس گەورەترە لە مەشکە.

کوندە ــ بۆ هەڵگرتنی ئاو و ساردکردنەوەی لە پێستی بزنی رەشە.

هیزە ــ بۆ پاراستنی رۆنە هەروەکو مەشکە وایە.

کەندوی ــ وەکو یەخچاڵە لە قوڕ دروستکراوە بۆ هەڵگرتنی ئاردە و دانەوێڵەیە.

کۆل ــ ئامرازێکە بۆ مەڕو بزن و ئاژەڵ ئاودان شێوەیەکی لاکێشەیی و پانی کەم و قوڵە ئاوی لە بیرەوە تێدەکرێت.

قەرتاڵە ــ وەکو سەبەتەیە بە قامیش دروستکراوە.

سەبەتە

هەستان

چەقو، کێرت

کە تایبەتن بە زارەکە یا زاری تر بۆ نموونە وەك لە سۆرانیشدا:

---

(١) شوێنی خوێدانی ئاژەڵی مەرو بزن، خوێی لێ دەرێژرێت بەڕیزەوە.

## ڕێژەکانی بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی

أ- ڕێژەیەکی ناوی بچووککراوە هەیە، بە کورتکردنەوەی ناو ئەویش بە وەرگرتنی بڕگەی یەکەمی ناوەکە و زیادکردنی پاشگری (ە) بۆ سەری و فڕێدانی بڕگەی لای دواوەی وشەکە یا دەکرێت بڵێین فڕێدانی بڕگەی دووەمی وشەکە پێکدێت، نموونە:

سمایل ـــ سمە

برایم ـــ بلە

نادر ـــ نالە

خەلیل ـــ خەلە

ئەحمەد ـــ ئەحە

پیرۆز ـــ پزە، هەمین ـــ هەمە، هێتەر ـــ هەتە

خەجیج ـــ خەجە

عزیز ـــ عەزە

محێدین ـــ محە

فەتاح ـــ فەتە، عەبدوڵڵا ـــ عەبە، سەبری ـــ سەبە.

ب- ڕێژەیەکی تری ناوی بچووککراوە لەم زارەدا هەیە، ئەویش بەهۆی زیادکردنی نیشانەی بچووککردنەوەی (ۆك) بۆ سەر ناوەکە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی لادان یا دەسکاری ناوەکە بکرێت، وەك:

ناو + ۆك= حەمەدۆك، هێتەر ـــ ۆك= هێتەرۆك، ئامینۆك، سەمەدۆك، جەلالۆك، برایمۆك، سمایلۆك، کەریمۆك، ئایشۆك، هەمینۆك، مەلەکۆك، جەمیلۆك...هتد.

ئاوەڵناوی تایبەت : وەکو وشەی فەرهەنگی لەم زارەدا هەیە و جیاوازە لە زاری کوردی ناوەڕاست، کە زمانی نووسینە.

| | |
|---|---|
| سەخت، عاسی | سەخت |
| حێل | گەورە، زل |
| لەڕ | لاواز |
| قەوی | ئەستوور |
| هەراش | گەورە |
| گردەڵە | خریلە |
| گرگن | نابوت، بچکۆڵە |
| گچکە، بیچکە | بچووك |
| چرویك | چروك |

جیاوازی ناوی ڕەنگەکان، کە وشەی خۆی هەیە لە بەرانبەر چەند وشەیەکی زاری ناوەڕاستدا وەکو:

| | |
|---|---|
| کەوو | شین |
| چەرمك، چەرمی | سپی |
| تەنك و تیواڵ | سوك، تەنك |

## وشه و دەستەواژەی تایبەت بە زارەکە

هەر کەسە یا شوێن و ناوچەیەك وشه و دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە و لەمەوە ئاخاوتنی جیاواز پێکدێت و ئەم نموونانە دەبێتە مۆرکی ناسینەوەی خەڵك و زاری ئەو شوێن و شێوەزارە. زاری شوانیش ئەم دیاردەو وشه و دەستەواژانەی هەیە:

| | |
|---|---|
| چول و حول | چۆڵ و هۆڵ |
| سەرو پەچك | سەرو چاو |
| سەرو بیچم | دەم و چاو |
| ئاهو نوزیلە | ئاهو ناڵە |
| ماڵ باوان | ماڵە باوان |
| کرکاو کرك | پڕاو پڕ، لەمسەر بۆ ئەو سەر، سەراوسەر |
| شەوە رەشە | |
| دێمەکار | شوێنێکە دێم، دێمی، پشتاو. |
| دەستەودایەرە | |
| دەردەژە | دەردەدار، دەرداوی |
| سارەزوی | بەیانی زوو، سبەینێ زوو |
| گردەواری | گردبوونەوە، تەبایی |
| سەروبن | سەرو ژێر |
| زاوزێ | زگ و زا |
| شەواژوو | مەر لەوەڕاندن بە شەو |
| شەو بەکێ | بردنە دەرەوەی مەڕ بە شەو |
| هاچە | دەرەوەی گۆشەی دیوار وەکو هاچەی مزگەوتەکە |
| پاین | کۆتایی |
| حوجرە | ژوور |
| داینجاغ | شوێنێکی بەرز لە ناوەندی یا نزیك کۆتایی ژوور بە ژووری ماڵ دەکاتە دوو بەشەوە |
| ئەسپایی، بە ئەسپایی | لەسەرخۆ، هێدی هێدی |
| شاکانی | حەسودی |

# راناو

راناو: بەشێکی ئاخاوتنە، جێگای ناو دەگرێتەوە لە قسەکردندا یا هەر جێناوێك سەرچاوەی ناوە، هەچەند راناو شوێنی ناو دەگرێتەوەو دەورەکانی وەردەگرێت بەلام ناتوانێت نیشانە تایبەتییەکانی ناو بۆ تاك، کۆ، ناسراوی و نەناسراوی وەرناگرێت هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جێناو بە پێچەوانەی ناوی گشتییەوە کە ئەو نیشانانە وەردەگرن خۆیان دیاری کراون بۆیە ئەو نیشانانە وەرناگرن.

جێناوی کەسی لە زاری شواندا ئەم جۆرانەی هەیە:

١-راناوی کەسی سەربەخۆ.

٢-راناوی کەسی لکاو.

٣-راناوی کەسی خۆیی.

٤-راناوی کەسی نادیار.

٥-راناوی نیشانە.

٦-راناوی پرس (پرسیار)

## ١-جێناوی کەسی سەربەخۆ:

جێناوەکان ئەوانەی کە لە زمانی ستاندەری کوردیدا نیشانەی (٧) وەردەگرن لەسەر دەنگی (ی، و) وەکو: (تۆ، ئێوە، ئێمە) لە زاری شواندا ئەو نیشانەیە وەرناگرن جێناوەکانی ئەمانەن:

من (من) ـــ ئیمە (ئێمە)

تو (تۆ) ـــ ئیوە (ئێوە)

ئەو/ ئەوی (ئەو) ـــ ئەوان (ئەوان)

٢- **جێناوی کەسی لکاو**: ئەو جێناوانەن لە شێوەی مۆرفیمی بەندن، لە ئاخاوتندا شوێنی راناوە کەسییە سەربەخۆکان دەگرنەوە. تا نەلکێن بە وشەوە ناتوانن دەوری خۆیان ببینن. دوو جۆرن:

أ- **جێناوی کەسی لکاو کۆمەڵەی یەکەم**[1]: ئەوانەن کە لەم زارەدا تەنها لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا بۆ خاوەندارێتی بەکار دەهێنرێن، وەکو ئەم راناوانە:

م: راناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ ناو ئاوەڵناودا دێت.

ت: راناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك لەگەڵ ناو ئاوەڵناودا دێت.

ی: راناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ ناو ئاوەڵناودا دێت.

مان: بۆ کەسی یەکەمی کۆیە.

تان: بۆ کەسی دووەمی کۆیە.

یان: بۆ کەسی سێیەمی کۆیە.

نموونە لەگەڵ ناودا:

م      مان

ت   دار  تان

ی      یان

لەگەڵ ئاوەڵناودا:

چاکم ـــ چاکمان

چاکت ـــ چاکتان

چاکی ـــ چاکیان

ئەم کۆمەڵەیە لە زمانی ستاندەرا لەگەڵ فرمانی تێپەڕیشدا دێت، کەچی لە زاری شواندا ئەم بەکارهێنانەی نییە، ئەمەش تایبەتێتییەکی ئەم زارەیە لە شێوە زارەکانی کۆمەڵە زاری کوردی باشووریدا دەبینرێت، کە تەواو پێچەوانەی یەکترن. لە شوێنی خۆیدا پیشانی دەدەین.

ب- جێناوی کەسی لکاو کۆمەڵەی دووەم: ئەم کۆمەڵە راناوە لکاوەی زاری شوان بێجگەلە لە ناو و ئاوەڵناو لەگەڵ فرمانی رابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ و هەروەها لەگەڵ رانەبردووی تێنەپەڕو تێپەڕ بەکاردێت.

راناوەکان:

م: کەسی یەکەمی تاك ـــ ین: کەسی یەکەمی کۆ

یت: کەسی دووەمی تاك ـــ ن: کەسی دووەمی کۆ

وگ: کەسی سێیەمی تاك ـــ ن: کەسی سێیەمی کۆ

نموونە لەگەڵ ناودا :

من جفتیارم – ئێمە جفتیارین

تو جفتیاری (یت) – ئیوە جفتیارن

---

(١) دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی هەردوو کۆمەڵەی راناوە لکاوەکان، بڕوانە: د.رەفیق شوانی، چۆنیەتی گەردانکردنی فرمان لەگەڵ راناو لە زاری شواندا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی زانشتی مرۆڤایەتی، ژمارە (٣٠)، ٢٠٠٧.

**ئەو جفتیارە[1] - ئەوان جفتیارن**

**بۆ ئاوەڵناو :**

**من کورم ( کوڕ ) - ئێمە کورن**

**تو کوریت – ئیوە کورن**

**ئەو کورە – ئەوان کورن**

**نموونە بۆ رابردووی تێنەپەڕ: (چوین)، چوی قەدی چاوگە**

**من چویم ـــ ئیمە چوین**

**تو چویت ـــ ئیوە چوین**

**ئەو چوی ـــ ئەوان چوین**

**لە دۆخی کەسی یەکەمی کۆدا دەنگی (ی) نیشانەی قەدی چاوگ و (ی) کەسی یەکەمی کۆ (ین) چونکە هەمان شێوەو دەربڕینیان هەیە دەبنە یەك دەنگ.**

**کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ رابردووی تێپەڕدا (خواردن – خوارد)**

**من خواردم ـــ ئیمە خواردین**

**تو خواردیت ـــ ئیوە خواردن**

**ئەو خواردØ ـــ ئەوان خواردن**

**لێرەدا جیاوازییەکەی نێوان کۆمەڵەی یەکەم دەرکەوت کە لە زاری شواندا لەگەڵ فرمانی رابردووی تێپەڕدا نایەت و کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ ئەم جۆرە فرمانەدا دێت کە تەواو پێچەوانەی یەکترن. لەوەش سەرنج راکێشەرتر لە کەسی سێیەمی تاکدا دیسان راناوەکە وەکو تێنەپەڕ دەرناکەوێت. واتە بەکارهێنانی کۆمەڵەی یەکەم (خاوەنداریێتی) لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمدا لە زاری شواندا وەکو یەکن.**

**کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ رانەبردووی تێنەپەڕ: (چوون – چ)**

**من دچم ـــ ئێمە دچین**

**تو دچیت ـــ ئیوە دچن**

**ئەو دچوگ ـــ ئەوان دچن**

**ئەم دۆخەی سەرەوە بۆ رانەبردووی تێنەپەڕ دەکرێت بە ئارەزوو نیشانەی کات کە (د)ە بەکارنەهێنرێت:**

**من چم ـــ ئیمە چین**

**تو چیت ـــ ئیوە چن**

**ئەو چوگ ـــ ئەوان چن**

**ئەم دیاردەیە وەکو کرمانجی وایە.**

**کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ رابردووی تێپەڕدا (خواردن – خۆ)**

**من دخۆم ـــ ئیمە دخۆین**

**تو دخۆیت ـــ ئیوە دخۆن**

**ئەو دخۆیك ـــ ئەوان دخۆن**

---

[1]) لة زارى دةربةنديدا (ة) دةبيَتة ( است ، هةست ،ةس ) وةكو جفتيارةست ، كورةست ، لة حالَةتى بوونى بزويَنيشدا دةبيَتة (س) وةكو : ئةو تازةس ، مامؤستاس .

دیسان دەکرێت بە پێی یاسای ((ئارەزوو)) Optional نیشانەی کاتی

بەردەوامی (د) بەکارنەیەت وەکو:

من خۆم ـــ ئیمە خۆین

تو خۆیت ـــ ئیوە خۆن

ئەو خۆیك ـــ ئەوان خۆن

لێرەدا جێگای خۆیەتی هێما بۆ بەکارهێنانی کۆمەڵەی یەکەم بکەین کە تەنها لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا بەکارهات وەکو نیشانماندا.

## راناوی کەسی خۆیی

ئەم راناوە لە زاری شواندا جیاوازێکەی تەنها لە رووی چۆنیەتی دەربڕینەوەیە کە لە چەند شوێنێکی زارەکەدا[1] بە دەنگی (و)ی سوك و کورت دەردەبڕێت نەك بە واوی کراوە (ۆ)(، لە شوێنی تری زارەکە هەروەکو زمانی ستاندارد وایە، وەك: (خۆم ـ خۆت، خۆی ـ خۆمان، خۆتان ـ خۆیان). شێوەکەی {راناوی خۆیی+راناوی کەسی لکاو}.

خوم ـــ خومان

خوت ـــ خوتان

خوی ـــ خویان (ئەم شێوەیە لەدێهاتی رێدار، قولی بەگ، جەوەجەوە، جانقز) بەکاردێت.

راناوی نادیار: راناوی نادیاریش جیاوازی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زمانی ستاندەرا تەنها لە رووی دەربڕینەوە نەبێت بۆ نموونە راناوی (هەموو) بە (حەمو) دەردەبڕێت بە گۆڕانی دەنگی (ه) بە (ح). ئەم راناوانە هەن: کەش، حەمو، هەندیك، گشت، هین، فلان، فلان و فیسار، کابرا...هتد.

ئەم راناوانە دوانی کۆتاییان نەبێت ئەوانی تر بۆ کەس، شت و شوێن بەکاردەبرێن و شوێنی ناوی کەسی، شت و شوێن دەگرنەوە.

- حەمو زەلام گەلەکە هاتن (بۆ کەس)

- حەمویان گەڕیاگم ـ هەموویان گەڕاوم (بۆ شوێن)

## راناوی خاوەندارێتی/هەیی (Possessive)

راناوی خاوەندارێتی ئەم زارە بریتییە لە (هین) وەکو: ئەی کتێبە هین منە، (هی)ش بەکاردێت بە کەمی.

## نیشانەی نەرێ (نەفی)

راناوی نەرێ لە زاری شواندا ئەمانەن (نە، نێ، نی، مە):

١- نە: بۆ نەرێ کردنی فرمانی رابردوو، داخوازییە وەکو:

١- نەچوی راشار ـــ نەچوو بۆ شار. (رابردوو)

٢- نەکەی بە قسێی کەیت. (داخوازی)

ئەگەر فرمان لە دۆخی مەرجیدا بوو بۆ رانەبردووش بەکاردێت وەکو:

- ئەگەر نان نەخۆیت نیای لەگەڵما ـ ئەگەر نان نەخۆیت نایەیت لەگەڵمدا.

---

(١) وەکو دێهاتی رێدار مەڵبەندی ناوچەی شوان، دێهاتی قولی بەگ، جەوەجەوە، ئێستا لای نەوەی دواتر هەروەکو زمانی ستاندەرە، هیوا لەمەدا هەڵەیە، ل٥٩، تەنها قولی بەگ راستە زاری دەربەندیش وایە .

٢- نیٚ: بۆ دەمی رابردوو و رانەبردووش بەکاردەهێنرێت:

١- ئەو نان نێخوارد ــ ئەو نانی ناخوارد. (رابردوو)

٢- من هێمە نان نێخۆم ـــ من ئێستا نان ناخۆم (رانەبردوو)

٣- نی: بۆ نەرێ کردنی کاتی ئاخاوتنە: لە ماڵ نییە.

٤- مە: بۆ نەرێ کردنی داخوازییە: مەکە، مەچوو.

## دەمەکانی فرمان لە زاری شواندا

ئەگەر لەگەڵ راناوە لکاوەکاندا فرمانی رابردوو رانەبردوومان گەردان کرد، بەڵام لێرەدا مەبەست لە دیاریکردنی دەمە جیاوازەکانی فرمانە لەم زارەدا، بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

١- فرمانی رابردووی نزیك: یاساکەی بەلادانی (ن) چاوگ پاشان راناوی لکاو دەخرێتە سەر(+) قەد وەکو:

کەفتن: کەفت + راناو ك/٢= من کەفتم ئیمە کەفتین

تو کەفتیت ئیوە کەفتن

ئەو کەفتØ ئەوان کەفتن

٢- رابردووی تەواو/ تێنەپەڕ: چاوگ — ن= قەد+نیشانەی کاتی تەواوی + راناو ك٢

کەفتن — ن= کەفت + گ + م

من کەفتگم ئیمە کەفتگین

تو کەفتگیت ئیوە کەفتگن

ئەو کەفتگە/کەفتەئەوان کەفتگن

٣- رابردووی بەردەوام تێنەپەڕ: نیشانەی بەردەوامی (د) + قەد + راناوی ك٢

دکەفتم

من دکەفتم ئیمە دکەفتین

تو دکەفتیت ئیوە دکەفتن

ئەو دکەفتØ ئەوان دکەفتن

٤- رابردووی دوور تێنەپەڕ: قەدی چاوگ + نیشانەی دوور لە قەدی چاوگی بین

(بی) + راناوی ك٢

من کەفتبیم ئیمە کەفتبین (هەردوو (ی) بوونەتە یەك)[1]

تو کەفتبیت ئیوە کەفتبین

ئەو کەفتبیØ ئەوان کەفتبین

---

+ واتە کۆمەڵەی دووەم.

(١) هەردوو (ی) قەدی چاوگی (بین) کە (بی) لەگەڵ (ی) راناوی کەسی لکاوی یەکەمی چونکە هەمان شێوەو دەربڕینن دەبنە یەك.

### رابردووی تێپەڕ:

بۆ رابردووی تێپەڕیش هەمان شتە بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە زمانی ستاندەر فرمانی تێپەڕی زاری شوان بە پێچەوانەی زمانی ستاندەرەوە کۆمەڵەی دووەمی راناوی لکاوەکان وەردەگرێت و لەمە پێشتر خستمانە روو. لەگەڵ ئەوەشدا کاتە جیاوازەکانی پیشان ئەدەین:

١- رابردووی تێپەڕ بۆ نزیك: قەدی چاوگ + راناوی ك٢

| | |
|---|---|
| من خواردم | ئیمە خواردین |
| تو خواردیت | ئیوە خواردن |
| ئەو خوارد Ø | ئەوان خواردن |

٢- رابردووی تەواو بۆ تێپەڕ: قەد + نیشانەی تەواوی {گ} + راناو = خواردگم

| | |
|---|---|
| من خواردگم | ئیمە خواردگین |
| تو خواردگیت | ئیوە خواردگن |
| ئەو خواردگە/خواردە | ئەوان خواردگن |

٣- رابردووی دووری تێپەڕ: قەد + نیشانەی دوور لە قەدی چاوگی (بین) کە (بی) + راناو

خوارد + بی + م = خواردبیم

| | | |
|---|---|---|
| من خواردبیم | ئیمە خواردبین/یین | دوو (ی) بوونەتە یەك |
| تو خواردبیت | ئیوە خوارد بین | |
| ئەو خوارد بیØ | ئەوان خوارد بین | |

٤- رابردووی بەردەوامی تێپەڕ: نیشانەی بەردەوامی (د) + قەد + راناو ك٢= دخواردم

| | |
|---|---|
| من دخواردم | ئیمە دخواردین |
| تو دخواردیت | ئیوە دخواردن |
| ئەو دخواردØ | ئەوان دخواردن |

٢- فرمانی ئێستا: بە زۆری لە سەرچاوە رێزمانییەکاندا و لە کوردیشدا ئەم فرمانە بە رانەبردوویی باسکراوە، راستی زانستی ئەوەیە بوترێت فرمانی کاتی ئێستا. چونکە رانەبردوو کاتەکەی بە تەواوی دیار نییە، بۆ هەردوو دەمی ئێستا و ئایندە دەبێت و بەهۆی ئاوەڵفرمانی کاتییەوە، جیاوازییان دەکرێت و دیاری دەکرێن.

یاسای فرمانی دەمی ئێستا:

ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا + نیشانەی بەردەوامی (رانەبردوویی) + رەگی چاوگ + راناو ك٢

(ئێستا، هێمە، ئەوا، وا، ئەوە) د + چ + م = دچم، دکەفم، دخۆم

بۆ تێنەپەڕ:

| | |
|---|---|
| من هێمە دچم | ئیمە هێمە دچین |
| تو هێمە دچیت | ئیوە هێمە دچن |
| ئەو هێمە دچوك | ئەوان هێمە دچن |

بۆ تێپەڕ: ئاوەڵفرمانی دەمی ئێستا + نیشانەی بەردەوامی + رەگ + راناو ك٢

وا + د + خۆ + م = وا دخۆم

| | |
|---|---|
| من وا دخۆم | ئیمە وا دخۆین |

تو وا دخۆیت ئیوە وا دخۆن

ئەوا دخۆیك ئەوان وا دخۆن

بەزۆری نیشانە کاتەکەی لە رانەبردوویدا (د) لادەبرێت وەك:

من وا خۆم ئیمە وا خۆین

٣- فرمانی دەمی ئایندە (رانەبردووی ئایندە):

بە هەمان یاسای دەمی فرمانی ئێستا پێکدێت تەنها ئاوەڵفرمانەکەی دەبێت بۆ کاتی ئایندە بێت وەکو هەر ناوێکی کاتی ئایندە (دوایی، پاشان، ئێوارە، سبەینێ، بەیانی، دووسبەی...، هەفتەی تر، ساڵێکی تر...).

ئاوەڵفرمانی کاتی ئایندە + نیشانەی بەردەوامی (رانەبردوویی) + رەگ + راناو لك٢

(دوایی، پاشان، سبەینێ...) + د + چ/تێنەپەڕ + م = دوایی دچم

+ د + خۆ/تێپەڕ + م = دوایی دخۆم

من دوایی دچم ئیمە دوایی دچین

تو دوایی دچیت ئیوە دوایی دچن

ئەو دوایی دچوك ئەوان دوایی دچن (تێنەپەڕ)

من دوایی دخۆم ئیمە دوایی دخۆین

تو دوایی دخۆیت ئیوە دوایی دخۆن

ئەو دوایی دخۆیك ئەوان دوایی دخۆن (تێپەڕ)

## ڕێژەی فرمان

هەروەکو زمانی ستاندەر ڕێژەی فرمان لەم زارەدا داخوازی و مەرجی هەیە:-

١- ڕێژەی فرمانی داخوازی: یاساکەی ڕاناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ (تو، ئیوە) لەگەڵ نیشانەی داخوازی + رەگی چاوگ + راناوی لکاو (ە: بۆ کەسی دووەمی تاك، ن: بۆ کۆ)

بـ + کەف + ە/ن = بکەفە بکەفن (بۆ تێنەپەڕ)

بـ + خۆ + ە/ن = بخۆ بخۆن (بۆ تێپەڕ ڕاناوەکە (ە) بەهۆی کاریگەری بزوێنی (ۆ) دەرنەکەوتووە چونکە بەهێزترە لە (ە). ئەگەر نەبزوێن بێت):

تۆ بنووسە، بگرە، بکە (تاك)

ئیوە بنووسن، بگرن، بکەن (کۆ)

ئەگەر فرمانەکە دارێژراو و لێکدراو بێت ڕێژەی داخوازی (بـ) دەشێت بەکاربێت و بەکاریش نەیەت چونکە پێشگر یا وشەکەی پێشی دەبێتە جێگری و بێجگە لەوەی پێشگر و وشەکە لەگەڵ ڕەگدا واتاکەی بۆ دەهێننەوە، چونکە رەگ بە تەنها و بەزۆری واتا نابەخشێت، نموونە:

بۆ تاك: ڕاکە، هەلگرە ڕاکەن، هەلگرن

٣- ڕێژەی مەرجە. (بڕوانە لاپەڕە ٩٤ و دواتر باسکراوە).

## فرمانی ناتەواو

فرمانی ناتەواو لە زاری شواندا لە چاوگی بین (بوون)ەوە بۆ هەردوو دەمی ڕابردوو لە قەد و ڕاناوەوە بۆ ڕانەبردووش لە ڕەگی چاوگەکە و ڕاناوەوە پێکدێت، نموونە:

بیم، بیبیم، دبیم، بیگم

یاسا پێکهاتنی فرمانی ڕابردووی ناتەواو:

قەدی چاوگی (بین) بی + ڕاناو = بیم

١- فرمانی ڕابردووی نزیك (چۆنیەتی گەردانکردنی)

من بیم / بووم ئیمە بین / بووین

تو بیت / بوویت ئیوە بین / بوون

ئەو بی Ø/بووØ ئەوان بین / بوون

بە هەمان شێوەی زمانی ستاندەر ڕاناوی کەسی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێت لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێنەپەڕ.

لایەنی دووەم کە جیاوازە لە زمانی ستاندەر گۆڕانی دەنگسازییە دەنگی (وو) قەدەکە (چاوگەکەشی) گۆڕاوە بۆ (ی) وەك: بوو ـــ بی.

٢- ڕابردووی تەواو:

قەدی چاوگی بین + نیشانەی کاتی تەواوی (گ) + ڕاناو

بی + گ + م = بیگم / بوومە

**من بیگم ئیمه بیگن : من بوومه ئێمه بیووینه**

**تو بیگیت ئیوه بیگن: تۆ بوویته ئێوه بوونه**

**ئەو بیگە/بییه ئەوان بیگن: ئەو بووه ئەوان بوونه**

**جیاوازی لەگەڵ ستاندەرا گۆڕانی (ووە) بۆ (گ) کە نیشانەی کاتی تەواوییە.**

**٣- رابردووی بەردەوام:**

**نیشانەی بەردەوام + قەدی چاوگ (بی) + راناو = دبیم**

**د + بیـ + م**

# فرمان لە چاوگی هەبین

سێ جۆر فرمانی رابردووی وەك نزیك، تەواو و دوور لێوە پێكدێت:

١- رابردووی نزیك: هەبین ـــ هەبیم

من هەبیم/هەبووم ئیمە هەبین/هەبووین

تو هەبیت/هەبیت ئیوە هەبن/هەبوون

ئەو هەبی Øهەبووø ئەوان هەبن/هەبوون

٢- رابردووی تەواو: قەدی چاوگی (هەبین/هەبی) + نیشانەی كاتی تەواو + راناو

من هەبیگم/هەبوومە ئیمە هەبیگین/هەبووینە

تو هەبیگیت/هەبوویتە ئیوە هەبیگن/هەبوونە

ئەو هەبیگە/هەبییە ئەوان هەبیگن/هەبوونە

٣- رابردووی دوور: قەدی چاوگی (هەبین/هەبی) + نیشانەكانی دوور + راناو

هەبی + بی + م

من هەبیبیم ئیمە هەبیبین : من هەبوو بووم ئێمە هەبووبووین

تو هەبیبیت ئیوە هەبیبن

ئەو هەبیبیØ ئەوان هەبیبن : ئەو هەبوو بووØ هەبوو بوون

كاتی بەردەوامی نییە:

گەردانكردنی قەدی چاوگی هەبوو (هەبین) لەگەڵ كۆمەڵەی یەكەمی راناوە لكاوەكاندا:

پێشگری چاوگەكە + راناو + قەدی چاوگ (بی)

هە + م + بی = هەمبی

من هەمبی ـــ ئیمە هەمانبی: من هەمبوو ـــ ئێمە هەمانبوو

تو هەتبی ـــ ئیوە هەتانبی : تۆ هەتبوو ـــ هەتانبوو

ئەو هەیبی ـــ ئەوان هەیانبی : ئەو هەیبو ـــ هەیانبوو

ئەمە بۆ خاوەنداریێتی و هەییە.

من دبیم/دەبووم ــ ئیمە دبین/ دەبووین (لێكدانی (ی) قەدی چاوگ و (ی) راناوەكە)

تو دبیت/ دەبوویت ـــ ئیوە دبن/دەبن

ئەو دبی Øدەبووø ـــ ئەوان دبن/دەبن

بۆ كەسی یەكەمی كۆ هەردوو (ی) قەدەكە و (ی) راناوە لكاوەكە كەسی یەكەمی كۆ (ین) لەبەر ئەوەی هەردووكیان هاوشێوەو هەمان دەربڕینیان هەیە دەبنە یەك. پێویست ناكات بە دوو (ی) بنوسرێن. لە كەسی سێیەمی تاكیشدا لە هەردووكیان لە زاری شوان و زمانی ستاندەرا راناوە لكاوەكە دەرنەكەوتووە.

٤- رابردووی دوور/ فرمانی ناتەواو:

قەدی چاوگی (بین) + نیشانەی دوور + راناو

بی + بی + م

من بیبیم ـــ ئیمە بیبین : من بووبووم ـــ ئێمە بووبووین

تو بیبیت ـــ ئیوە بیبین : تۆ بووبوویت ـــ ئێوە بوو بوون

ئەو بیبیØ ـــ ئەوان بیبین : ئەو بووبووØ ـــ ئەوان بوو بوون

گۆڕانی بوون ــ بین، پاشان هەردووکیان لە کەسی سێیەمدا راناوی لکاو دەرنەکەوتووە.

**فرمانی رانەبردووی ناتەواو**

نیشانەی بەردەوامی + رەگی چاوگی (بین) کە (ب) + راناو = بم

من دبم ــ ئیمە دبین : من دەبم ــ ئێمە دەبین

تو دبیت ــ ئیوە دەبن : تۆ دەبیت ــ ئێوە دەبن

ئەو دبوگ ــ ئەوان دبن : ئەو دەبێت ــ ئەوان دەبن

گۆڕانی (دە) کاتی بەردەوامی (گ).

فرمانی ناتەواو لە زمانی کودی و ئەم زارەشدا تەنها ئەوەیە لە چاوگی (بوون-بین)ەوە پێکدێت و (ە) فرمانی ناتەواو نییە کە لە کۆتایی رستەی زمانی کوردییەوە دەردەکەوێت بەڵکو راناوی لکاوە یا مۆرفیمی ترە.

**تەواوکەری فرمانی ناتەواو**

فرمانی ناتەواو لە چاوگی (بین-بوون) چ بۆ دەمی رابردوو چ بۆ رانەبردوو پێویستی بە وشەی تەواوکەر هەیە بۆ تەواوکردنی واتاو مەبەستەکەی چونکە بەبێ تەواوکەر واتاکەی روون نابیتەوە. نموونە:

من بیم ــ من بیم بە جفتیار (جفتیار: تەواوکەری فرمانی رابردووە)

تو بیت ــ تو بیت بە جفتیار

ئەو بی بە پاڵە

بۆ رانەبردوو: من دبم/بم بە جفتیار

ئیمە دبین/بین بە جفتیار (جفتیار: تەواوکەری رانەبردووی دبم)ە.

ئەو دبی/بی بە دختۆر

**گەردانکردنی مۆرفیمی (هە)**

ئەم مۆرفیمە بۆ دەست نیشانکردنی بوونی شتێك بەکاردێت کە ناوی نەبرێت[1]، پێویستە ئەوە بوترێت کە ئەم (هەیە) رەگی وشەیەکی نادیارە و تەنها ئەم حاڵەت و دۆخە هەیە، جیاوازە لەو پێشگرەی کە دەچێتە سەر چاوگی (بوون) و دەیکاتە چاوگی داڕێژراوی (هەبوون)، چونکە هیچ نموونەیەك لە زمانی کوردیدا نییە پێشگر وەکو وشەیەك گەردان بکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی راناوی لکاو لە گەردان کردنیدا دەکەوێتە نێوان پێشگرو قەدی (بوون)ەوە، ئەگەر رەگ بێت دەبێت یەکسەر راناوەکە لکاوەکە بچێتە سەر رەگی داڕێژراوەکە وەکو (هەبم). کەواتە جیاوازن لە یەکتر.

نموونەی گەردانکردنی مۆرفیمی (هەیە) بۆ خاوەنداریێتی و هەبوون لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمی راناوە لکاوەکانە: مـــن هەمە ئیمە هەمانە

تو هەتە ئیوە هەتانە

ئەو هەیەتی ئەوان هەیانە

ئەم دیاردەیە کە (هەیە) بۆ خاوەنداریێتی و هەبوونی کۆمەڵەی یەکەمی راناوە لکاوەکان وەردەگرێت لە زمانی ستاندەر دەچێت بۆ ئەم دیاردەیە چونکە (هەیە) سروشتی فرمانی تێپەڕی هەیە کە هەمان کۆمەڵە وەردەگرێت بۆ هەییە.

**گەردانکردنی مۆرفیمی (هە)**

---

(١) محمد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، بەغدا، ١٩٨١، ل٢٩٤.

من هەم ئیمە هەین

تو هەیت ئیوە هەن

ئەو هەیە ئەوان هەن

پێدەچێت ئەم مۆرفیمی (هە)یە، هەمان (هە)ی (هەبوون) نەبێت چونکە لە یەکەمدا وەکو (من هەم،...) وەکو رەگ خۆی دەنوێنێت چونکە گەردان دەکرێت و دوای گەردانکردنی واتاکەی پەیدادەبێت بەڵام وەکو پێشگرە دەرکەوتووە، راناوە لکاوەکەش دەکەوێتە سەری و لەمەدا وەکو حاڵەتی فرمانی رابردووی تێپەڕی داڕێژراو و لێکدراو وایە کە راناوە لکاوەکان دەچێتە سەری ئەگەر سادە نەبێت. کە بەم شێوەیەیە:

من هەمبی هەڵمگرت

من نانم هەبی کتێبەکەم هەلگرت/ نانم هەبوو

## جۆرەکانی فرمانی لە رووی پێکهاتنەوە

١- فرمانی سادە: بەپێی ئەوەی لە یەك وشە واتە لە قەد و راناوی لکاو پێکدێت وەك:

چویم، کەفتم، دچویم، خواردم، نویسیم، گرتینەی، دگرم، دنویسین... هتد

یاسای پێکهاتنی: چاوگ — (ن)ی چاوگ = قەدی چاوگ + راناو = فرمانی سادە

چوین چوی + م = چویم

نویسین نویسی + م = نویسیم

٢- فرمانی داڕێژراو: فرمانێکە لە گیرەکی فرمانی (پێشگر، پاشگر) بەهۆی قەد/رەگ و راناو پێکدێت واتە لە گیرەك و وشەیەك پێکهاتووە. نموونە:

هەڵچووین، داخستیت، بردمەوە، راکەین، راکردین، گرتینەی، دگرمەوەی.

یاسا:

چاوگی داڕێژراو — (ن) چاوگ = قەد/رەگی داڕێژراو + راناو

هەڵچووین — ن = هەڵچووی + م = هەڵچویم بۆ رابردوو

= هەلچ + م = هەڵچم بۆ رانەبردوو

داخستن: دادخەم

داخستم

٣- فرمانی لێکدراو: لە وشەیەك و رەگ یا قەد بەهۆی راناوەوە پێکدێت. نموونە:

لویلیدەم، لویلیدام، سوێند خۆم، راو دکەم، راوکردم، سەرکەفتین، سەردکەفم.

چاوگی لێکدراو: قەد/رەگ + نیشانەی کات (دە) + راناو = فرمانی لێکدراو

لویلدان: لویلدا + م = لویلدام رابردوو

وشە + نیشانەی کات (دە) + رەگ + راناو = فرمانی لێکدراو

لویلد دەم لویلد دەین

سوێند دخۆم سوێند دخۆین

تێبینی: بەپێی یاسای (ئارەزوو) دەکرێت لە حاڵەتی فرمانی داڕێژراو و لێکدراودا نیشانەی کاتی بەردەوامی (د) لە زاری شواندا لابرێت وەك:

نان دخۆم نان خۆم

هەڵدقاچم هەڵقاچم (هەڵقاچین)

سوێند دخۆم سوێند خۆم

نموونـەی تـر: کـەم و کۆشـم/ دکـەم و دکۆشـم، بکـوژم و بـبڕم، لویلیـدام، لویلیـددەم/ لویلیـددەم، لفیـدام، لفیـدە، پـاینکرد (کۆتـای هـات، پـڕ بـوو)، پاینکـەیك، پایندکـەیك، جفتکـردم (جـوتمکرد)، بـارکردم، گێرەکـەین (دکـەین)، بادامەوە، تویرەبیت، غاردام، غارکردین.

نموونەی تر بۆ فرمانی سادە: چویم، چوك، خەفتید، بخۆرەی، سوتیام، رمم/درمم، دچکنمەوەی.

نموونە بۆ فرمانی دارێژراو: هەڵیقاچیم، هەڵتروشکیایت، هەڵدتوتم، داکەسیایت، دافەتم، داکەسیاین، راچەنیا.

## چۆنیەتی گەردانکردنی فرمانی لە رووی پێکهاتنەوەی لەگەڵ راناوی لکاودا

بەهۆی جیاوازی دەرکەوتنی شوێنی راناوی لکاو لەگەڵ فرمانی دارێژراو و لێکدراوی تێنەپەڕ و تێپـەڕدا بـەراوردێك لـە نێـوان هەردوو زمانی نووسین و زاری شواندا دەردەخەین[1]، بێجگە لە جیاوازی وەرگرتنی جۆری راناوە لکاوەکان لە هەردووکیاندا.

فرمانی رابردووی دارێژراوی تێنەپەڕ: هەڵچووین – هەڵچوی + راناو

من هەڵچویم – ئیمە هەڵچوین          من هەڵچوم – ئێمە هەڵچووین

تو هەڵچویت – ئیوە هەڵچوین          تۆ هەڵچوویت – ئێوە هەڵچون

(زمانی نووسین)

ئەو هەڵچوØ – ئەوان هەڵچوین          ئەو هەڵچویØ – ئەوان هەڵچون

جیاوازیەکە دەنگسازییە واوی درێژی چاوگی هەڵچوون (وو) لە زاری شواندا گۆڕاوە بـە(وی): (وو) ـــ (وی)، لـە کەسـی سێیەمیشدا دەرنەکەوتنی راناوەکە وەکو یەکن. هەردووکیانیش هەمان کۆمەڵە راناویان وەرگرتووە.

فرمانی دارێژراوی تێپەڕ:

هەڵخستن – هەڵخست + راناو

من هەڵخستم – ئیمە هەڵخستین          من هەڵمخست – ئێمە هەڵمانخست

تو هەڵخستیت – ئیوە هەڵخستن          تۆ هەڵتخست – ئێوە هەڵتانخست

ئەو هەڵخستØ – ئەوان هەڵخستن          ئەو هەڵیخستØ – ئەوان هەڵیانخست

جیاوازیەکە ئەوەیـە رانـاوی لکـاو/ بکـەر لـە حاڵـەتی دارێژراویـدا بـە پێچـەوانەی زمـانی نووسـینەوە کەوتۆتـە کۆتـایی فرمانەکەوە نەك لە نێوان پێشگر و فرمانەکـە بێجگـە لـەوەی فرمانەکـە رابـردووی تێپـەڕ کۆمەڵـەی یەکـەمی راناوەکـانی وەرگرتووە.

## فرمانی رابردووی تێپەڕی بەردەوام

من دخستم – ئیمە دخستین          من دەمخست – ئێمە دەمانخست

تو دخستیت – ئیوە دخستن          تۆ دەتخست – ئێوە دەتانخست

ئەو دخستØ – ئەوان دخستن          ئەو دەیخست – ئەوان دەیانخست

جیاوازی لەوەدایە فرمانەکە تێپەڕەو کۆمەڵەی دووەمی وەرگرتووە ئەمەش پێچەوانەی زمانی نووسینە.

## فرمانی رابردووی تێپەڕ لەگەڵ بەرکاردا

من نان خواردم – ئیمە نان خواردین          من نانم خوارد – ئێمە نانمان خوارد

---

(١) بۆ فرمانی سادە نیشاندراوە کە چۆنە.

**تو نان خواردیت – ئیوە نان خواردن                   تۆ نانت خوارد – ئێوە نانتان خوارد**

**ئەو نان خواردØ – ئەوان نان خواردن       ئەو نانی خوارد – ئەوان نانیان خوارد**

**لێرەدا لە زاری شوان بە پێچەوانەی زمانی نووسینەوە راناوە لکاوەکە وەکو رێژەکانی تر هەر لە قەدی فرمانەکەوە دەرکەوتووە نەك لەگەڵ بەرکارەکەیدا. هۆیەکەشی ئەوەیە راناوەکان کۆمەڵەی دووەمن کە شوێن خۆیان ناگۆڕن.**

## فرمانی رابردووی لێکدراوی تێپەڕ

ئەم جۆرە هەمان شتە لەگەڵ ڕێژەی فرمانەکە کە بەرکاری وەرگرتووە، تەنها ئەوە نەبێت وشەکەی تەکی بۆتە بەشێك لە پێکهاتەی فرمانەکە نەك دەوری بەرکاری هەبێت وەك وشەی (سوێند).

من سوێند خواردم – ئیمە سوێند خواردین من سوێندم خوارد – ئێمە سوێندمان خوارد

تو سوێند خواردیت – ئیوە سوێند خواردن تۆ سوێندت خوارد – ئەوان سوێندیان خوارد

ئەو سوێند خواردØ – ئەوان سوێند خواردنئەو سوێندی خوارد – ئەوان سوێندیان خوارد

## فرمانی ڕانەبردووی داڕێژراو لەگەڵ ڕاناوە لکاوەکاندا

| | |
|---|---|
| من را دکەم – ئیمە رادکەین | من رادەکەم – ئێمە رادەکەین |
| تو رادکەیت – ئیوە رادکەن | تۆ رادەکەیت – ئێوە رادەکەن |
| ئەو رادکەیك – ئەوان رادکەن | ئەو رادەکات – ئەوان رادەکەن |

شوێنی ڕاناوە لکاوەکان لە هەردووکیاندا لە کۆتاییەوەن تەنها ئەوە نەبێت لە کەسی سێیەمدا (ات) گۆڕاوە بە (یك) کە تایبەتە بە زاری شوان.

لێرەدا جێگای خۆیەتی هێما بۆ ئەوە بکەین کە نیشانەی کاتی بەردەوامی (دە) لە زاری شوان بەپێی یاسای ئارەزوو Optional دەکرتێت و بە هەردوو شێوە دەردەبڕێت واتە بەبێ نیشانە و بەهۆی نیشانەوەش. نموونە بێ نیشانەی کات بۆ مەبەستی سوك دەربڕینە[1].

| | |
|---|---|
| من راکەم | ئیمە راکەین |
| تو راکەیت | ئیوە راکەن |
| ئەو راکەیك | ئەوان راکەن |

بۆ ڕانەبردووی لێکدراوی تێپەڕیش هەر هەمان حاڵەتە وەکو یەکن و لە کەسی سێیەمدا گۆڕان هەیە و دیسان نیشانەی کاتەکە دەرنەکەوێت و هەریەك یاسان.

| | |
|---|---|
| من سوێند دخۆم | ئیمە سوێند دخۆین |
| تو سوێند دخۆیت | ئیوە سوێند دخۆن |
| ئەو سوێند دخۆیك | ئەوان سوێند دخۆن |

# چۆنیەتی گەردانکردنی دەمەکانی ڕابردووی داڕێژراو و لێکدراو

ڕابردووی تەواوی داڕێژراو (قەد+ نیشانەی کاتی تەواوی (گ)+ ڕاناو =

هەڵچوین= هەلچوی+ گ+ م

من هەڵچویگم – ئیمە هەڵچویگین من هەڵچووم/ە – ئێمە هەڵچووین/ە

تو هەڵچویگیت – ئیوە هەڵچویگن تۆ هەڵچوویت/ە – ئێوە هەڵچوون/ە

---

(١) د. رەفیق شوانی، چۆنیەتی گەردانکردنی فرمان لە زاری شواندا...، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (٣٠).

ئەو هەڵچویگە/یە – ئەوان هەڵچویگن        ئەو هەڵچووە – ئەوان هەڵچوون/ە

رابردووی تەواوی لێکدراو

من سوێند خواردگم – ئیمە سویند خواردگین                    من سوێندم خواردووە – ئێمە سوێندمان خواردووە.

تو سوێند خواردگیت – ئیوە سوێند خوارگن                    تۆ سوێندت خواردووە – ئێوە سوێندتان خواردووە.

ئەو سوێند خواردگە – ئەوان سوێند خواردگن          ئەو سوێندی خواردووە – ئەوان سوێندیان خواردووە.

نیشانەی کاتی تەواو (ووە/وە) گۆڕاو بۆ (گ) لە زاری شواندا.

رابردووی دووری تێنەپەڕی داڕێژراو (هەلچوین= هەڵچوی + نیشانەی دوور (بی-بین)+ راناو

من هەڵچویبیم – ئیمە هەڵچویبین                من هەڵچوو بووم – ئێمە هەڵچوو بووین.

تو هەڵچویبیت – ئیوە هەڵچویبین     تۆ هەڵچوو بوویت – ئێوە هەڵچوو بوون.

ئەو هەڵچویبیØ – ئەوان هەڵچوویبین  ئەو هەڵچوو بووØ – ئەوان هەڵچوو بوون.

جیاوازێکە بریتییە لە هۆی دەنگسازی گۆڕانی چاوگی (هەلچون) دەنگی (و) بۆ (وی) هەڵچوین کە (و) درێژی زۆر کەمە.

بۆ تێپەڕیش هەمان شتە بەڵام لە زمانی نووسیندا راناوەکە دەکەوێتە نێوان پێشگرو قەد

فرمانی تێپەڕی دووری لێکدراو

من هەلگرتبیم – ئیمە هەلگرتبین      من هەڵمگرتبوو – ئێمە هەڵمان گرتبوو

تو هەلگرتبیت – ئیوە هەلگرتبین      تۆ هەڵتگرتبوو – ئێوە هەڵتان گرتبوو

ئەو هەلگرتبیØ – ئەوان هەلگرتبین              ئەو هەڵیگرتبوو – ئەوان هەڵیانگرتبوو

فرمانی رابردووی تێنەپەڕی دووری لێکدراو: سەرکەفتن: سەرکەفت

من سەرکەفتبیم – ئیمە سەرکەفتبین

من سەرکەوتبووم – ئێمە سەرکەوتبووین

تو سەرکەفتبیت – ئیوە سەرکەفتبین

تۆ سەرکەوتبوویت – ئێوە سەرکەوتبوون

ئەو سەرکەفتبیØ – ئەوان سەرکەفتبین

ئەو سەرکەوتبووØ – ئەوان سەرکەوتبوون

رابردووی تێپەڕی دووری لێکدراو: سوێند خواردن: قەد+ نیشانەی کاتی دوور+ راناو

من سوێند خواردبیم – ئیمە سوێند خواردبین

من سوێندم خواردبوو – ئێمە سوێندمان خواردبوو

تو سوێند خوارد بیت – ئیوە سوێند خواردبین

تۆ سوێندت خواردبوو – ئێوە سوێندتان خواردبوو

ئەو سوێند خوارد بیØ – ئەوان سوێند خواردبین

ئەو سوێندی خواردبوو – ئەوان سوێندیان خواردبوو

جیاوازییەکە:

١- گۆڕانی شوێنی راناوی لکاوە لە ناوەڕاستی فرمانەکەوە بۆ کۆتایی.

٢- لێکدانی نیشانەی (ی) قەدی چاوگی بین لەگەڵ دەنگی (ی) راناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ (ین) چونکە هاوشێوەو هەمان دەربڕینیان هەیە بوونەتە یەك.

## رێژە جیاوازەکانی فرمان لە زاری شواندا

١- رێژەی رابردووی مەرجی تێنەپەڕی نزیك: رێژەی مەرجی بەگشتی بەهۆی مۆرفیمی (ب)ەوە پێکدێت و یاساکەی بەم جۆرەیە:

نیشانەی مەرجی + قەد + پاشکۆی نیشانەی مەرجی: (ب) کەفت + (گا) + راناو

ب + کەفت + گا + م = بکەفتاگام

من بکەفتاگام – ئیمە بگەفتاگاین     من بکەوتمایە – ئێمە بکەوتینایە

تو بکەفتاگایت - ئیوە بگەفتاگان     تۆ بکەوتیتایە – ئێوە بکەوتنایە

ئەو بکەفتاگاØ – ئەوان بگەفتاگان ئەو بکەوتایەØ – ئەوان بکەوتنایە

رابردووی مەرجی نزیك داڕێژراو: نیشانەی مەرجی (ب) دەکەوێتە نێوان پێشگری فرمانەکە و قەدی فرمان وەکو:

پێشگر + نیشانەی مەرجی + قەدی فرمانی مەرجی + پاشکۆی نیشانەی مەرجی (گا) + راناو

هەڵ + ب + قرچیا + گا + م = هەڵبقرچیاگام

من هەڵبقرچیاگام – ئیمە هەڵبقرچیاگاین

من هەڵبقرچایام – ئێمە هەڵبقرچایاین

تو هەڵبقرچیاگایت – ئیوە هەڵبقرچیاگان

تو هەڵبقرچایایت – ئێوە هەڵبقرچایان

ئەو هەڵبقرچیاگاØ – ئەوان هەڵبقرچیاگان

ئەو هەڵبقرچایاØ – ئەوان هەڵبقرچایان

٢- رابردووی مەرجی تێپەڕی تەواوی داڕێژراو: پێشگر + قەد + نیشانەی مەرجی (ب) + راناو

هەڵ + قرچیا + بـ + م = هەڵقرچیابم

من هەڵقرچیابم – ئیمە هەڵقرچیابین     من هەڵقرچابم – ئێمە هەڵقرچابین

تو هەڵقرچیابیت – ئیوە هەڵقرچیابن     تۆ هەڵقرچیابیت – ئێوە هەڵقرچابن

ئەو هەڵقرچیابیاØ – ئەوان هەڵقرچیا بن     ئەو هەڵقرچابێت – ئەوان هەڵقرچابن

٣- رێژەی رابردووی دووری مەرجی تێنەپەڕی داڕێژراو:

قەدی مەرجی داڕێژراو + نیشانەی کاتی دوور (بی-بین)

من هەڵقرچیابیم – ئیمە هەڵقرچیابین

من هەڵقرچابووم – ئێمە هەڵقرچابووین

تو هەڵقرچیابیت – ئیوە هەڵقرچیابین

تۆ هەڵقرچابوویت – ئێوە هەڵقرچابوون

ئەو هەڵقرچیابیØ – ئەوان هەڵقرچیابین

ئەو هەڵقرچابووØ – ئەوان هەڵقرچابوون

له کەسی یەکەمی کۆی زاری شواندا دەنگی (ی) راناوی کەسییە لکاوە کە لەگەڵ (ی) نیشانەی قەدی چاوگی (بین-بوون) لەبەر ئەوەی هەمان شێوەو دەربرِێنن دەبنە یەك و بە (ین) دەربرِاوە بە یەك (ی). نەك بە دوان (یین)، ئەمەش هۆی دەنگسازییە.

تێبینی:

رابردووی بەردەوامی مەرجی نییە چونکە مەرجی لە دۆخی گوماندایە و بەردەوامی لە حاڵەتی روودانی بەردەوامە.

رابردووی مەرجی تێپەرِی لێکدراو: هەمان گەردانکردنی فرمانە دارِێژراوی مەرجی هەیە. قەدی فرمانی لێکدراوی مەرجی+ پاشکۆی (ب) مەرجی + راناو:

من سوێند بخوارداگام — ئیمە سوێند بخوارداگاین

من سوێندم بخواردایە — ئێمە سوێندمان بخواردایە

تو سوێند بخوارداگایت — ئیوە سوێند بخوارداگا

تۆ سوێندت بخواردایە — ئێوە سوێندتان بخواردایە

ئەو سوێند بخوارداگاØ — ئەوان سوێند بخوارداگان

ئەو سوێندی بخواردایە — ئەوان سوێندیان بخواردایە

جیاوازی نێوان هەردووکیان لەوەدایە لە زاری شواندا راناوە لکاوەکان کەوتۆتە کۆتایی فرمانەکەوە. بەڵام لە زمانی ستانداردا کەوتۆتە نێوان وشەکە و قەدی فرمانەکەوە.

رابردووی مەرجی تێپەرِی دارِێژراو:

من هەڵبگرتاگام — ئیمە هەڵبگرتاگاین

من هەڵمبگرتایە — ئێمە هەڵمانبگرتایە

تو هەڵبگرتاگایت — ئیوە هەڵبگرتاگان

تۆ هەڵتبگرتایە — ئێوە هەڵتانبگرتایە

ئەو هەڵبگرتاگاØ — ئەوان هەڵبگرتاگان

ئەو هەڵیبگرتایە — ئەوان هەڵیانبگرتایە

جیاوازییەکە لە جۆری راناوە لکاوەکە دایە لە زاری شواندا کە فرمانی تێپەرِ کۆمەڵەی دووەمی راناوەکانی وەرگرتووە بە پێچەوانەی زمانی ستاندارد کە کۆمەڵەی یەکە.

جیاوازی دووەم لە جۆری وەرگرتنی پاشکۆی فرمانە مەرجییەکەیە لە زاری شواندا، (گا) پاشکۆی (ب) مەرجییە، بەڵام لە زمانی نووسیندا بریتییە لە (ایە).

رێژەی رانەبردووی مەرجی:

بۆ فرمانی سادە: چوین: نیشانەی مەرجی (ب) + رەگی فرمان + راناو

| | |
|---|---|
| من بچم — ئیمە بچین | من بچم — ئێمە بچین |
| تو بچیت — ئیوە بچن | تۆ بچیت — ئێوە بچن |
| ئەو بچوك — ئەوان بچن | ئەو بچێت — ئەوان بچن |

جیاوازییەکە لە کەسی سێیەمدایە راناوەکە (ك) کە بەرانبەر (ێت) لە زمانی ستانداردا.

رێژەی رانەبردووی مەرجی دارێژراو: (نیشانەی مەرجی + رەگ + راناو)

هەڵقرچیان — هەڵقرچان

من هەڵبقرچم – ئیمە هەڵبقرچین		من هەڵبقرچێم – ئێمە هەڵبقرچێین
توهەڵبقرچیت – ئیوە هەڵبقرچن		تۆ هەڵبقرچێیت – ئێوە هەڵبقرچێن
ئەو هەڵبقرچیك – ئەوان هەڵبقرچن		ئەو هەڵبقرچێت – ئەوان هەڵبقرچێن
جیاوازی لە راناوی لکاوی کەسی سێیەم (ك) لە جیاتی (ێت) و لە هەمان کۆمەڵەن کە دووەمە.
جیاوازی سێیەم نیشانەی قەدی چاوگ (یا) لە بەرانبەر (ا).

رانەبردووی مەرجی داڕێژراوی تێپەڕ: هەلگرتن: رەگی داڕێژراو + راناو
من هەلبگرم – ئیمە هەڵبگرین		من هەڵبگرم – ئێمە هەڵبگرین
تو هەڵبگریت – ئیوە هەڵبگرن		تۆ هەڵبگریت – ئێوە هەڵبگرن
ئەو هەڵبگریك – ئەوان هەڵبگرن		ئەو هەڵبگرێت – ئەوان هەڵبگرن
جیاوازی لە راناوی کەسی سێیەمدایە (ێت) بۆتە (یك) لە زارەکەدا.
نیشانەی فرمانی مەرجی (ب) بۆ داڕێژراو و لێکدراو بەکاردێت یا بەپێی ئارەزوو تێدەچێت.
لە داڕێژراو و لێکدراودا:
من هەلگرم – ئێمە هەلگرین
تو هەلگریت – ئیوە هەلگرن
ئەو هەلگریك – ئەوان هەلگرن

رانەبردووی مەرجی تێپەڕی لێکدراو: سوێند خواردن
من سوێند بخۆم – ئیمە سوێند بخۆین
من سوێند بخۆم – ئێمە سوێند بخۆین
تو سوێند بخۆیت – ئیوە سوێند بخۆن
تۆ سوێند بخۆیت – ئێوە سوێند بخۆن
ئەو سوێند بخۆیك – ئەوان سوێند بخۆن
ئەو سوێند بخوات – ئەوان سوێند بخۆن
بەبێ نیشانەی مەرجی (ب) دروست دەبێت وەك: من سوێندخۆم – ئێمە شویند خۆین- ئەو سوێند خۆیك.

## فرمانی بکەر نادیار

فرمانی بکەر نادیار لە زاری شواندا رێگای تایبەتی خۆی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی لەیەکچوونیشی هەیە لەگەڵ زمانی نووسیندا.
فرمانی بکەر نادیار بۆ دەمی رابردووی تێپەڕ: بە دوو شێوە پێکدێت:
١- نیشانەی بکەر نادیاری (ی)یە و بەمجۆرە پێکدێت بەتایبەتی لەگەڵ رەگی ئەو فرمانانەی کە دەنگی /ر/یان تێدا نییە دەکرێت هەم بەهۆی (ر)ەوەش
أ- رەگی فرمان + نیشانەی نادیاری + نیشانەی کاتی رابردوو + راناو
کوشتن:		کوژ + یـ + ا + م = کوژیام
ب- بەهۆی زیادکردنی مۆرفیمی نادیاری لەگەڵ (ی)دا بەمجۆرە:
کوژ + ر + یـ + ا + م = کوژریام

١- گەردانکردنی بۆ رابردووی نزیك: رەگ + نیشانەی نادیاری (ی) + نیشانەی کات + راناو

من کوژیام			ئیمه کوژیاین

تو کوژیای			ئیوه کوژیان

ئەو/ئەوی کوژیا	ئەوان کوژیان

بەهۆی (ر)ی نادیارییەوە لەگەڵ پەیدابوونی (ی) لە زاری شوان.

من کوژریام			ئیمه کوژریاین

تو کوژریایت			ئیوه کوژریان

ئەو/ئەوی کوژریاØ ئەوان کوژریان

٢- رابردووی بەردەوامی نادیاری: نیشانە کاتی بەردەوام + رەگ + نیشانەی نادیاری + نیشانەی کات

من دکوژیام/ دکوژریام			ئیمه دکوژیاین/ دکوژریاین

تو دکوژیایت/ دکوژریایت	ئیوه دکوژیان/ دکوژریان

ئەو/ئەوی دکوژیاØ دکوژریا	ئەوان دکوژیان/ دکوژریان

٣- رابردووی تەواوی نادیاری: رەگ + نیشانەی نادیاری (ی)+ نیشانەی کات+ نیشانەی کاتی تەواوی (گ)

من کوژیاگم/ کوژریاگم			ئیمه کوژیاگین/ کوژریاگین

تو کوژیاگیت/ کوژریاگیت			ئیوه کوژیاگن/ کوژریاگن

ئەو/ئەوی کوژیاگە/ کوژریاگە			ئەوان کوژیاگن/ کوژریاگن

٤- رابردووی دووری بکەر نادیار:

رەگ+ نیشانەی نادیاری+ نیشانەی کات+ نیشانەی رابردووی دوور (بی)+ راناو

کوشتبوو: کوژ + یابیم = کوژریابیم

من کوژیابیم/ کوژریابیم			ئیمه کوژیابین/ کوژریابین

تو کوژیابیت/ کوژریابیت			ئیوه کوژیابن/ کوژریابن

ئەو/ئەوی کوژیابیØ/ کوژریابیØ	ئەوان کوژیابن/ کوژریابن

٢- فرمانی بکەر نادیاری بۆ دەمی رانەبردوو: نیشانەی نادیاری (ر) وەکو زمانی نووسین.

کوشتن: کوژ

نیشانەی کاتی بەردەوامی + رەگ + نیشانەی نادیاری + نیشانەی کاتی	رانەبردووی + راناو

د + کوژ + ر + یا + م = دە + رەگ + ر + ێ + راناو

من دکوژریام – ئیمەدکوژریاین			من دەکوژرێم – ئێمە دەکوژرێین

تو دکوژریای – ئیوه دکوژریان			تۆ دەکوژرێیت – ئێوە دەکوژرێن

ئەو/ئەوی دکوژریاØ – ئەوان دکوژریان	ئەو دەکوژرێت – ئەوان دەکوژرێن

٢- نیشانەی بکەر نادیاری بۆ ئەو چاوگانەی کە رەگەکانیان دەنگی (ر) یان تێدایە ناکرێت لە زاری شواندا بە پێچەوانەی دەمی رابردووی نادیارییەوە ئەو دەنگە فەرامۆش بکرێت و لەگەڵ نیشانەی {ر}ی نادیارییەوە دەبنە یەك چونکە هاودەربڕو هاوشێوەن:

خواردن: (خو)

رەگ + نیشانەی نادیاری ر/ی + نیشانەی کات

خو + ر/ی + ا = خوریا

کردن: کە (کر): کە + ر + ی + ا: کریا بە تێچوونی (ە) لە رەگی (کە) بەهۆی پێویستی پارێزگاری واتاوە.

بردن: بر: بر + ر/ی + ا = بریا			هەردوو (ر) بوونەتە یەك

گرتن: گیر: گیر + ر/ی + ا = گیریا هەمان هۆ

شوشتن: شۆ: شۆ + ر/ی + ا = شوریا هەمان هۆ بێجگە لەوەی دەنگی ۆ و

⟵

## ناوی بکەری و بەرکاری

ناوی بکەری و بەرکاری لە زاری شواندا ڕێژەی پێکهاتنی شێوەی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە زمانی نووسینی و نیشانەکەی کە پاشگرە بریتییە لە (گ) مۆرفیمی ناوی بکەری و ناوی بەرکاری کە لە قەدی چاوگی تێنەپەڕ و تێپەڕەوە پێکدێت.

ئەگەر فرمانەکە تێنەپەڕ بێت ناوی بکەر پێکدێت و ئەگەریش تێپەڕبوو ناوی بەرکاری دروست دەبێت کە لە زمانی نووسیندا (و)ە. نموونە:

هاتن: قەدی چاوگ: هات + پاشگری بکەری (گ) = هاتگ = هاتوو

کوشتن: رەگی چاوگ: کوژ+ نیشانەی نادیاری و کات + پاشگری (گ)= کوژیاك

| | | |
|---|---|---|
| کەفتگ/ کەوتگ | کەوتوو | |
| گەیشتگ | گەیشتوو | |
| بردگ | بردوو | بنچك بابردگ – بنچك بابردوو |
| کردگ | کردوو | |
| سووتیاگ | سوتاو | |
| برژیاگ | برژاو | |
| خنکیاك | خنکاو | |
| نویسیاگ | نوسراو | |
| کوشتگ | کوشتوو | سندان کوشتگ – سندان کوشتوو |
| مردگ | مردوو | لە برسا مردگ – لە برسا مردوو |
| خواردگ | خواردوو | |

هەندێك لەم نموونانەی سەرەوە ئاوەڵفرمانی (نە) نەرێ وەردەگرن و ناوی بکەر یا ئاوەڵناوی بکەر پێکدەهێنن:

| | |
|---|---|
| نەهاتك | نەهاتوو |
| نە مردگ | نەمردوو |
| نە کردگ | نەکردوو |
| نەبرژیاك | نەبرژاو |

## راناوی نیشانە

راناوی نیشانە لەم زارەدا بەم شێوەیە دەردەکەون:

ئەیە: بۆ تاکی نزیك. ئەیانە: بۆ کۆی نزیك (ئەیان)یش بەکاردێت.

ئەوە: بۆ تاکی دوور. ئەوانە: بۆ کۆی دوور

نموونه له رستەدا.

ئەیە چۆیە؟ ئەمە چییە؟

ئەیان خەڵك لای ئیمەن.　　　ئەمانە خەڵکی لای ئێمەن

ئەیانە چۆن؟　　　ئەمانە چین؟

شێوەی تریانیش هەیە وەکو (ئەمەتە، ئەمەتانێ، ئەوەتانە، ئەوەتانێ).

## راناوی پرسیار

لەناو راناوەکاندا پێویستە هێما بۆ راناوی پرسیار لە زاری شواندا بکەین، چونکە جیاوازی هەیە لەگەڵ زاری تر و زمانی ستاندەری کوردیدا، ئەمەش جێناوەکانن:

کی: بۆ پرس لە کەس: کی هات؟ کێ هات؟

کورە: بۆ پرسیار لە شوێن: کورە خۆشە؟ کوێ خۆشە؟

کەی: بۆ کات جیاوازی نییە لەگەڵ زمانی ستاندەرا.

چۆ: بۆ پرس لە شت: چۆ کەیت؟ چی دەکەیت؟ چۆخۆیت؟

چوین: بۆ چۆنیەتی و حاڵەت: چوین خوێنیت؟ چۆن دەخوینێت؟

کامە: هەمان شتە لەگەڵ زمانی ستاندەرا، لە کام، بە کام، بۆ کامە.

کا، کوا، کانێ، کوانێ: بۆ پرسیار لە دیاری کردنی کەس، شت، شوێن.

ئەڕاچۆ: بۆ هۆیە: ئەراچۆ واکەیت؟ بۆچی وادەکەیت؟

ئەڕاچۆ، راچۆ، بۆچۆ: بۆ هۆیە وەکو بۆ چۆ نەهات؟ ئەڕاچۆ نەهات؟ ئەراچۆتە؟ بۆ چیتە؟

لەبەرچۆ: بۆ هۆیە، لەبەرچۆ لێرە رۆیی؟ لەبەرچی لێرە رۆیشت؟

یان: بۆ گومان یان بۆ؟ یان برۆ؟ یان وەرە یان برۆ.

بەچۆ: بەچۆ چویت؟ بەچی چویت؟ بۆ هۆیە یا واسیتە.

لەچۆ: لەچۆ ترسیت؟ لەچی دەترسیت؟

## ئاوەڵفرمان

بەشێکی ئاخاوتنە، دەبێتە تەواوکەری گوزارە لە رستەی فرماندار و بێ فرمان. تەواوکەری فرمان لە رووی شوێن، کات، چۆنیەتی و ژمارەو رادەوە.

ئاوەڵفرمان دەکرێت بڵێین کەرەسەیەکی (مۆرفیم) سەر بە رستەسازییە واتە لە ئاستی رستەسازیدا بەکاردێت و دەردەکەوێت. ئەو وشانەی هەیە لە بنەڕەتدا کە ئەم دەورە دەبینن بە کەمی لە ئاستی وشەسازیدا ئاوەڵفرمانە، ئەگینا ناون و جۆری ناوی جیاجیا پێکدەهێنن وەکو ناوی: کات، شوێن، ژمارە، ئەندازە.

لەبەر ئەم هۆیە دەبێت ئاوەڵفرمان لە ئاستی رستەسازی و لە ئەنجامی ئەرك و دەوربینینی ئەو ناوانەی کات، شوێن و ژمارەن دەبنە ئاوەڵفرمان و وەسفی فرمان لە رووی جیاجیاوە دەکەن. نموونە وەکو:

ناوی شوێن: لا، تەك، تەنیشت، دویا، پێش، پاش، بەردەم، سەر، بن...هتد. لە رستەدا دەبنە ئاوەڵفرمان وەکو تەواوکەری گوزارە.

وەکو ناوی کات: ئێوارە، شەو، نیمەڕو، مانگ، بەیانی، بەیانەکی، نیمە شەو، شەوەکی، سبەینێ، دوێنێ، پێرێ، پەستر پێرێ، حەفتەی تر، لەناکاو، سارەزوی، ئێستاکە، هێمە، ئێستەرەم،...هتد.

نموونە لە رستەدا وەکو ناو بۆ شوێن و کات:

- ئەیرە خۆشە، ئەورە خۆشە ئێرە خۆشە/ ئەوێ خۆشە (ئەیرە-ئەورە)

- لای من خۆشە (لا: ناوە شوێن)

- دویای خۆت بینی (وینی). (دویا: ناو شوێن)

- هێمە شەوە/ ئێستاکە شەوە (هێمە/ ئێستا: ناوی کاتە)

- بنی قویلە (بنی: ناوی شوێنە)

وەکو ئاوەڵفرمان: تو لەلای من بخەفە. (لەلا: ئاوەڵفرمانی شوێنە)

- لە دویاوە دادنیشم لە دواوە دادەنیشم (شوێن)

- دارەکە لەبنەوە هەڵقەنم دارەکە لەبنەوە هەڵەکەنم (شوێن)

- لە هێمەوە تاریکای شەو دیارە لە ئێستاوە تارێکایی شەو دیارە (کات)

- لە ئێستاکەوە باران دباریك لە ئێستاوە باران دەبارێت (کات)

- ئەوی سارەزوی چوك راشار ئەو بەیانی زوو دەچێت بۆ شار (کات)

- شەوەکی هەڵسیك دخوێنیك شەوەکی هەڵدەسێت دەخوێنێت (کات)

- لە ئێستاکانەوە هاتە لە ئێستاوە هاتووە

- ئیستەرەم واتمەی هەر ئێستا دەمەوی

## جۆرەکانی ئاوەڵفرمان

١- ئاوەڵفرمانی کاتی: کاتی روودانی فرمان دیاری دەکەن، واتە دەبنە تەواوکەری فرمان لە رووی دیاریکردنی کاتی روودانی فرمانەکەوە. نموونە:

شەوەکی، شارەزوی، هێمە، لە هێمەوە، عەلعان، لە پرێکا، ئیستەرەم، کازیب بەیان، پارشیم، ماڵخەفتك، چێشتەنگاو، خۆرکەفتن، بەچاو جویقانیك، ناو بەناو، خۆر لە زەردە، عەیامیك، ساڵانیك، قەدەریکە، لەمەو دویا، پاش نیمەرو،...

نموونە لە رستەدا

ئەوی کازیب بەیان راست دبوکە ئەو کازیبی بەیان راست دەبێتەوە

تا ماڵخەفتك چاوەڕێی کردین تا ماڵخەوتن چاوەڕێمان کرد

لەهێمەوە دیارە چوینە لە ئێستاوە دیارە چۆنە

خۆر لە زەردە مەڕ یاکەوە پەچە خۆر لە زەردە مەڕ دێتەوە پەچە.

٢- ئاوەڵفرمانی شوێنی: لەبان، لەبان و بن، لەناو قەد، دویاوە، بەرگە، لە پەرگەوە، لەلاوە، لەبنەوە، لەتەك، لەجێ، لەناویەوە، لە دویاوە، لەسەرگەوە، لەنیمەشەوەوە، جارجار، جاریك، لەسەرداوە، لەپەڕەوە،

نموونە لە رستەدا:

ماڵیان لە پەرگەی دێیە ماڵیان لەوپەڕی دێیە

لەسەرگەوە یاکە خوارەوە لەسەرداوە دێتە خوارەوە

لە بنەوە هەڵقوڵیك لەژێرەوە هەڵدەقوڵێت

٣- ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی: بەپا، خەیرا (خێرا)، بەخەیرایی، بەزویی، بە پەلەپڕوزێ، بە بەرەنسکەوە، بەپەرۆشەوە.

نموونە: ئەوی خەیرا راکرد خێرا رایکرد

من بەپا چویم بە پێ چوم

دوێتەکە بە بەرەنسکەوە خەو لەی کەفت
کچەکە بە گریانەوە خەوی لێ کەوت.

٤- ئاوەڵفرمانی رادە: توزیك، کەمیك، بەزۆری، نەختیك، هەندێك، بەکەمی، توسقالێك، زۆر، بەکەمی...

نموونە: بۆ توزیك ئاو بخۆرەوە                    وەرە تۆزێك ئاو بخۆرەوە
قسەکان تو توسقالیك کار لەم نیکەیك
قسەکانی تۆ تۆسقالێك کارم لێ ناکات
بە کەمی ئیش کەیك                    بە کەمی ئیش دەکات
خۆ کفرنێبوك نەختیك داکەسە          خۆ کفر نابێت نەختێك داکەسە.
ئەگەر دوو یان سێ ئاوەڵفرمان بەدوای یەکداهاتن بەمجۆرە ریزدەکرێن:
ئاوەڵفرمانی کات و چۆنیەتی و شوێن: من ئێوارەو بەیانەکی بەخەیرایی راماڵ یامەوە.

## ئامراز لە زاری شواندا

ئامرازەکانی ئەم زارە ئەم جۆرانەی هەیە: ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی گەیەنەر، ئەم سێ جۆرە ئامرازە بە ئامرازی لێکدان و بەستان ناودەبرێن و جۆرە ئامرازێکی تریش وەکو ئامرازی نیازداری (نیاز و مەبەست) هەن کە ئەمەیان لە چەندین جۆرە ئامرازی جۆراوجۆر پێکدێن.

١-  ئامرازی پەیوەندی: ئامرازێکە دەچنە پێش ناو و راناو یا لە نێوان دوو وشەوە دێن و دەیبەستن بە یەکتر و یا وشەکانی پێش و دوای خۆیان دەبەستنەوە بە یەکترەوە. وەکو: (و، ی، ە، بە، لە، ەو، او، حەتا، حەتاوەکو، ش/یش ئەڕا، را ئەوانە دەکەونە پێش و ناوەندی ناو و راناو ئەمانەن[1]: من و تۆ، برای باوکم، کوڕە بیچکەلە، (لە، بۆ، بە، تا) لە شار، بۆ ماڵ، بە شەو، لە تو، بۆ تو، بە تو، حەتا شەو، من و تو، سەر بەسەر، سەرتاسەر، شەو حەتا بەیان، ئەڕا تو، را تو، تو را ئەو.

نموونە لە رستەدا:     من لە دەشت دژیم          (بۆ شوێن)
ئەو بە شەو گێرە کەیك       ئەو بەشەو گێرە دەکات (دیاری کردنی کاتە)
بۆ شار چم                 بۆ شار دەچم          (بۆ ئاڕاستەی شوێن)
حەتا بەیانی نیاکەوە        تا بەیانی نایەتەوە        (ماوەی کات)
ی: تەنها بۆ بەستانەوەی شتی مادی بە کەمی بەکاردێت بۆ هەیی وەك: هەنگوسیلەی ئاڵتوین، ئەم ئامرازانە لەناو رستەی سادەدا بەکاردێن و گرێ دروست دەکەن. هی واشیان هەیە وەکو (و، حەتا) لەناو رستەی لێکدراو و دووەمیان لارستە بە شارستەوە دەبەستێتەوە.

---

(١) د.رەفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٧.

## ئامرازە پەیوەندییە پاشکۆدارەکان[1]

بریتین لە (ئەڕا، را، بە، لە) ئەمانە لە پێکهاتنی گرێدا پاشکۆیان بەدوا دێت وەکو: (ەوە/وە، ا) دۆخی جیاجیای وەکو شوێن، کات، چۆنیەتی، سوێند... دەگەیەنن. نموونە:

توانج قسەکەت هێشتا لە دڵما ماگە. (ا. دیاری کردنی شوێن) لە دڵمداماوە.

به پەلە بوزرکێ هاتە خوارەوە — بە پەلە پروزێ هاتە خوارەوە (چۆنیەتی)

ئەڕا خوارەوە چوی — بۆ خوارەوە چوو (ئاستی شوێن)

هەر لە ئێوارەوە یاکەوە — هەر لە ئێوارەوە دێتەوە (بۆ جەخت کردن لە کات)

ئامرازی پەیوەندی پاشکۆدار لەم زارەدا هەروەکو زمانی ستانداردی کوردی بریتییە لە (بە، لە، ئەڕا، را) لەجیاتی (دا)، پاشکۆی {ا} لە دوای وشەی ئامرازەکانەوە دێت و پاشکۆی {ەوە/وە} وەکو خۆی دەردەکەوێت. پاشکۆی {ا}ی ئامرازی پەیوەندی (لە، بە) لە زۆربەی زارەکان بەکاردێت کەچی {دا} لە زمانی نووسین و زاری شاری موکریاندا دەردەکەوێت.

بە بان دیوارا یا مە خوارەوە (ا، ەوە) — بەسەر دیواردا دێمە خوارەوە (دا، ەوە)

بۆ خوارەوە چم (ەوە) — بۆ خوارەوە دەچم (ەوە)

لە دڵما ماگە (ا) — لە دڵمدا ماوە (دا، وە)

ئەمە بە هێڵکارییەك روونیدەکەینەوە پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەم کە لەم زارەدا هەندێکجار (ئەڕا-را) پاشکۆ وەرناگرێت وەك: ئەڕا-را ماڵ چم. بەڵام لەگەڵ ئەو وشانەی کە بەزۆر ئاوەڵفرمانن پاشکۆ وەردەگرێت وەکو: ئەڕا-را خوارەوە دچم.




بە خۆیوە خوریك (وە) — بە خۆیوە دەخورێت (وە)




## ئامرازی لێکدەر

ئامرازی لێکدەر: ئەو ئامرازانەن دوو رستەی سادە بە یەکترەوە بە مەبەستی جیاجیا دەبەستنەوەو رستەیەکی لێکدراو پێکدەهێنن.

ئەم ئامرازانە دوو شێوەیان هەیە:

١- ئامرازە لێکدەرە تاکەکان وەکو: و، ش/یش، بەڵان، ئەیجا/ئەیجارە.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

نموونه:

و: هاتم و چویم، کردم و کوشیام به قسەم نەکرد.

ش/یش: ئەویش یاك – ئەویش دێت.

ش: براش عەزیزە.

بەڵان: زستان سارده بەڵان هاوین گەرمە.

ئەیجا: بەی بیشە ئەیجارە یاکەوە لەوەڵتا (لەگەڵتا).

٢- ئامرازە لێکدەرە جووتەکان: ئەوانەن بەشێوەی جوت بەکاردەهێنرێن وەکو: نە- نە، هەم- هەم، چ- چ، یان- یان[1].

نە – نە: نە باران باریك نە بەفر.

هەم – هەم: هەم نان دخۆیك هەم دبەیك.

چ – چ: چ بابوك چ باران هەر لە بەفر کەم دبوکەوە.

یان – یان: یان دمرین یان دژین، یا دبوك یا نێبوك – یا دەبێت یان نابێت.

ئەم ئامرازانە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن وەکو: نەرێ، جەخت کردن، بەراورد و گومان و هەڵبژاردن...هتد. لە سێیەمیان رستەی سێیەمیش دێت بەدوایدا بۆ ئەنجام.

## ئامرازی گەیەنەر

ئەو ئامرازانەن رستەیەکی شوێن کەوتوو واتە لارستە بە شارستەوە دەبەستێتەوە، بەزۆری دەکەونە سەرەتای لارستەکەوە یا دوای بکەر و بەرکار واتە لە دوای وشەی یەکەم و لارستەکەوە، بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن[2]. ئەمانەن: کە، هەکە، وەختیك، ئەگە، بەشکم، چوینکە، بۆیە، لەبەرئەوە، بۆ ئەوەی، لەوەڵ ئەوەشا، حەتا، وەکی، هەندە، هەرچەندیك، خۆزگە، نەوەکی،... هتد.

وەختیك: وەختیك سەردالەم پایز بەسەرچوی بی

کاتێك سەری لیمدا پایز بەسەرچووبوو.

کە: کە چوێوە ئەڕا ماڵ بەی بویشە

کە چۆوە بۆ ماڵ پێی بڵێ.

هەکە: هەکە دیتیتەی، لەی بسەنەوەی

هەرکە دیتت لێی بسێنەوە.

ئەگە: ئەگە بخوێنیك سەرکەفیك

ئەگەر بخوێنێت سەردەکەوێت.

چوینکە: چوینکە نەخۆشە ئیش بەی نیکریك

چونکە نەخۆشە ئیشی پێ ناکرێت.

لەگەڵ ئەوەشا: لەگەڵ ئەوەشا نەخۆشە دەمی نێوستێك-لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشە دەمی ناوەستێت.

حەتا: حەتا یاکەوە کلك حوشتر گەیکە عەرد

هەتا دێتەوە کلکی حوشتر دەگاتە عەرد.

---

(١) د. رەفیق شوانی، هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

(٢) د. رەفیق شوانی، ل١٠٢.

بۆیە: کاوە بۆیە دویاکەفت نەخۆشبی

کاوە بۆیە دواکەوت نەخۆشبوو.

وەکی: وەکی یاکەوە دنیا خرۆشیك

وەك دێتەوە دنیا دەخرۆشێت.

هەندە: ئەو هەندە هاتوچوی کرد سەرنارەوە

ئەوی ئەوەندە هاتوچۆی کرد سەری نایەوە.

هەرچەندیك: هەرچەندیك دکردم و دکۆشیام بەگوێم نێکرد- هەرچەنێك دەمکردو دەکۆشام بەگوێمی نەکرد.

بەشکم: تو حەوڵدە لەگەڵیا بەشکم بیاکەوە- تۆ هەوڵبدە بەشکو بێتەوە.

نەوەك، نەوەکی: بان خانگەکە بگرە نەوەکی زوی باران بباریێك- بان خانووەکە بگرە نەوەکو باران زوو بباریێت.

## ئامرازی نیازداری (نیاز و مەبەست) و جۆرەکانی

ئەو ئامرازانەن بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنرێن و کۆنترۆڵی واتای رستە بۆ لای خۆیان رادەکێشن، بێجگە لەوەش دەوری جۆراوجۆر دەبینن. ئەم جۆرە ئامرازانەن: ئامرازی سەرسوڕمان، ئامرازی بانگ کردن، ئامرازی وەڵام، ئامرازی خۆزگە، ئامرازی گومان، ئامرازی بێجگە، ئامرازی لێکچوواندن، ئامرازی جەخت کردن، ئامرازی مەرج، ئامرازی جیاکردنەوە، ئامرازی سەرزەنشتکردن[1].

له خوارەوە باسیان دەکەین:

١- ئامرازی سەرسوڕمان، ئەو ئامرازانەن کە بۆ سەرسوڕماندن لە کارو کردەوەی نائاسایی، لە شت و رووداوی سەیر و خۆش و ناخۆش بەکاردێن، وەکو: پەکوح، پیاح، ئائای، وەی وەی، پەکوف، پەح، ئاخ، ئۆخ، ئۆخ، ئۆخەی، ئۆخەیش، عافەریم، دەیها، هەی، حەی، وەیلۆ، هەو، ئەیەڕۆ...هتد.

٢- ئامرازی وەڵام: بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار بەشێوەی ئەریّ و نەرێ بەکاردێن وەك:

أ/ ئامرازی ئەریّ: بەڵێ، هۆو، ئا، ئێ، ها، هۆی، هۆی بەڵێ، با، ئێ، وایە.

ب/ ئامرازی نەریّ: نەخێر، خەیر، نا، نەو، وانییە.

٣- ئامرازی بانگ کردن: ئەو ئامرازانەن بۆ بانگ کردن بەکاردەهێنرێن، ئەمانە دوو جۆرن:

أ/ ئامرازی بانگ کردن لە شێوەی مۆرفیمی بەند، وەکو: (ە، ی، ێ، ینە)

ە: بۆ بانگ کردنی تاکی نێرە وەکو: کاکە، خاڵە، مامە ئەگەر وشەکەش بە بزوێن کۆتاییی بێت ئامرازەکە دەرناکەوێت وەك: مامۆستا، برا، وەستا.

ۆ: بۆ بانگ کردنی تاکی نێرە زۆر بەدەگمەن بەکاردێت زیاتر بۆ بچووکردنەوەی بەمەبەستی خۆشەویستیە لەم زارەدا، وەکو: کاکۆ.

ی: بۆ بانگ کردنی تاکی مێیە وەکو میمی.

ێ: بۆ بانگ کردنی تاکی مێیە وەکو کچێ.

ینە: بۆ بانگ کردنی کۆی نێر و مێیە وەکو: کوڕینە.

ب/ ئامرازای بانگ کردن لە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ: هۆ، هێی، هێ.

---

(١) د. رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، ل١٧٦.

٤- ئامرازی خۆزگە: ئەو ئامرازانە کە بەهۆیانەوە خۆزگەی جێبەجێکردنی کارێك دەکرێ کە لە رابردوودا بکرایا. ئامرازەکانی ئەمانەن: خۆزگە، بریا.

٥- ئامرازی گومان: بۆ گومان کردن لە رووداو و روونەدانی جێبەجێ کردنی کارێك دەکرێت. ئامرازەکانی بریتین لە: بەشکم، لەوانەیە، ئەگە، رەنگە، گونجیك، نێگونجیك.

٦- ئامرازی لێکچواندن: ئەو ئامرازانەن کە بۆ لێکچواندنی دوو ناو یا راناو و کردەوە بەکاردێن کە سیفەت و خەسڵەت و تایبەتێتیان نزیك لە یەکتر یا وەکو یەك بن. نموونە: وەك، وەکیەك، دەمنی، دویشی، ئەڵەی، کوت و مت، عەینەن، هەروەکو.

٧- ئامرازی بێجگە/ جیاکردنەوە: ئەو ئامرازانەن کە ناو و راناو لە رووداو و روونەدانی باس و رووداوی رستەو ئاخاوتن دادەبڕن واتە لە بەشداربوون و بەشدار نەبوونی. وەك: جگە، جگەلە، بێ، بەبێ، تەینا، بەس.

٨- ئامرازی جەخت کردن (تەئکید): بۆ جەخت کردن لە رووداو و روونەدانی ئەنجامدانی کردەوەیەك لەلایەن قسەکەرەوە لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن. نموونە: با، دەبا، دە، دەی، دەدەی، هەر، وا، دەسا، وەختیك کە.

٩- ئامرازی مەرج: ئەو ئامرازانەن رووداو و کار و کردەوەیەك، بە روودانی ترەوە دەبەستن، یا روودنی فرمانی یەکەم مەرج دەبێت بە رووداني رووەمەوە. ئامرازەکانی: ئەگە، مەرج بوك، شەرتە، شەرت بوك، حەتا.

١٠- ئامرازی ئاگاداری (ورياکردنەوە): ئەم ئامرازانە بۆ ئاگاداری و سەرنج راکێشان بەکاردێن واتە بۆ ئاگادارکردنەوەی کەس لە رووداو و کاروکردەوە، بەهۆی ئاخاوتنەوە بەکاردێن. نموونە وەکو: (ئەها، ئەك، دەی، هەی، هێی، وا...).

١١- ئامرازی سەرزەنشتکردن (تەوس)[1]: ئەو ئامرازانەن کە بۆ مەبەستی تەوس پێکدرن بەکاردێن واتە بۆ دەربڕینی گاڵتە پێکدرن یا شکاندنەوە لە ئاخاوتندا. ئامرازەکانی بریتین لە: (ترحێو، شیڕ، چش، تف، دۆیها، زەڕ، جرت و فرت، پف، شیڕ و هۆڕ).

١٢- ئامرازی نەرێ: ئەو ئامرازانەن کە بۆ نەرێ کردنی فرمان بەکاردەهێنرێت. وەکو: نە، نێ، نی، مە. ئەمانە ئاوەڵفرمانی نەرێشیان پێدەوترێت، گرنگ ئەوەیە بۆ نەرێ کردن بەکاردێت، ئەمانە بە شێوە مۆرفیمی بەندن، جۆری تر هەنە بە شێوە وشەی سەربەخۆ هەن و بۆ نەرێکردن بەکاردەهێنرێن وەکو: قەت، قەت قەت.

نموونە: قەت وانێکەم قەت واناکەم

ئیتر قەت قەت وانێکەم

---

(١) د.رەفیق شوانی، لە کتێبی چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، ل١٧٦، دوانزە جۆری ئامرازی لەمانە دیاری کردووە، من ئێستا ئاوەڵفرمانی نەرێ وەکو (نە، نا، نی، مە) بە ئامراز دانانێم و خۆیان دۆخی نەرێن، وشەش پێکدەهێنن، بۆیە لێرەدا یاداشتم نەکرد، بڕوانە لاپەڕە ١٩١.

## وشه پێكهاتن له زاری شواندا

### بەهۆی مۆرفیمەوە

ئەو مۆرفیمانەی كە دەبنە هۆی پێكهاتنی وشە لەم زارەدا دوو جۆرن:

١- مۆرفیمە سەربەخۆكان لێرەدا مەبەست لە وشەی سەربەخۆیە خۆیان وەكو وشەی سادە هەن، وەك: دار، هەمانە، كفت، جفت، ولاغ، دویر، لەرزین، خوین، بین، شوێن، جون (پولكردن)، كاوێژ، ئەسكوی.

٢- مۆرفیمە ناسەربەخۆكان واتە مۆرفیمی بەند (گیرەك-afix) لە پێشگر، پاشگر و ناوگری جۆراوجۆر لەگەڵ وشەیەی سادە یا ڕەگ و قەد وشەی دارێژراو پێكدەهێنن. نموونە:

١- پێشگر + وشەی سادە = وشەی دارێژراو

بێ + حاڵ = بێحاڵ، لاپاڵ، لادڕ، لاجانگ، لاسەنگ، بێ بەرگ، نەكڕ، نەفرۆش، بكوژ، بڕ، ناڕەسەن، شۆرەكات، داوەشیاگ، داچۆڕان، داهەزین، داكەفتن، روی هەڵماڵین، جاكاندنەوە.

٢- وشەی سادە + پاشگر = وشەی دارێژراو

جوان + ی = جوانی، پاكی، كڕیانەوە، سوتیانەوە، مەڕدار، كرمن، جرتن، سووتەن، ڕەقەن، جفتیار، كڕیار، شورتك، پرتك، كوێكە، پرسە، كردە، بردە، خەفتە (خەوتوو)، لا لانەوە، لاواندنەوە.

٣- وشەی لێكدراو: شیوە سوێر، ئومەرمەندان، كورتاندویر، شەونخون، دەمچەفت، گوێلار، دەمەونخون، چاوێشە، سەرو بەچك.

## جۆرەکانی گیرەك

### له رووی شوێنی دەرکەوتنیەوە

**سەرچاوە هەیە گیرەکە وشە دارێژەکان کە لە ئاستی وشەسازیدا هەیە، بەگشتی کراوەتە دوو جۆری وەك:**

**١- گیرەکی نافرمانی: ئەو گیرەکانەن کە تایبەتن بە پێکهاتنی وشەی نافرمانییەوە، وشەی دارێژراوی لێوە پێکدێنن، وەك: ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان. وەك: ەتی، ی، ێتی، ایی، ایەتی، ێنی، انە، ناك، اك، ە، ین، ەر، گ، ك، ەکی، گە، یدە، ۆك، مە، چی، یاگ.**

**ایەتی: سوکایەتی، مەردایەتی.**

**ی: لاری، گێڕی.**

**ێتی: کوڕێتی، بەندێتی.**

**ێنی: کوڕینی، کچێنی.**

**انە: مەردانە، منداڵانە، سەرانە.**

**ایی: بڵندایی، زەردایی، وشکایی.**

**ناك: ترسناك، خەمناك.**

**اك: خۆراك.**

**ەك: کوڕەك، دەستەك.**

**ە: پرسە، کوێکە.**

**ین: بەفرین، پۆشین.**

**ەر: چەپەر، نانکەر.**

**گ: مردگ (مردوو)، زەردگ، خەفتگ.**

**ك: سورتك، پنتك (شتی بچوك)، شورتك (پەتی بچوك).**

**گە: ئاو رووگە، جمگە، پەڕگە، سەرگە (لە سەرگەوە یا کە خوارەوە).**

**ەکی: ۆکی: چنۆکی، کوڕەکی (بەرزایی سەخت و کوڕ).**

**ۆك: چنۆك، گەڕۆك.**

**مە: مەترسی.**

**چی: کارگەچی، خومچی.**

**یدە: گەڕیدە، تەریدە (تاراو).**

**یاگ: غاریاگ، شوریاگ.**

**ندە: دڕندە، کوشندە، جرندە و پرندە.**

**ەوان: بەرخەوان، کارەوان، رەزەوان.**

**ەن: سوتەن، رەقەن.**

**وانە، لویتەوانە، تۆپەوانە.**

**ۆڵ: کرمۆڵ، شڕۆڵ.**

**چە: باخچە.**

**کە: شڕکە، شڕکە و پڕکە، سوتکە، جوتکە.**

## پاشگر لە شێوەی وشە

هەندێك پاشگر هەن لەم زارە لە شێوەی وشەدان، بەڵام بەهۆی وشەی ترەوە نەبێت واتاو ئەرکیان لە وشەسازی پێکهاتنی وشەدا دەرناکەوێت، چونکە واتایان بەندە بە وشەیەکەوە کە بە کۆتاییەوە دەلکێن، نموونە وەك:

دار، دان، جاڕ، باز، زار.

دار: ماڵدار، پارەدار، مەڕدار، مردار، (دار بە واتای هەبوونە).

دان: سەنگوڵدان (زبڵدان)، خوێدان، ئاگردان (دان: بۆ شوێنە).

جاڕ: نەرگجار (لەم زارەدا دەنگی (س) دەرنابڕێت لە رووی رێزمانەوە بەهۆی ئاوازداری دەنگی (گ) تێدەچێت و (س) کپە)، (جار: بۆ شوێنە).

باز: چاوباز، مەکرباز، سیحرباز، بەردەباز.

ئەم پاشگرانە شێوە سەربەخۆی بێ واتان کەچی دەوری پاشگریان هەیە.

٢- گیرەکی فرمانی: ئەو گیرەکانەن کە تایبەتن بە پێکهاتنی فرمان لە رەگ و قەدەوە، فرمانی داڕێژراوی لێ پێکدەهێنن، ئەمجا پێشگر یا پاشگری فرمانی بێت، وەك: هەڵ، د، دا، رو، دەر، بەر، سەر، ەوە.

هەڵ: هەڵشاخی، هەڵكزیا، هەڵپژیام.

د: دچم، دخۆم، دخوارد، دکەیك.

ڕو: روخیام، روشیاین.

ەوە: چوێتەوە، بردەتەوە، بەربوکەوە (پاشگری فرمانییە)

دا: داڕمیا، داچەقی، دافەتیت، دابەزیك.

دەر: دەرچویم، دەری کەم، دەربەست.

بەر: بەربیم، بەرکەفم، بەرکەفتم.

سەر: سەری خەم، سەرکەمەوە، (بەر، سەر) وشەن بەڵام وەکو پێشگر وان).

٣- گیرەکی هاوبەش: ئەو گیرەکانەن کە وشەی داڕێژراوی فرمانی و نافرمانی لە رەگ و قەدەوە پێکدەهێنن بێجگە لە فرمان وشەی تری وەکو ناو، یا ئاوەڵناو یا ئاوەڵفرمان پێکدەهێنن وەك : ب : بیاگ ، بیام .

ب: ناوی بکەر و فرمانی داخوازی و مەرجیش لە رەگ و قەدی چاوگەوە پێکدەهێنن، وەك:

ناوی بکەر: بـ: بکوژ، بخۆر، بڕ، بکێش، بزان، نانبدە.

فرمانی داخوازی: بـ: بچو، بنویسن، بیارەی، بیارن.

فرمانی مەرجی: بـ: بکەفتاگە، بخورداگاین، بڕمیاگە.

نا: نە: نەخۆش، نە بەکام، نەزۆك.

فرمانی نەرێ: نەچوی، نەڕۆیی. ناوی بەرکار: کردگ، بردگ، کەفتە، کەفتگ کوژیاك، خوریاگ، چڕیاگ.

## ناوی ڕەگەز لە زاری شواندا

لە زاری شوانی سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشووری زمانی کوردی ناوی تایبەت بە ڕەگەز هەیە و جیاوازە لە زارەکانی تر، لەم جۆرانەدا دەبینرێن:

١- ناوی ڕەگەزی مێ: دوێت (کچ)، تاتك (بۆ کچی گەنج)، نانکەر، کابان، تاتە (بۆ ڕێزگرتن لە ئافرەتی گەورە)، میمك (پور)، ئاموژن (ژنی مام)، مەڵونێر، شەکەما، نەنگوین (گۆلکە مێی گەورە)، باڕوك (جوجگی گەورەی مێیە واتە نێوان مریشك و جوجگ)، مامر، جاشماکەر، چوتیر، کارەما، تیلەکێش (ئافرەتی مەڵۆ هەلگر)، دەڵ، کاوڕەمێ.

ناوی ڕەگەزی مێی ئەو ناوانەن تایبەتن بە بەکارهێنانی ڕەگەزی مێ.

٢- ناوی ڕەگەزی نێر: تایبەتن بە ڕەگەزی نێر وەك: کاك، کاکە (بۆ باوك بەکاردێت)[١]، ئاموزا، کەڵەشێر، جوانەگا، جاش نێرەکەر، کارەنێر، کاوڕەنێر، تەگە (نێرەی بزن)، نێری، شەکەنێر، پاڵە، سەپان، کەڵ، گەماڵ (نێرەی سەگ)، سەنگۆ (کۆلکەسەنگۆ-نێر).

٣- ناوی دوولایەن: شەك (نێرو مێی مەڕ)، کوتر، سوسکە.

---

(١) لە شوێنی تری ئەم زارە بۆ برای گەورەش بەکاردێت.

## پلەکانی ئاوەڵناو

١- پلەی ئاسایی (چەسپاو) ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگی زمان و زاردا سیفەتی ناو و راناو وەکو وشەیەکی فەرهەنگی نیشان دەدات، بەشێوەیەکی ئاسایی لە زمانەکەدا هەن، وەك: باش، خاوێن، پیس، پاك، رەسەن، جوان...هتد.

٢- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد بەهۆی نیشانەی تایبەت بەخۆیەوە کە (تر)ە پێکدێت بۆ بەراوردکردن لە نێوان دوولادا ناو یا راناو: ئاوەڵناو + نیشانەی بەراوردی پاکتر، کزتر، خاوێنتر، چاپوکتر.

٣- ئاوەڵناوی پلەی بالاّ: بەهۆی نیشانەی (ترین)ەوە یا بەهۆی (هەرە، لە حەموو) لەگەڵ ئاوەڵناوی پلەی بەراورددا پێکدێت وەك:

أ/ ئاوەڵناو + نیشانەی بالاّ (ترین)، پاکزترین، جوانترین، رەسەنترین (زۆرکەم بەکادێت).

ب/ لە حەموو پاکتر، لە هەموو رەسەنتر (لە حەموو + ئاوەڵناوی پەلەی بەراورد).

# بەشی سێ یەم

## رستەسازی

## رستەسازی

رستە: بریتییە لە وشەیەك یا زیاتر بەبێ راناو واتاو مەبەست نابەخشێت، لە نیهادو گوزارە پێكهاتووە.

نموونە:

ئازادم، كوردم

هاتم، دچم

وایە، وانییە

ئـەم نموونانـە رسـتە پێكـدەهێنن چـونكە لـە نیهـادو گـوزارە پێكهـاتوون و راناویـان تێدانییـە، تەنانـەت لـە رسـتەی سێیەمیشدا راناوەكە بریتییە لە (ە) كەسی سێیەمی تاك و نادیارە واتە ئەو شتە یا ئەو قسەیە وایە یا وانییە.

ئەگەر راناوەكانی، ئەو نموونانە لابرێن، رستەكان هەڵدەوەشێننەوەو ئاستی وشە وەردەگرن، كـە بـریتین لـە كەرەسـەی هەڵبژێراوی یا بەشی بنجی رستە، وەك: ئازاد، م، كورد،م، هات، وای، وانی (وا، نـی، ی، ە) كـە بـریتین لـە نـاو، رانـاو، قـەد و راناو، ئامرازی بانگ كردن یا جەخت كردن لەگەڵ راناوی (ە) ئاوەڵفرمانی نەریش.

لە رستەی یەكەم و دووەم و سێیەمدا فرمان نییە و رسـتەی نـاوین یـا رسـتەی باسـن بـەهۆی (هـەواڵ-پریدیكـەیت) لـە سێیەمیشدا ناو یا قەت پێكهاتوون.

بەشی بنجی رستەی نیهاد و گوزارەن یا بكەرو فرمان، لە یەكەمدا ناو و هەواڵ (پریدیكەیت Predicate) وەك:

ئازادم: ئازاد ناو، م: پریدیكەیتە (راناوە) بۆتە گوزارە.

لە دووەمدا هاتم بكەر و فرمانە وەك:

هات: فرمانە، م: بكەرە لە بنەڕەتدا من هاتم (من: بكەرە، هاتم: فرمانە).

لێرەدا بۆ پێناسەی رستە پێویستە ئەوە روونبكەینەوە كە لە ژیانی ئاساییدا رستە، قسەكردنە، لە رێزمانـدا رسـتەن و هـە كەرەسەیەك، قسە و ئاخاوتنی پێكهێنا رستەن.

## بەشە بنچییەكانی رستە

رستە بەگشتی لە دوو بەشی سەرەكی پێكدێت كە ئەو بەشانە دەبنە هۆی پێكهاتنی ئاخاوتن ئەویش نیهـاد و گـوزارەن، بەپێی رێبازی لێكۆڵینەوەی رێزمانی نوێ بەتایبەتی چومسكی رستە دابەشدەكات بـۆ بەشـی گرێـی نـاوی و گرێـی فرمـانی. بەلای منەوە نیهاد و گوزارەكە تەواوترە چونكە مەرج نییە لە هەر رستەیەكدا لە زمانی كوردیدا، بەشـی دووەمـی فرمـانی تیابێت، چونكە رستەی وا هەیە بێ فرمانە گوزارە یا هەواڵ واتە پریدیكـەیت (predicate) كـە لـەناو، جێنـاو، ئاوەڵنـاو، ئاوەڵفرمان، ژمارە پێكدێت. جاكە كە فرمانی نییە و هەرچەندە باس یا گوزارە فرمانیش دەگرێتەوە بەلام رسـتەش هەیـە بێ فرمانە واتە گوزارە (باس-هەواڵ) لە فرمان فراوانترەو فرمانیش یەكێك لە جۆرەكانێتی كە رستە دروست دەكات.

ئەمجا گرێی ناوی و گرێی باس دوو بەشی رستەی بێ فرمانین وەك:

ئەم گوڵە جوانە. رستەكە بریتییە لە:

ئەی گوڵە: گرێی ناوییە (گ - ن) ئەرکی نیهادە.

جوانە: گرێی باسە (گ - ب) فرمانی نییە گوزارەیە.

منداڵەکە لەیرەیە.        گ – ن: منداڵەکە،        گ – ب: لەیرەیە

لەناو ئەم جۆرە پێکهاتنەدا بەشە سەرەکییەکانی پێکهاتەی رستە لە بکەر و تەواوکەر یا نیهاد و تەواوکەر لە بەشی گرێی ناویدایە، لە بەشی گرێی باسیشدا، گوزارەو تەواوکەرە ئەمجا گوزارە فرمان و تەواوکەرێتی، لە نەبوونی فرمانیشدا گرێی باس لە گوزارە و تەواوکەرە لە هەواڵ واتە پریدیکەیت یەکێك لە بەشەکانی وەکو ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و ژمارەیە.

کەواتە بەشەکانی رستە لەناو ئەم دوو بەشە سەرەکییەی نیهاد و گوزارە یا گرێی ناوی و گرێی فرمانی بریتییە لە:

لە بەشی نیهاد: ناو یا راناو نیهاد و تەواوکەرێتی وەك: ئازاد برام، منداڵ ئێمە

ئازاد: نیهادە،        برام: تەواوکەری نیهادە.

لە بەشی گوزارە: ناو یا راناو گوزارەو تەواوکەری وەك ئازاد برام زیرەکە، زیرەکە گرێی باسە لە (ئاوەڵناوی زیرەك + تەواوکەرەکەی (ە)یە)

لە رستەی فرمانی: ئازاد هات        ئازاد (گ ن) بکەرە، هات (گ ف) فرمانە.

ئازاد: گ ن/ نیهاد        هات: گ ب (گوزارە)

کەواتە هێڵکاری پێکهاتنی رستەی باس کە بێ فرمانە بریتییە لە:

گ ن        نیهاد و تەواوکەری + گ ب (گوزارە و تەواوکەری) وەك: ئازاد برام پولیس کوردە. گ ن/ نیهاد: ئازاد برام، پۆلیس کوردە(گ ب)، رستەی فرمانی: گ ن، بکەر و تەواوکەر+گ ف (فرمان و تەواوکەری) وەك: ئازاد برام  دبوکە پۆلیس

گ ن/ نیهاد ئازاد برام        گ ف (فرمان و تەواوکەر) دبوکە پۆلیس

## جۆرەکانی رستە لە رووی پێکهاتنەوە

هەروەکو زمانی ستاندارد سێ جۆرە رستەی هەیە:

١- رستەی سادە: رستەیەکە لە فرمانێك یا هەواڵێك (پریدیکەیت)ێك پێکهاتووە، وەك:

١- تو ڕا مەکتەب چویت        تۆ بۆ فوتابخانە چوویت.

٢- ئەوی لێرە بی        ئەو لێرە بوو.

٣- ئیمە لە بەیانیکیەوە هاتگینەوە        ئێمە لە بەیانییەوە هاتووینەتەوە.

٤- ئیمساڵ باران کەم دباریك        ئەمساڵ باران کەم دەبارێت.

٥- جفتیارەکە عەردەکە کێلابی        جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا بوو.

ئەم رستانەی سەرەوە فرماندارن. لە خوارەوە رستەی باس کە فرمانی تێدانییە بە نموونە بۆ رستەی سادە دەهێنینەوە:

١- تو کوردیت        تۆ کوردیت.

٢- ماڵ باوکم لەورەیە        ماڵە باوکم دوورە.

٣- عاسمان دویرە        ئاسمان دوورە.

٤- کورد ئیمەین        کورد ئێمەین.

٥- ئیوە ماڵداریکەرن        ئێوە ماڵداریکەرن.

٢- رستەی لێکدراو: لە دوو رستەی سادە پێکهاتووە کە دوو فرمان یا دوو هەواڵی تێدایە بەهۆی ئامرازی بەستنەوە لێکدەدرێن. هەندێك جار بەبێ ئامرازیش پێکدێت.

نموونە:

١- من یام وچم                    من دێم و دەچم

٢- باران دبارێك بەڵان (بەڵانەکی) بەفر نێباریك

باران دەبارێت بەڵام بەفر نابارێت.

٣- هاتیش، رۆیشتیش.

٤- نان بخۆ ئینجاکە بخەفە                    نان بخۆ ئەمجا بخەوە

٥- نە دیاك نە دڕۆیك                    نە دێت و نە دەڕوات.

٦- چ بابوك چ باران بۆی دەرچوك وەك بەرزەکی بانان   چ بابێت چ باران بۆی دەردەچێ وەکو بەرزەکی بانان

٧- هەم دخوێنیك هەم عیش کەیك                    هەم دەخوێنیت هەم ئیش دەکات.

٨- یان بۆ یا بڕۆ                    یان وەرە یان بڕۆ.

رستەی لێکدراوی بێ فرمان لە دوو رستەی باس کە لە نیهاد و گوزارە پێکدێن وەکو:

- بە هاوینان لێرەین، بە زستانان لەشارین.
- سەرکەوت سەپانیشە و پێشمەرگەشە.   ئەم رستە لێکدراوانە بێ فرمانن.

٣- رستەی ئاڵۆز: رستەیەکە لە دوو رستەی سادە پێکهاتووە، یەکێکیان لارستەیە بەهۆی ئامرازی گەیەنەرەوە پێکدێت و دەدرێتە دەم شارستەوە کە رستەی سەرەکییە و لارستەکەش واتاکەی بەندە بەوەوەو بە رستەی شوێنکەوتوو دادەنرێت و بەزۆری لە سەرەتاوە دێت. ئەگەریش کامیان پێشتر رووبان دابێت ئەوا دەکەوێتە دوای وشەی یەکەم یا دووەمی لارستەکەوە.

بەهۆی ئەم ئامرازانەوە پێکدێن، کە، ئەگە، ئەگەر، ئەگەرە کونێ، رەمبوك (رەنگبوك)، چوینکە، بۆیە، بۆیەکێنێ، رائەوەی، هەرکەسیك، هەرچی، هەرکامەیان، وەختیك...هتد.

- کە چوی بەم بیشە                    کە چوو پێم بڵێ.
- ئەگەرە کونێ بیاك تۆڵەی خۆم لەی کەمەوە

ئەگەر بێت تۆڵەی خۆمی لێدەکەمەوە.

- هەر کەسیك بچوك بەیا نێرمەی                    هەر کەسێك بچێت پێی دەنێرم.
- چوینکە کەللە شەقە هەر تویش چورتوم دبوك   چونکە کەلەشە هەر تووشی روداو دێت.
- دخوێنیك را ئەوەی سەر بکەفیك                    دەخوێنێت بۆ ئەوەی سەربکەوێت.
- وەختیك بە گویم کرد کار لە کار تەرازیابی                    کاتێك بە گوێمی کرد کار لە   کار ترازابوو.
- وەکی ئیوەهاتن ئەو گەڕیابێوە ڕا ماڵ                    وەك ئێوە هاتن ئەو گەڕابۆوە بۆ ماڵ.

راناوی کەسی سەربەخۆ لە دەوری بەرکاریدا:

راناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاك لە دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆی ئەم شێوە زارەدا شێوەکەی لە (ئەو، ئەوی) دەگۆڕێت بە (وی)، وەك:

- بەوی بیشە                    بەو بڵێ
- لەوی بپرسە                    لە ئەو بپرسە.
- راسپێرەکە بەوییا بنیرە                    راسپاردەکە بەودا (بە ئەودا) بنێرە.
- پارەکە لەوی بسەنە                    پارەکە لەو بسێنە.
- ئەوی دیتم                    ئەوم دیت   (بەرکاری راستەوخۆ)

- دیتمەی                    دیومە

ئـەم رسـتانەی سـەرەوە بـەهۆی یاسـای بـە راناوکردنـەوە دەکرێـت رانـاوە کەسـییە سـەربەخۆکان لابـبرێن و لکاوەکـان جێگایان بگرێتەوە، واتە بە پێی یاسای جێگیرکردنی رێزمانی گوێزانەوە ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێ:

پارەکە لەوی بسەنە                    پارەکە لەو بسێنە

دەکرێت بـەهۆی کـورت بـڕی و خێرایـی و ئاسـانی قسـەکردن دیسـان بـەپێی یاسـای لادان، بـەرکاری یەکـەمی رسـتەکەو پاشان بەرکاری دووەم کە ناڕاسـتەوخۆیە لابـبرێت و تـەنها فرمـان دەمێنێتـەوەو راناوەکـان دەلکێن بـە فرمانـەوە، نموونـە:

لەی بسەنە                    بسەنەی. (ی: راناوی بەرکارە)

# سەرچاوە


١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، لەبەر رۆشنایی فونەتیکدا، بەغداد، ١٩٧٦.

٢- جمعه خورشید، الاگلس الشامل، بەغداد، ١٩٨٧.

٣- حەمیدی ئیزەد پەناه، فەرهەنگی لەك و لوڕ، بەغداد، ١٩٨٧.

٤- د. رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.

٥- د. رەفیق شوانی، (و) هەمزە دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، رۆژنامەی پاشکۆی عێراقی رۆشنبیری، ژ(٣٤٣)، بەغداد، ١٩٩٥.

٦- د. رەفیق شوانی، شوان، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژ(٤)، هەولێر، ١٩٩٩.

٧- د. رەفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٨- د. رەفیق شوانی، چۆنیەتی گەردانکردنی فرمان لە زاری شواندا بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەشی زانستی مرۆڤایەتی، ژ(٣٠)، هەولێر، ٢٠٠٧.

٩- د. رەمزی منیر بعلبکی، معجم المصگلحات اللغویه، ئینگلیزی-عەرەبی، لبنان، ١٩٩٠.

١٠- سعید عریان، واژەنامه پهلوی-پازند، تهران، ١٣٧٧.

١١- عەباسی جەلیلیان، فەرهەنگی باشوور، کوردی-کوردی-فارسی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢- د. غلام حسین کریمی دوستان، کردی ایلامی، بدرسی گویش بدره، سنندج، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠.

١٣- گیوموکریانی، فەرهەنگی مهاباد، هەولێر، ٢٥٧٣ك/١٩٦١.

١٤- موحەممەد جەمیل رۆژبەیانی، هەرێمی شوانکارەی کورد، لە هەرێمی فارس و ئیسفەهان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی ٨، بەغدا، ١٩٨١.

١٥- محەمەد جەمیل رۆژبەیانی، بە باڵای تەئریخی جافا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ(١٣٧)، بەغدا، ١٩٩٦.

١٦- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، بەغدا، ١٩٨٠.

١٧- د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغه النظری، انگلیزی-عربی، بیروت-لبنان، ١٩٨٢.

١٨- د. محمود السعران، علم اللغه مصر، ١٩٦٢.

# پاشکۆ

# پاشکۆی وشە

**پاشکۆی فەرهەنگی وشەی زاری شوان**

**ئانیشك: قورانیسك، قوڕانیسکی دڕیاگە.**

**ئەڕا: بۆ، بۆچی ئەیرە: ئێرە.**

**ئەیە: ئەمە ئاڵشت: گۆڕینەوە.**

**ئەیەندە: ئەوەندە ئیستەرەم: ئێستا.**

**باڕوك: باڕۆك بەلەسە: تاراو، تەریو.**

**جاجگ: بنێشت.**

**باشوکە: باڵندەی باز کە خێرایە بوغاز: سەروچاوەی کانی و ئاو.**

**بۆرە: وەرە باسك: بستو، شوێنکێکی بەرزی ناو زەوی.**

**حێل: گەورە، زل.**

**حوجرە: ژوور.**

**چەرمگ: سپی، چەرمی. دێی چەرمۆ نەك جەرمۆ وشەکە گەرمیانییە .**

**کەوو: شین.**

**شاکانی: حەسودی، ئێرەیی.**

**کفت: هیلاك، شەکەت، کەشەنگ.**

**هێس: خوار، خوارو خێچ.**

**پاین: کۆتایی.**

**پورزال: کەمێك، کەمجوزە، توسقاڵێك.**

**پۆپەشم: بەرماڵ.**

**هۆدە: ژوور.**

**هاچە: دەرەوەی گۆشە دیوار و قوڕنە، سوچ.**

**تیلماسك: پارچە کوتاڵێك بە قەد دوو یەخە یا زیاتر.**

**بیگن: بوونە.**

**بنکەڵ: بڕینی لق و پۆپی لای ژێرەوەی دارو رووەکی گەورە.**

**پاساری: چۆلەگە.**

**پەرچ: بڕینی چل و لقی زیادەی دار.**

**تەیمان: پەرژین.**

**تانوك: تەیمان.**

**حایل: پەرژین، تەیمان.**

**خەلە، خەڵ: گیای بەرزو بڵند، خەلەو خەرمان.**

**بەقا: باوەڕ.**

**پاین: کۆتایی.**

**تەرە: دوورکەوتنەوە، دابڕاو.**

**جەلە: راپێچ کردن، جەلەکردن، واتە بە یەکەوە بەستنەوەی چەند وڵاغێك.**

داگم: داومە.

داگملەی: لێمداوە.

جبیلەت: رەسەن، خەسڵەت.

چەتوین: وریاو بزێو.

چشت: شت.

دەور: پێداچوونەوە.

دەورکردنەوە: پێداچوونەوە.

داشدار: سەرگەورە، سەرۆك خێزان، سەرگەورەی ماڵ، ئامۆژگاریکەر.

خشم: رك و کین.

دیقەت: سەیرکردن، سەیر، تەماشا.

دوێت: کچ.

دەلاقە: دەلاقەی دیوار، دەکرێ بڵێین پەنجەرە، کون و بۆشایی خڕ لە دیوار بۆ روناکی یا بۆ دانانی شت جاری وا هەیە دیوە دەرنییە واتە لایەکی داخراوە.

رەقەن: شوێنی زەوی رەق.

سووتەن: شوێنی سووتاو، زەوی سوتاو.

رنك: گوڵی دڕکەزی (چاوبازە)، تۆوەکەی خاوی دەکرێتە بە ناوکەو چەرەزات واتە قەدو نێرکە کنگرە.

سەرگین: تەپاڵە، ریخی وشکبووی وڵاخ.

ڕمل: سەراب. ڕۆژ .

راژە: داری بان دیوار و سەر حەماڵ.

زاخێر: شوێنێکە کە دەغڵ و دان باش دێنێ.

زەین: سەرنج.

زەینەدەم: سەرنجەدەم، سەیرکردن بە بیرکردنەوە.

زەنگۆڵە: ئەڵقە لە داری میو دروستکراوەی بە شێوەی بازنەیی.

سونجق: سونگی، سنگ.

سنگڵ: بەرزبێت، ناو ژوورێك ناوەندەکەی نزم نەبێت، بەرزبێت و ڕێك بخرێت .

غەور: غەزەب.

شوقەلەت: لە کۆتایی ژووری ناو ماڵدا نێوانی دیوار دەکرێت و بانی دەدرێت و پێخەفی دەخرێتە سەر.

قاس: قەپ، پارچەی بڕاو، قاسێکی لێبدە، قاسێکی هەڵقاچە.

کلیل و کلۆم: کلیل و قفل (کێلون).

کوور: کوێر.

کەوو : شین .

کش : گۆڕینی ئاو و هەوا بۆ ماوەی کەم واتە ( گقس ) ە .

گوندش: شوژن.

گردەواری: پێکەوە بوون، گردبوونەوەی کەس و کار، پێکەوەبوون لە ژیان و هاوکاری هەبێت لە نێواندا.

لینج: کپ، بیدەنگ، دەوترێ گوێم لینجە.

میلوان: یەخە.

ملكى: مەدەنى، ناسەربازى، جلى ملكى لەبەردايە.

نويا: دوا، دواوە.

نوياوە: دواوە.

نەبان: نەواون بە بزن و مەڕيك دەوترێ كارو بەرخەكەى نەوێت.

نەواون: نەبان.

بانوك: ئەو كەسەى كە كارو بەرخ دەخاتەبەر مەڕو بزن و دايكى.

نواڵە: باقە، دەسك، بۆتوتن.

مەڵو: باقە، چەپكێك لەو گەنم و جۆيەى كە بە داس درەو دەكرێ.

سواڵە: باقە، چەپك، بۆ گەنم و جۆ لە درەوكرندا بەقەد ناودەس دوراوەتەوە.

ويلە: هويلە، ويلەكێشان، ويلەى كرد، دەنگ كێشان.

هاودامان: كراسى درێژ بە قەد باڵاى مرۆڤ (دشداشە)، كراسى هاودامان.

پاچك: تايە.

پوش: رەنگى موى رەش و سپى تێكەڵ، وەكو بزنە پۆش.

جرتە: جلى گەورە كە منداڵ لەبەرى بكات و هى گەورەترە.

پاشکۆی

# پەند و قسەی نەستەق و مەتەڵ و  ئیدیەم

# پەند و قسەی نەستەق و مەتەڵ و  ئیدیەم

- بزن بۆ شەوێك جێی خۆی خۆشکەیك.
کی بە قسەی خۆفرۆش کەیك
- ئەگەر بیر بکەیتەوە لە دواڕۆژ – عاقیبەت دیایتەوە سەر کەلاوەی بۆش.
- تەختیکەو تەختانیکە چوار مەڕو بەرانیکە.
- ژن و ماڵ.
- برا لە پشت برا بوك مەگەر قەزا لای خوا بوك.
- مەڕ بێ شوان زوی گورگ خۆیکەی.
- ماڵ خۆم حاڵ خۆم، حەزکەم خۆم، حەزکەم نێخۆم.
- مەڕ ئاوەکی گورگ خۆیکەی.
- چشتێکت نەبووك ئەو چشتە نیاری.
- سەگ خوا غەزەب لەی بگریك نان شوان خۆیك.
- نانمان سورە (نانمان شۆرە).
- لوقمە لە دەم کەفتە خوارەوە، بکەفیکە کۆشتەوە باشترە.
- بچیە کێو قاف یارمەت خوارەوە.
- شەڕ لە شوێم نەك لە توێم.
- خێر بە خوێش نەك بە دەروێش.
- خویك گرتی بە شیری، تەرکی نێکەیك بە پیری.
- تاریکایی مانگ لە ئێوارەوە دیارە.
- وەك کەر دێزە وایە، هەریاکەوە سەر ساحێبی.
- دنیا پێنج و دوو روژێك نییە، چاو بە چاوکەفیکەوە.
- رەجەب سەر پالە بوك، ئیشمان باش دبوك.
- ماڵ قەلب سەر ساحێبی خۆیك.
- خولکت گەنم نانت جوێ بوك.
- نان بدەی بە سەگ نەدەی بە سفلە.
- دەوەن بەدار نێبوك.
- دیاك بیاك نیاك خەوم دیاك.
- گەنم گردو جوێ بلاو.
- مانگا مردو دو بڕیا.
- بزنیك قاڕنیك دوو کەمچك شیری بوك.
- مێش لە دەم خۆی پاس نێکەیك.
- ماڵ لەخۆی نییە مێوان روی لەی کەیك.
- بەڕە لای تەنکێوە دڕیك.
- چ بابوك چ باران هەر لە بەفر کەم دبوکەوە.
- حەتا یاکەوە کلك حوشتر کەیگە عەرد.
- ئەگە بخوێنیك سەرکەفیك.
- ئەڵەی سپێی کراس کۆنە.
- لە چاو پیس بەدویر بوك.

- كوڕ ئەو كوڕەیە زوی بیاكە مەیدان.
- كوێرەكانی نیبوك بەرەز.
- سەرچەفتە.
- دەس جوقیاك (رەزیل، پیسكە).
- قلْناشكە لەخۆی بەشكە.
- سەر دیوار و بن دیوار دوو تروزی و دوو خەیار.
- نە دلْ دبێزیك نە چاو تیر دخۆیك.
- كشە كشە مامرە رشە مێوان شەوێك و دوان خۆشە.
- ئەیەندە حەسویدە چاوی تێر نێخۆیك.
- مالْ لە نو هەوار لە نو.
- دەنگ ئاسیاو لە دویرەوە یاك.
- فەقیانە سپی، بنچك بابردك، ژنت بۆ چۆیە لە برسا مردك.
- سەر دوو بەران لە قازانیك جێی نێبوكەوە .
- گرێی دەست مەخەرە دگان.
- نە حەنەفییم، نە شافعییم، خەلك سمایل بەگییم.
- تو ژن یاری
من شویكەم
تو هاكەی
من هو كەم
- ئەگەر زانا نیت دانا بە
- سەرم بخویك لەوە زیاتر شك نیبەم.
- باوكێك كاتی كە كورەكەی لە پێشمەرگایەتی شەهید دەبێت و تەرمەكەی دەهێننەوە، دەلێت:
ئای كورِم، چوین بۆ دوو دەقە بلویل خوت بە كوشت دای.
-كاتی دوو كەس شەڕ دەكەن یەكیان بەوی تریان دەلێت ( شەرت بوك كوتەكت بەناو شانم بكەفێك) ئەمە لە جیاتی ئەوەی بلێت ( كوتەكم بە ناو شانت بكەفیك).

**خلاصة البحث كتاب المعنون ب ( قواعد لهجة شوان ) دراسة لغوية**

**يعتبر لهجة شوان كلهجة محلية كوردية تنتمي الى مجموعة اللهجة الكوردية الجنوبية كغيرها من اللهجات االمحلية مثل خانقيني ،فيلي ، لكي و كلهوري .....**

**حيث تطرقت في هذا الكتاب الى دراسة قواعد لهجة شوان من المستوى الصوتي و الصرفي و النحوي علما انني انتمي الى هذه اللهجة و التي تستعمل في منطقة شوان الواقعة في شمال كركوك .**

**متوضحا اوجه الشبه و الاختلاف بين قواعد هذه اللهجة و قواعد لغة الكتابة الكوردية بالامثلة التوضيحية.**

**د. رفيق شوانى**
**٢٠١٢/٢/٥**

rafiq.shwany@yahoo.com

**ژیـــــانامەی نـــــووسەر**

- لە ساڵی ١٩٥٣ لە دێی ناروجەی ناوچەی شوانی پارێزگای کەرکوک هاتۆتە دنیاوە .
- قۆناغـە جیاجیاکـانی خوێنـدنی سـەرەتایی لـە دێـی نارۆجـە و رێـدار ، ناوەنـدی و ئامـادەیی لـە کـەرکوك تـەواو کردووە .
- بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٧ زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە .
- لە ساڵی ١٩٨٨ دوای کردنەوەی خوێندنی باڵا یەکەم کەس بووە لە وەجبەی یەکەم و بۆ یەکەمجار ماجستێری لـە زمانی کوردی لـە زانکـۆی سـەلاحەین بەدەسـتهێناوە و نامەکەشـی بەیەکـەم نامـەی ماجسـتێر بـە کـوردی و لەسـەر زمـانی کوردی لە مێژوودا دادەنرێت . لە رێکەوتی (١٩٨٨/٥/٢٢) لە زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر گفتوگۆی لەسەر کراوە..
- دکتورای لە زمانەوانی لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٩٧ تەواوکردووە .
- لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کەرکوك چۆتە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە .
- لە تەمموزی ساڵی ١٩٦٩فەرمانی گرتنی لە ئەمنی کەرکوکەوە لەسەر چالاکی کوردایەتی بۆ دەرچووە .
- لە ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٢-١٩٧٣ بەشداری کردووە لە ئۆردوگای قەڵا سێوکە بۆ هۆشیاری جوتیارانی کورد .
- لە بۆمبارانی قەڵادزێدا لە ١٩٨٤/٤/٢٤ بە سەختی برینداربووە و لە نەخۆشخانەکانی ئێران چاکبۆتەوە .
- لە چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی زمانەوانی ، رۆشنبیری ، ئەنفال و کێشەی کەرکوك لـە کوردسـتان و لـە ئێـران و لە ئامەدی بکوری کوردستان بەشداری کردووە .
- لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ تاوەکو ئێستا مامۆستای بەشی کوردی یە لە کۆلێجی زمان زانکۆی سـەلاحەدین .

**بەرهەمە بڵاوەکراوەکانی :**

١- چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی ، دەزگای موکریان ، هەولێر،٢٠٠١.

ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا ،نامەی دکتورا ،چاپکردنی دەزگای سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٤ -٢

٣- دەردی دووری هەوارگەی وێران ، شیعر و پەخشان ، چاپی یەکەم٢٠٠٣ و، چاپی دووەم ٢٠١١ .

٤-کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ، بنکەی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥-ئەدەب ، کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامە نووسی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتـی رۆشـنبیری ، هەولێر .٢٠٠٨

٦-ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجستێر ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ٢٠٠٨.

٧- زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا ، دەزگای موکریانی ٢٠٠٨ .

٨- وتارەکانم دەربارەی کێشەی کورد ، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن. ك) ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ،٢٠٠٩.

٩- زمانەوانی ، کۆمەڵە وتارێك ، دەزگای موکریانی . هەولێر ،٢٠٠٩.

١٠- وشەسازی زمانی کوردی , دەزگای موکریانی، ٢٠١١.

١١- ڕێزمانی زاری شوان.

له بواری زمانەوانیدا:

١. گۆڕانی باری ئابوری و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ . ژمارە (١٣٢)، ١٩٩٣, ل ٦٨ — ٨٠ .

٢. دەوری ئامرازی "تا" لە زمانی کوردیدا .گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە(١٣٥)، ١٩٩٥، ل ٦٣ — ٦٩.

٣. دەوریت مۆرفیمی "ب" لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، گ: ڕۆشنبیری نوێ ،ژمارە (١٣٨)، ١٩٩٦، ل ٢٢ — ٢٥.

٤. دیاری کردنی ئامراز لە زمانی کوردیدا ، مجلە الاستاژ، جامعە بغداد ، کلیە التربیە الاولی (ابن رشد) ، العدد الحادی عشر ، ١٩٩٨، ل ٥٤٤ — ٥٧١.

٥. چاوگ و فرمان کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، بغداد ، ١٩٩٨، ژمارە ٢٧/ ٢٨، ل ٤٤ — ٧٠.

٦. دەوری ئامرازی "بۆ" لە ڕستەدا لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك ، ژمارە(١) ، ١٩٩٧، ل ١٥ — ٢٢.

٧. هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەویی ، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك , بەرگی ٢ ، ژمارە (٦)، ١٩٩٩، ل ٧٩١ — ٨٠٨.

٨. مێژووی زمانی کوردی لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ , گۆڤاری (کاروان)، ژ(١٤١)، مانگی ٢ ی ساڵی ٢٠٠٠ ، ل ١٠٢ — ١٠٧ .

٩. کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی ، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە (١٢٧)، ١٩٩٨, ل ١٩ — ٢٤ .

١٠. زمانی کوردی چۆن زمانێکە ، گۆڤاری (گوڵانی لاتینی) ژمارە (٩ ، ٨)سیبتامبەری / ١٩٩٩, ل ٧٨ — ٨١.

١١. زاری ناوچەی شوان بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەردا، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە (١٥١)، ٢٠٠٠، ل ٢٥ — ٣٨.

١٢. جیاکردنەوەی هەندێ کەرەسەی ڕێزمانی لە یەکتر ، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٧)ی ئابی ١٩٩٨, ل ١٧٥ — ١٧٩.

١٣. مۆرفیمی "ە" و شێوەی جیاجیای لە ڕستەدا ، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٣٨) ی ئابی ١٩٩٩، ل ٢٣٨ — ٢٤٤.

١٤. با بایەخ بە زمانی کوردی بدەین ، گۆڤاری دهۆك ، ژمارە(١)، ١٩٩٧, ل ٣٥ — ٣٦ .

١٥. با زمانی کوردی بکەین بە زمانی زانست , ڕۆژنامەی پاشکۆی برایەتی ، ژمارە (١٥١) , ئەدەب و هونەر لە ٥/ ١١/ ١٩٩٩.

١٦. با وشە ڕەسەنەکانی کوردی لە دەست نەدەین, پاشکۆی عێراق, ژ (٣٦١), ١٩٩٥/١٢/١٠, ل ٦.

١٧. هەمزە (ء) ، دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا ، پاشکۆی عێراق، ژمارە (٣٢٢)، ١٩٩٥/٢/٢٦، ل.٦

١٨. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کۆن و تازە، پاشکۆی عێراقی ڕۆشنبیری ، ژمارە (٣٤٣).

١٩. سەرهەڵدانی زمانەوانی ، پاشکۆی عێراقی ڕۆشنبیری , ژمارە(٣٤٦) لە ١٩٩٥/٨/٢٧, ژمارە(٣٤٧) لە ١٩٩٥/٩/٣ زنجیرە وتار.

٢٠. جیاوازی زمانی قسەکردن و زمانی نووسینی ، عێراقی ڕۆشنبیری , ژمارە (٣٢١) و ، (٣٢٥)، زنجیرە وتار.

٢١. هەندێك لایەنی گۆڕانی زمانی كوردی ، زنجیرە وتار , هاوكاری ژمارەكانی (٢٣٣٥ , ٢١٤٥ , ٢١٧٠ , ٢١٨١ , ٢١٩٩ )...هتد.

٢٢. سەرنج و تێبینی دەربارەی چەند وتارێكی مامۆستا وریا عمر ئەمین, گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ, ژمارە (١٤٣), ١٩٩٩, ل ٣٠ – ٣٦.

٢٣. زارە جیاوازەكانی پارێزگای كەركوك و كاریگەری ڕاگوێزان بە سەریانەوە ,گۆڤاری: هاواری كەركوك، ژمارە (٥), ٢٠٠١، ل ١٠٩ – ١١٧.

٢٤. دەنگی ڕەسەن و ناڕەسەن لە زمانی كوردیدا ، گۆڤاری هاوكاری , ژمارە (٢٥٦٨).

٢٥. هەڵسەنگاندنی نامەی ماستەری قوتابی ئازاد ئەمین باخەوان بە ناونیشانی (مۆرفیمەكانی "ە" لە دیالێكتی كرمانجی خوارووی زمانی كوردیدا كە لە ڕۆژی ٢٦/١١/ ١٩٩٨ لە كۆلێژی پەروەردەی یەكەم /زانكۆی بەغدا هەڵسەنگێنرا, لە ڕۆژنامەی پاشكۆی برایەتی / ئەدەب و هونەر, ژمارە (١١٣) لە ٥/٢/١٩٩٩ , ل ٣ .

٢٦. پەیوەندی پێكهاتەی نێوان زمان و بیركاری , گۆڤاری زانكۆی سلێمانی , ژمارە (١٠), ٢٠٠٣, ل ٥ – ١٦ .

٢٧. چۆنیەتی ئاوێتەكردنی زارەكانی زمانی كوردی لە زمانی ستاندردا ، گۆڤاری (زمانەوان), گۆڤاری كۆڕی زانیاری كوردستان / تاران, ژمارە (٢), سالّی ١٣٨١ی هەتاوی – ٢٧٠٢ كوردی / ٢٠٠٢ز . ڕۆژانی ٣٠ – ٣١/ ٥/ ٢٠٠٢ , ٩ – ١٠/ جۆزەردانی ٢٧٠٢. تایبەت بە یەكەمین كۆنگرەی زانستی - فێركاری زمانی كوردی لە ئێراندا.

٢٨. جۆرەكانی رستە لە ڕووی بوون و نەبوونی كاتەوە, گۆڤاری (الاستاذ) , زانكۆی بەغدا / كۆلیجی ئاداب, ژمارە (٢٥), ٢٠٠٥.

٢٩. دابەشكردنێكی نوێی زارەكانی زمانی كوردی , گۆڤاری كۆلیجی زمان , زانكۆی بەغدا.

٣٠. پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەشێكە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی , گۆڤاری سابات بەشی كوردی ژمارە (١), ٢٠٠٥, ل .

٣١. كوردبوونی زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی , گۆڤاری كۆری زانیاری عێراق / دەستەی كورد.

٣٢. گەردانكردنی فرمان لە شێوە زاری شواندا بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووێندا.

٣٣. دەربارەی زمانی ستانداردی كوردی، ڕۆژنامەی چاودێر، بەشی یەكەم، ژ(٣١٥) لە (٢٣/٣/٢٠٠٩) ، ل : ٥، بەشی دووەم، ژ(٣١٦) لە (٣١٢) لە (٢/٣/٢٠٠٩)، ل: ٥.

لە بواری لێكۆڵینەوە و وتاری ئەدەبی :

١. ئەدەب و ئەدەبی كوردی و گەشە و گۆڕانی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ, ژمارە (١٤٠) , ١٩٩٧, ل ٤٥ – ٥٢.

٢. پەیامداری لە ئەدەبی كوردیدا ((الالتزام)) ، نووسەری نوێ, ژمارە(١٧), خولی پێنجەم ، ١٩٩٦.

٣. وێنەی هونەری لە شیعری پیرەمێرد دا , گۆڤاری : نووسەری نوێ , ژمارە (١٧) , ل ٢٧ – ٥٠ حوزیرانی سالّی ٢٠٠١.

٤. وێنەی هونەری لە شیعردا ، ڕۆژنامەی (عێراقی ڕۆشنبیری ) ، ژمارە (٣٨١).

٥. بۆچی خانی مەم و زینی نووسیوە ؟ هاوكاری ژمارە (٢٥٩٠).

٦. جوانی و ناشیرینی بە واتا فەلسەفێكەی لە شیعردا , عێاقی ڕۆشنبیری ژمارە (٣٦٤).

٧. واتای فەلسەفی شیعری گۆران , هاوكاری ژمارە (٢٦٥٦).

٨. چۆنیەتی پەیدابوونی شیعرو كۆنترین شیعر , برایەتی ئەدەب و هونەر ژمارە (١٢٠) لە ٢/٤/١٩٩٩ ل.٣

٩. قانیع شاعیری بەرگری میللی چەوساوەكانی كوردستان , لە میهرەجانی شاعیر قانیع لە مەریوان , لە دیداری شیعری قانیع , سلێمانی ٢٧ – ٢٩ / ١٢/ ٢٠٠٥ پێشكەش كراو خوێندرایەوەو خەلاّتی هاوبەشیكردنی وەرگرت.

بەرهەمی مێژوویی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری:

١. بۆچی باری ئابوری ولأتان بەرەو گرانی دەڕوات , کوردستانی نوێ لە ١٩٩٢./٥/٦

٢. نەورۆز ناسنامەو کەلتوری نەتەوایەتی کوردە , لە ڕووی : ئەفسانە ، مێژوویی و ئایینی و نەتەوایەتییەوە, گۆڤاری دهۆك، ژمارە (٢) نیسانی ١٩٩٨.

٣. ئایینی زەردەشتی , گۆڤاری لالش , ژمارە(١٠), ١٩٩٩/٢/٢, ل ١٥٠ – ١٦٨, لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ئایینی و فەلسەفەییە.

٤. دەوری بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی کورد لە دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا, گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٧٥) ، ١٩٩٨، ل ١٢ – ٢٧ بە بۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەرییەوە .

٥. دۆخ و هۆی پەیدابوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ، گۆڤاری (گازی) ، ژمارە(٤٠) ، ١٩٩٨, ل ١٦ – ١٧ .

٦. یەکەم شەهیدی شۆڕشی شێخی نەمر، گۆڤاری : ڕەنگین، ژمارە (٧٣).

٧. نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی و سەرتای خەباتی کوردە , ژمارە (٧٧).

٨. دەربارەی هۆزی ((شوان)) , گۆڤاری : هاواری کەرکوك, ژمارە (٤), ١٩٩٩, ل ٣٥ – ٤٧.

٩. دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە ، گۆڤاری : کاروان ، ژمارە (١٤٢)، ٢٠٠٠, ل ٨ – ١٦ .

١٠. نابێت کۆنفرانسی زانستی کەرکوك بە ئارەززوی تاکەکەسی بەڕێوە بچێت، ر. هەواڵ، ژ( ٢٢٧) لە (٢٠٠٧/٤/٢٨)، ل.٩

١١. بۆ ماڵئاوایی ڤاڵەمەڕە، شمشالیش بێ نازکەوت، هەواڵ، ژ (٣٣١) لە (٢٠٠٩/٦/٦) ، ل : ٩.

١٢- حوسینی میسری و خەمی شار و خەمی هونەرمەندانی خەزان، رۆژنامەی هەواڵ، ژ (٣٣٣) لە (٢٠٠٩/٦/٢٠)، ل :٩.

بەرهەمی سیاسی :

١. حەڤدە دلۆپ فرمێسکی بێدەنگ و دلۆپێکی بە ئاشکرا بۆ رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ , کوردستانی نوێ. ژ(٧٥), ١٩٩٢/٤/٢٤, لاپەرە (٢).

٢. کێشەی بەعەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ , گۆڤاری : سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٢٠), ٢٠٠١, ل ١٧٩ – ٢٤٩, تایبەت بە کۆنفراسی زانستی ئەکادیمی کەرکوك, ڕۆژانی ٣ – ٤/٥/ ٢٠٠١ هەولێر.

٣. بەڤسەی کێ کوردستان سێ جار دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ ڕێکەوتووەو خۆی نەیویستووە , گۆڤاری : گۆڵان , ژمارە (١٩٣), ١٩٩٨.

٤. هەڵوێستی وەفدی کورد لە قاهیرە دا دەبێ چۆن بێ ؟ گۆڤاری : گۆڵان ,ژمارە (١٧٥)، ١٩٩٩.

٥. ئایە کورد لە بوونە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا زەرەرمەند دەبێ؟ گۆڤاری گولان , ژمارە (٢٥٢).

٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد دیبلۆماسیوتی نێودەوڵەتی خۆی بنوێنێ, برایەتی نجیرە وتار ، ژمارە (٢٧٠٦, ٢٧٠٧, لە ٤,٣/ ١١/ ١٩٩٨.

٧. هەڵسەنگاندنی کتێبی ((امە فی شقاق)) گۆڤاری : گازی , ژمارە (٤٣).

٨. هەڵسوکەوتی کورد پێویستە چۆن بێت؟ گۆڤاری : گازی , یەکبوون – کاری سەربەخۆ , ژمارە (١٦), ت٢ ,٢٠٠٠ , ل ٧ – ١٤.

٩. لەکەش و هەوای کۆنگرەی (١٢) دوە بۆ تەبایی ماڵی کورد, برایەتی ,ژمارە (٢٩٥٣).

١٠. بەر لە لێدانی عێراق پێویستە کورد مەسەلەی لەگەڵ ئۆپۆزیسونی عێراقی یەك لایی بکاتەوە, ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٤٦٨)، ل ٣ ، لە ١٧/ ١/ ٢٠٠٢.

١١. مەسەلەی کورد و هەڵوێستی ئەوروپا یا سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا , رۆژنامەی رزگاری, ژمارە(٨٣) لە ٢٠٠٠/٤/١, ل.٤

١٢. جەنگ و گۆڕان و مەسەلەی کورد ، ڕێگای کوردستان، ژمارە(٤٨١), ٢٠٠١/١١/٢٦,ل ٢.

١٣. پەیامداری و سوود وەرگرتن لە توانای دڵسۆز, ڕێگای کوردستان, ژمارە(٤٨٥) , ٢٠٠١/١٢/٣١، ل ٢.

١٤. دەورو ئەرکی ڕۆشنبیری کورد لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا ئەبێ چۆن بێ, ڕێگای کوردستان, ژمارە (٤٩٠) لە ٢٠٠٢/٢/٤, ل ٥.

١٥. کێشەی کەرکوك و ڕاگوازتنی کورد ، برایەتی, ژمارە (٣٢٨٩), لە ٢٠٠١/١/٢٠, ل.٧

١٦. ڕاگوێزان, ئەنفال, ئۆردووگای زۆرەملێ, سیاسەتی سێکوچکەیی سڕینەوەی نەتەوەی کورد و ڤرکردنی , برایەتی , ژمارە (٣٣٦٨) , ٢٠٠١/٤/٢٨ , ل.٧

١٧. لەم کاتەدا پێویستە کورد لە هەموو کاتێکی تر وریاتر بێ , ڕێگای کوردستان , ژمارە (٤٣٩) لە ٢٠٠١/٢/٦, ل.٢

١٨. با لە یادی بۆمبابارانی قەلآدزێدا بالآ گەردانی یەکتربین ، ڕێگای کوردستان , ژمارە (٤٥١), ٣٠/ ٤/ ٢٠٠١, ل.٥

١٩. نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی کۆنی کوردە، ڕێگای کوردستان , ژمارە (٤٤٧) لە ٢٠٠١/٤/٢, ل ١٣.

٢٠. کیف نقیم اتفاقیه اژار ١٩٧٠ م ڕۆژنامەی میدیا باللغه العربیه , عدد(٨٩) لە ٢٠٠١/٣/١٦.

٢١. بەعارەب کردن ، دەرکردن ، داگیرکردنی کوردستان تاکەی ؟ ! ڕێگای کوردستان , ژمارە (٤٩١), لە ٢٠٠٢/١/١١, ل.

٢٢. بوردومانی قەلآدزێم چۆن دیت؟ برایەتی , ژمارە (٣٠٧٥) لە ٢٠٠٠/٤/٢٤ , ل ٦.

٢٣. ئەنفال و ئەنفالی کوردو کاریگەرییەکانی , گۆڤاری : ئەنفال ژمارە (١) , ٢٠٠٢.

٢٤. لە یادی ساڵ ڕۆژی ئۆردوگای ڤوتابیانی کوردستان لە کەرکوك ساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٣ , برایەتی ژ (٣١٤١) , ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٠ , ل.٧

٢٥. ئەنجومەنی نیشتمانی و چۆنیەتی هەڵبژاردن ، کوردستانی نوێ ، ١٩٩٢.

٢٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد بەدەنگدانێکی گشتی داوای سەربەخۆیی خۆیی بکات ، ڕێگای کوردستان ،ژمارە (٥٥٩)ی ڕۆژی ١٣/ ٨/ ٢٠٠٣ ,ل٢. لە سایتی بەرەو ڕێفراندۆم لە ئینتەرنێتەوەش
بلآوکرایەوە.

٢٧. یادی سی ساڵەی دانانی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی , ڕێگای کوردستان , ژمارە (٥٠٤) ی , ٢٠٠٢, ل ١٠.

٢٨. با خەڵکی کەرکوك : شوان ، سالەیی ، ڤادرکەرەم , ڤەرەحەسەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی باوباپیران یان ، ڕێگای کوردستان , ژمارە (٥٦٠) لە ٢٠/ ٨/ ٢٠٠٣,ل.٥

٢٩. داستانی ڕۆژی ٢٠/١٠/ ١٩٨٤ ی دێی چیمەنی شەهیدان , ژمارە (٥) ی هەفتەنامەی کەرکوکی نوێ ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١٥ , ل.٦

٣٠. ١٩٨٥/١٠/١٥ ی ڕۆژی ڕەشی شاری کەرکوك , کەرکوکی نوێ , ژمارە (٤) ی ٢٠٠٣/١١/٤.

٣١. کەرکوك شارێکی خامۆش و فەرامۆش , ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٥٨٥) , ٢٠٠٣/٣/١٧ , ل.٢

٣٢. بەری ڕۆژی کورد بوونی کەرکوك بەبێژنگی کەس ناگیری ، ڕۆژنامەی ((گەڕانەوە)) ، کەرکوك, ژمارە (١٠) لە ٢١/ ٣/ ٢٠٠٤ ، ل.٥

٣٣. مێژووی تیرۆر لە کوردستاندا ، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٥٨١) ی ١٨/ ٢/ ٢٠٠٤, ل.٥

٣٤. شەوی ٣١/ ٣/ ١٩٨٨ ی شاری کەرکوك (ڕۆکێتی بارانی ئێران) , ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٧٦) ی ١٠/ ٤/ ٢٠٠٤ , ل٥.

٣٥. لە یادی ڕۆژی (١٨) ی شوبات و خەباتی ڤوتابیان لە حەفتاکاندا , هەفتەنامەی ڕوانین ژمارە (٢٤) ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٠, لاپەڕە ٩.

٣٦. کەرکوکی کوردان مەسەلەیەك نییە دوا بخرێت ! ڕێگای کوردستان ، ژ(٦٣٧) ٢٠٠٥/٤/١٣ چوارشەممە ، ل ٣.

٣٧. پلەو پایەی کورد لە ناو پێکهاتە وەزارەتییەکەی جەعفەریدا ، ڕێگای کوردستان ژمارە (٦٤١) ، ١١/ ٥/ ٢٠٠٥ , ل ٣.
٣٨. پێکەوە ژیان یا جیابوونەوە ، مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە ، ڕێگای کوردستان ژمارە (٦٤٣) لە ٥/٢٥/ ٢٠٠٥ ، ل ٢.
٣٩. ئێمە بە لێشاو دەنگمان دا — دە ئێوەش بە وەفابن ، جەماوەر , ژ (١٢٦) دووشەممە ١٦/ ٥/ ٢٠٠٥ ، ل٨ .
٤٠. کەرنەڤالی دەنگدان لە کەرکوك ، ڕۆژنامەی هەواڵ ، ژمارە (١٣٠), ٢٠٠٥/٥/٧, ل٢.
٤١. لە یادی (٤٢) ساڵەی شەهیدانی ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ لە کەرکوك ، ڕێگای کوردستان ، ژ (٦٤٧) لە ٢٠٠٥/٦/٢٢.
٤٢. نەك کەرکوك ! بەڵکو عەقڵیەتی شۆڤینییە بۆتە بەربەستی دانانی دەستور ، گۆڤاری گوڵان , ژمارە (٥٤٤) لە ٢٠٠٥/٧/٧ ، لاپەرە (١٣).
٤٣. لە یادی (٣١) ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێدا , ڕۆژنامەی (روانین) ، ژ (٢٧) , ٢٠٠٥ ، ل٣ .
٤٤. چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و گەڕانەوەی ئاوارەکانی بۆ شوێنی خۆیان , کۆنفرانسی تایبەت بە کەرکوك ، ڕۆژانی ٢٥ — ٢٧ / ٨/ ٢٠٠٥ لە لایەن دەزگای خاك و کوردساتەوە , سلێمانی .
٤٥. با ئاڵای کوردستان بەرز بشەکێتەوە ، برایەتی ، ژ (٢٨٥٧) , لە ١٥/ ٧/ ١٩٩٩ ، ل.٣
٤٦. لە ساڵ ڕۆژی شالاوی ئەنفالی چوارەمدا , ڕۆژنامەی برایەتی , ژ (٣٠٨٥) , لە ٢٠٠٠/٥/٨ , ل.٦
٤٧. بەرنامەی بوژاندنەوەی ڕوومای کوردانەی شاری کەرکوك , ژ (٢٦) , ٢٠٠٥ , ل ١٦٧ — ١٧٤.
٤٨- لە یادی ٣٦ ساڵەی کارەساتی ٢٠١٢/٤/٢٤ی قەڵادزێدا، بلاْوکراوەی تایبەت بە یادی کارەساتی ٢٠١٢/٤/٢٤.
٤٩- کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان... پێویستە دەنگ بدەین بە کێ، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٣٦٦) ٢٠١٠/٢/٧ ، ل: ٧.
٥٠- کەرکوك لە نێوان فەرامۆشکردن و بایەخی گەرمی هەڵبژاردندا، هەواڵ، ژمارە (٣٦٩), ئاداری ٢٠١٠، ل: ٧.
٥١- ئەمساڵ نەورۆزی کەرکوك دڵی بە خۆی سوتا، هەواڵ،ژمارە (٣٧٠)، ساڵی ٢٠١٠ ، ل: ٥
٥٢- بۆ کۆچی سوری بووکی شارەزوور، ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٩٠)، ٢٠٠١/٣/٢١.
٥٣- با بان هەڵی سەربەخۆیی کوردستان باز نەدەین، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٤٣٢)،(٢٠١١/٣/٢٧)، ل: ٨.
٥٤- تێشکێك بۆ سەر سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم لە زاخۆوە تاکو خانەقین، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٥٥٧) لە (٢٠١١/٩/٢٥)، ل: ١٤.
٥٥- تۆ بڵێی خەڵکی ناوچە بە عەرەبکراوەکان کوردبن؟! ڕۆژنامەی ئاسۆ، (١٥٥٤) لە (٢٠١١/٩/٢٠)، ل: ١٥.
٥٦- ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق سەرەتای ڕۆژی ڕەشی کوردە، هەواڵ، ژ(٣٦١) لە (٢٠١٠/٢/١٦)ل: ١٢.
٥٧- کەرکوك ئابڕووی نەتەوەییمانە نابێت لە دەستی بدەین، ر. هەواڵ,ژ (٢٩١)، (٢٠٠٨/٨/٩)، ل : ٩.
٥٨- پەکەکە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردییە نەك تێرۆرستی ( دەربارەی لێدوانەکەی قەرەزاوی)، ر. هەواڵ، ژ(٤٦٥) لە (٢٠١٢/٣/٢١).

بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی:-

١- ژیانی من ( یاداشتی ژیان).

٢- زارناسی ( دیالێکتۆلۆجی)، بەرهەمێکی تیۆرییە. لە قۆناغی نووسینی دایە.